# هەژاری مرۆڤ

و

# دەوروبــــەری

یا کارەساتی کۆمیدیاییەك

نووسینی : شێرکۆ هەژار

بەرگی سێیەم

٢٠١١

# هەژاری مرۆڤ

# و

# دەوروبـــەری

یا کارەساتی کۆمیدیاییەك

نووسینی : شێرکۆ هەژار

بەرگی سێیەم

٢٠١١

ناوەرۆك

بەشی پێنجەم : وچانێك، ئاوڕێك و چەند سەرنجێك


٥٣- نەتەوایەتی و چینایەتیی پێشەوا ........................ ٣٣١-٣٣٦

٥٤- قازییەکۆسەکان بازرگانیی‌حەرام بە ریشی پێشەوا دەکەن٣٣٧-٣٤٠

٥٥- ئەی تازە خەباتکاران لەم ساختەیەی جاسووسان ئاگاداربن ٣٤١-٣٤٥

٥٦- سەرۆك بارزانی لە ماڵی هەژار و باسی قازییەك ......... ٣٤٦-٣٥١

٥٧- بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنێك و قازییەك ........................ ٣٥٢-٣٥٦

٥٨- هێدی و شیعرێکی بێ وێنە ........................ ٣٥٧-٣٦٢

٥٩- چەکێکی خوێندنەوەیەکی دۆنکیشۆت ........................ ٣٦٣-٣٦٨

٦٠- "ا"ی چوارەم پیتی ناوی هەژار، "ا"، مردووت نەمرێت

..."ا"، ئێمە باسی "ا" دەکەین..."ا" ........................ ٣٦٩-٣٧٢

٦١- عەقڵ، نەك ئەفسانەو جادوو ........................ ٣٧٣-٣٧٩

٦٢- کەسایەتیی گشتی ........................ ٣٨٠-٣٨٤

٦٣- هەژارو من و خوێندن و تەکنیکی بزن ........................ ٣٨٥-٣٩٠

٦٤- ئەخلاق و نەریت و ئاکاری کوردەواری بەڵێ ... بەڵام ٣٩١-٣٩٣

٦٥- مەبەستی ئەم خانمە لە"گەوادی" چیە ؟ ........................ ٣٩٤-٤٠٠

٦٦- باسێکی هەژار و نەبەز و سەفەرێکی من ........................ ٤٠١-٤١٠


پێرستی بەشێك لە ناوانی ئەم بەرگی سێیەمە .

بەشی پێنجەم

# وچانێک،

# ئاوڕێک

# و

# چەند سەرنجێک

" ژێکاف" لە قۆناغێکی مێژووی کورددا هاتە سەر شانۆی سیاسەت، کە چینی ناوەندیی کورد خۆی لەخۆیدا دەسەڵاتی لە کۆمەڵگایدا زۆر لەم ئابڕوویەی ئەمڕۆی پتر نەبوو.

بەشی زۆری خەڵك ، چ بە قانوونی عەشیرەتی و چ دەرەبەگی یان - بە بەراورد بە ئەوروپا ، بڵێین- نیوە فیۆداڵی دەژیان. ڕەعیەت و مریدانی شێخان و ئەندامانی عەشیرەت لەلایەك و ، دەسەڵاتدارانی لەمێژینە لە بەرامبەردا هەبوون . کاتێك چینێك لە ناوەندی ئەوانەوە، نە لەو دەسەڵاتدارانە و نە لەوانەی پێبەندی ئەوانە و ژێر- دەسەڵاتیان بوون و، دەیانویست بە بیروڕای ترەوە بێنە سەرشانۆ، نەدەکرا مەگەر هەر یەکجار زۆر بێهێز بوونایە.

لە فەرەنسا-بەنموونە-، کاتێك چینی ناوەندی دەسەڵاتی کۆمەڵگای گرتە دەست، هەموو سنعەت و نزیکەی هەموو ئابووریی وڵاتی بە دەستەوە و لەسەرشان بوو، ئیتر دەستەیەکی هەروا مفتەخۆر لە سەر حیسابی ئەوان بڵەوەڕن شوێنی نەمابوو . کوردستان سنعەتی نەبوو و ئابووریش ئاوا بەوشێوەیەی سەدەکانی ناوەندی هەڵدەسووڕا .

دوو شەڕی جیهانی و کۆمەڵێك عاتیفەی نەتەوایەتی وێڕا، تەئسیری ئەوەیان هەبوو کە ڕێکخراوانێکی نوێ بە دروشمی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بێن . بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە چینێکی نوێی ناوەند بە پێوانەی تری پێچەوانەی عورف وعادەت (سەرخانی چینایەتی)ی ئەوسا توانیبێتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت .

کەسێکی وەك حوسێنی فروهێر، هەرچەندە پیشانی داوە کە هەموو سیفەتەکانی ڕابەری دەرەجە یەکی ڕێکخرا- وێکی چالاکی نەتەوەیی کوردی هەبووە، خەڵکێکی زۆری مهابادو موکریانی بەگشتی هاوبیرو هاوڕێکخراوی هەبوون، بەڵام کۆمەڵگای کورد بە" سەرۆك"ی قەبووڵ نەبووە. سەرۆك دەبوو" شێخ"،" خان"،" بەگ"،" قازی"، "مەلا" ... شتێکی لەوتەرحانە بوایە .

ژێکاف، چاری ناچار، دەبوو بەدووی کەسێکی وەهادا بگەڕێت،کە بێت ئەو دەورەی بۆ ببینێت . بەڵام ئەو کەسە کێ بێت ؟ - خۆش بەختانە- بیریان بۆ قازی محەمەد چووە .

بەڵام مەگەر قازی محەمەد هەستی نەتەوەیی هەبووە ؟ ئەگەر هەیبووە، بۆچی ئەویش وەکو ئەم ئەندامانەی تری ژێکاف ڕەگەڵ نەکەوتووە، داوای لە ژێکاف نەکردووە کە شەرەفی وەرگیرانی دە ڕێکخراودا بداتێ ؟

هەژار، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا نووسیویە : ( قازی محەمەد)

" دەسەڵاتی سابڵاغی تەواو لەدەستابو. پێمان خۆش بو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بەلایەوە کەمایەسی بو دەگەڵ چەند ڕەش و ڕوتێکی بێ ناوو نیشان زرمەزلیتانی

بکا".

قازی محەمەد ، بێگومان، دژی کوردایەتی نەبووە، ئەینا دەیتوانی بە ئەو هەمووە دەسەڵاتەی کە- بە قسەی هەژار- هەیبووە دژی ژێکاف رەفتار بکات . ئەوەندە هەبووە هەستی چینایەتیی ڕێگای نەداوە لە " لەدژی ژێکاف رەفتار نەکردن" پتر هەنگاوبنێت .

ئەگەر ئەو هەستە چینایەتیە لەعنەتیە نەبوایە، نەك هەر " چەند رەش و روتێکی بێ ناو و نیشان"، تەنانەت ئەگەر ئاسنگەرێك یا تەنانەت حەمباڵێکی سابڵاغ ئاڵای رزگاریی نەتەوایەتیی هەڵبگرتایە، ئەم دەچوو بە شێوەی سەربازێکی ئەو ڕێبازە دەبووە هاوسەنگەری .

هەژار لەسەر باس دەڕوات :

" هیچ کەسی پایەبەرز بە حوسێن رازی نەدەبو، بەڵام قازی چۆن چاربکەین ؟ ( خەتی ژێر وشە لەمنەوە).

لێرەدا، تاکتیکی " رەشوڕووتان" دەبینین : قازی محەمەد مەرکەزی خۆی لەناو خەڵکدا پێ لە ئێمە گرنگترە، با ئێمە تێیبگەیەنین کە دەتوانین لە مهاباد بەشێکی باشی ئەو بەرەیەی لەژێر پێ دەربهێنین :

" رامانەدەسپاردە ئەندامان و لایەنگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە" .

ئافەریم" رەشوڕووت"، چۆن زانیوتانە شەترەنج لەگەڵ ئەو لایەنە چینایەتیەی عەقڵیەتی قازی محەمەددا بکەن . کە ئەو خەڵکە لە کۆڕی قازی محەمەد بتەکنەوە، ئەوسا تێدەگات کە وا باشترە رەگەڵ قەتار بکەوێت، ئەینا قەتار بەجێیدەهێڵێت و ئیتر مەگەر قسە بۆ دیوار بکات .

" تا وایلێهات کە قازی خۆی هەستی بەوەکردبو حیزب بەهێزەو گاڵتەی پێناکرێ . ئەوسا داوامان لێکرد بێتە حزبەوە . قبوڵی کرد" (چێشتی مجێور ل٦٩).

مائۆتسیتونگ لە تاکتیکێکی شەڕی لەگەڵ باوکیدا لە شوێنێکدا دەڵێت :

" نوختەی زەعفی باوکم تەشخیس‌کردو لەوێوە بۆی چووم لێمداو بردمەوە"!.

" رەشوڕووت"یش قازی محەمەدیان بۆ ژێکاف بردەوە. سەیری بکە ئەوساش قازی محەمەد خۆی داوای نەکردووە بچێتە ریزی " چەند رەش و روتێکی بێناو و نیشان". دەبوو ئەوان داوای لێبکەن و ئەو بڵێت باشە قەبووڵم‌کرد ( ئایا ئەوساش وەکو ئەندامانی تری ژێکاف بە مەراسیم سوێندی خواردووە ؟ لە بەر چاوی کێ ؟ من هیچم لەو رووەوە نەبیستووە) .

لە قۆناغێکدا کە " نەتەوایەتی" و " چینایەتی" کێشەیان لەنێواندا هەبووە، قازی لە سەر دیوارێکی باریکی نێواندا وەستاوە، بەو تاکتیکەی" رەشوڕووتان" پاڵێکی بەلای" نەتەوایەتی"دا پێوەنراوەو براوەتەوە. کەسێکی کە نە لە دامەزرێنەرانی ژێکاف بووە و نە خۆی لەخۆیەوە رووی‌تێکردووە، ئاوا هێنراوەو، بەلەحزەیەك خۆی بە سەرۆکی هەمووان و هەمووشت دیتووەتەوە، چونکە کەسانی پایەبەرز لە کۆمەڵگادا هەر کەسێکی وەهایان قەبووڵ بووە.

پایەبەرز لێرەدا یانی چی ؟ یانی کەسانی- لە باشترین حاڵەتدا- عەشیرەتگەر، دەنا دەرەبەگی چەوسێنەر، شێخی چەوسێنەر، جۆرەها چین و توێژی کە لە خزمەتی ئەوانەدا بوون و "رەش و روتی پایەنزم" یان قەبووڵ نەبووە، ئەینا ئەگەر ئەو چین و توێژانە هۆشی دەرچوون لە ویستی ئەو دەسەڵاتدارە لەمێژینانەیان هەبوایە، ژێکاف منەتی بەو" پایەبەرز"انە نەدەبوو و - بەتەبیعەتی حاڵ- ئەو جۆرە پێویستیەی بە قازی محەممەدیش نەدەبوو، هەر فروهێر خۆی دەبووە پێشەوا.

ئیتر لێرەوە ناوی قازی محەممەد بووە بە " پێشەوا".

چی بە فروهێر گوتراوە ؟ کارگێڕ؟ یا چی ؟ نازانین. نێوانی فروهێرو پێشەوا چۆن بووە ؟ نازانین. فروهێر وەزیفەیەکی رەسمیی دە حکومەتدا هەبووە ؟ مەرکەزی یەکەمی فەرمانی رێکخراو لای ئەو بووە ؟ من وا دێتە بەرچاوم کە نوێنەرانی ئەو چینە ناوەندییە هێندە لە رووی فکرەوە ساکارو پەڕپووت بوون، هەمان کاری زۆر لەو کەسایەتیانەی کارەساتنامەی شەرەفخانیان کردووە : لە میرێك گەڕاون، بە تاکتیکێك وەدەستیان هێناوە، ئیتر - وەك دەڵێن- مۆرو ماشەکەی دراوەتێ و تەواو. حیزبایەتی و میزبایەتی هەر شتێکی مەراسیمیی لێ ماوەتەوە، لەکاتێکدا کە دەبوو چاوەڕوانیمان لەوانە بوایە کە ئەوان هەوڵیان بدایە پێشەوا بە شتێکی مەراسیمیی خۆیان بهێڵنەوە. بەڵام ئەو چین و توێژانەی کە پێشەوا( نەك ژێکاف) یان قەبووڵ بووە و ئێستا بە دەوری پێشەواوە بوون، مەگەر هیچ بیریان لای " نەتەوایەتی" بووە ؟ باقرۆف لە دەستەیەکی" پایەبەرز"ی کوردی گێڕاوەتەوە کە بچنە لای لە باکۆ و بڵێن چیاندەوێت، ئەوانە لەوێ چیان لە دەوڵەتی ستالین داواکردووە ؟ هەژار دەڵێت :

> " باغرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی روسیا گوتبوی چتاندەوێ بۆتان پێکدێنین، یەك دەڵێ شەکر، یەك دەڵێ زینی عروسی، دەمانچە..."

- خۆش بەختانە- ئەو" پایەبەرز"انە ئەو ئیدارە و زیپکوزاکوونییەیان نەبووە دەسەڵاتی تەواوی خۆیان بەسەر

هەموو لایەنێکی هەڵسووڕاندنی ژێکافدا بسەپێنن، لەبەرئەوەیە دەبینین هەژار بە دەمەتەقەیەك مەسخەرەیان دەکات و ئەوە لە " نیشتمان"دا چاپ و بڵاودەکاتەوە . ئەوانیش دیارە قەبووڵ ناکەن ڕەشوڕووتێك دەنگی لە ئاست ئەو بنەماڵانەدا بەرزبکاتەوە . هەژارێکی کوڕی حاجی مەلایەکی تەرەغە چ تەڕەماشێکە باسی بێهۆشیی " فڵان ئاغاو فڵان بەگ و فڵان نازانمچی ..." بکات ؟ ( ڕێك وەکو ئێستا کە بابایەکی وەکو من باسی جاش و جاسووسەکانی" بنەماڵە"ی قازی دەکات، وەکو مار پێوەی دابن زیرەو هاواریان لێ هەڵدەستێ ) .

هەژار کە هەر زۆر لە زووەوە، زۆر پێش ئەوەی ئەو " پایەبەرزانە" بە دەوری پێشەواوە بن ( و پێش پێشەواش)، لە ژێکافدا بووە، لەسەر ئەو ڕووشاندنەی هەستی ناسکی ئەو زاتانە، دەڵێت : " ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ( عەلیاغایەك کە لەسەر ڕێگای بووە) دا بڕۆم و ڕێگەم بۆ شاری سابڵاغ گۆڕیبو" .

هەژار لە چێشتی مجێوردا دەقی هێندێك قسەو ڕەفتاری ئاغاوەتی ئەو سەردەمەی لە دژی نەتەوایەتیی کورد تۆمار کردووە، بەنموونە ڕاسپاردەی ئەو عەلیاغایە بۆ بابەکری سەلیماغایەك کە" نەکا دەغیلی بم فریوی هەتیوەمەتیوان بخوا و کوردایەتی و شتی وا بکا. ئەگەر ئێمە ئەو کارەبکەین ئاغایەتیمان لەدەست دەچێ..." ( چێشتی... ل ٧٠) .

یەکێك لەو ئاغاوەتەی کە چوونەتە لای باقرۆف" قەرەنیاغا"بووە، کە زەبیحیی گرتووە و ڕووس چوون ڕزگاریان کردووە . دوژمنانی ڕەشوڕووتیکورد واتا دوژمنانی کوردو کوردستان و کوردایەتی . خەباتی نەتەوایەتیی کورد بە بێ تێگەیشتنی چینایەتیی شتێکی بێهوودەیە، بە هەمان شێوەی کە خەباتی " چینایەتیی کورد" بە بێ تێگەیشتنی " نەتەوایەتیی کورد" شتێکی بێهوودەیە .

سەیف و سەدریش لەو ماڵەی قازی، ئاشکرایە کە پێش پێشەوا نەچوونە ژێکافەوە . ئیعتیباری عەقڵیەتی چینایەتی ڕایگرتوون تا پێشەوا بە تاکتیکی " ڕەشوڕووتان" بەملادا پاڵی پێوەنراوە . ئەوسا ئەوانیش ڕەگەڵ - کەوتوون . ڕەفتاری ڕۆژانەی خودی سەیف و سەدر لەگەڵ ڕەشوڕووتاندا، ئێمە ئێستا زۆری لێ نازانین . محەمەد تەوفیق وردی ( خەڵکی کۆیە، ئەوسا لە مهاباد مامۆستای خوێندنی سەرەتایی بووە) جارێك گوتارێکی دەربارەی گەندەڵییەك یا بێنەزمییەك لەکاری حکومەتدا نووسیوە . سەیف، ئەو فیلتەنە بەهێزە، وردیی لەسەرئەوە لەبەر چاوی منداڵانیخوێندنیدا بەر زللەیەکی وەها داوە کە وردی بەوە نیوەمردوو کەوتووەتە سەر ئەرز. منداڵ بە چەپڵە و گۆرانی وردییان مەسخەرە کردووە :

" وردی حەمەحوسێن خان وردی"! ( وردەی دووەم بە تورکی واتا " لێیدا") .

ئایا قازی محەمەدخاوەنی زەویوزار و دێهات و ئاغای جووتیارانێك بووە ؟ ئەگەر بووە، پێوەندیی لەگەڵ ئەواندا

لەپێشدا چۆن بووەو، دوای بوونە "پێشەوا" چیی لێ هاتووە ؟ حەسەنی قزلجی (ی کۆمونیست) لای من گوتی " ماڵی قازی فیۆداڵ بوون و دێهاتێکی زۆریان هەبووە" .

بەهەرحاڵ، دەرکەوت کە پێشەوا سەرکۆمارێکی زۆر نموونەیی بوو، قەت لەوەیان باشتر دەستنەدەکەوت. هەڵسووڕاندنی کاروباری‌کۆمار حەقەن نموونەیی نەبووە، بەڵام وێناچێت بۆ هیچ‌کەسێکی تر لەوە باشتر هەڵبسوو-ڕایە. تەنانەت وێدەچێت ئەوسا ئەو تاقەکەسێك بووبێت کرابێت ببێتە سەرکۆماری ئەو کۆمەڵگایە.
ئایا ئەوە کە کلیلی بڕیار لە دەستی ڕەشوڕووتانێکی بەدەوری فروهێرەوە کەوتووەتە دەستی کەسێکی لە بنەماڵەی قازی و "کەسانی پایەبەرز"، لە پەرەسەندنی کۆمەلایەتیدا هەنگاوێکی بەرەودواوە نەبووە ؟
ڕەشوڕووتەکان پێیانوابووە کە هەنگاوێکی ناچاری بەرەودواوەچوونی وەها بۆ دوو هەنگاوی بەرەوپێشەوە چوونی دواتر پێویست بووە؟ ( وەك دواتر کەسانێك ساڵی ١٩٦٠ هەرخۆیان - بەبێ بارزانی و عەشیرەتەکەی - هیچیان بۆ نەدەکرا ،ناچار سەرۆکایەتیی بارزانییان بەشێوەی خۆی، نەك بەوشێوەیەی ئەوان دەیانویست،قەبووڵ کرد)،یان ئیتر کارەکەیان بە تەواوی لەدەست دەرچووە و، ملیان بۆ باری نوێ داوە و، لەژێرپێی "کەسانی پایەبەرز"دا پلیشاونەتەوە و تەواو ؟ ( من - زۆر بەداخەوە- کتێبی " ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی"ی " عەلی کەریمی"یم نەدیتووە، کە دەڵێن کێشەی چینایەتیی لە نێوان هەڵوێستی پێشەواو زەبیحیدا تێدا باس‌کراوە) .

کاتێك هێزی سۆڤیەت لە کوردستان دەکشێتەوە و پێشەوا بڕیاردەدا تەسلیم ببێت، ئایا ئەگەر کۆمەڵگای کورد بەشێوەیەکی تر بوایە و فروهێر خۆی پێشەوا بوایە، هەمان بڕیاری تەسلیم بوون دەدرا یان بڕیاری "ڕەشوڕووتان" جیاوازدەبوو؟ ئێمە لەم کاتەدا هیچ لە کادیرانی ژێکاف نابیسین، ئەوانە لەکوێ بوون ؟ میرایەتیی کوردیان بە ناوی پێشەوا دابوو بەئەم کەسەی کە وا ئێستا کۆتایی کۆمار رادەگەیەنێت، مەگەر کەسێك لەوانە لە شوێنێك نەبوو قسەیەکمان لەبۆ بڵێتن ؟ ئایا ئەو تەسلیم بوونەی پێشەوا کارێکی ڕاست بوو؟ یان دەبوو فەرمانی شەڕی پێشمەرگە بدات و تا دوا دڵۆپی خوێنی دوا پێشمەرگە ( کە دەبوو خۆی بوایە) شەڕی بکردایە (وەکو دوا پادشایە-کی یۆنان، کاتێك "محەممەدی دووەم ئەلفاتیح" ساڵی١٤٥٣ پایتەختی گرتن، پادشا لەگەڵ سەربازەکانیدا لە مەیدانی شەڕدا کوژرا و قەت لاشەکەی نەدۆزرایەوە،- بەحەرفی- خوێن و لەشی وا تێکەڵ بە خوێن و لەشی سەر-بازانی وڵاتی بوو کە لێکنەکرانەوە)، یان دەبوو ڕەگەڵ بارزانی بکەوتایە ؟

دکتۆر قاسملو، لە کاتێکدا کە رقی یەکەمیشی لە ژیاندا لە دوو وشەی " بـارزانی " ( سەرۆك مستەفا بـارزانی) و " کـوردایەتی " بووە، نووسیویە :

" رۆژی ٢٥ ی سەرماوەز مەلامستەفا بارزانی بۆ دواجار چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و داوای لێکرد کە لەگەڵ بارزانیەکان بچێ و ئامادەیی بارزانی‌یەکانی نیشاندا بۆ ئەوە کە لەژێر ئەمری پێشەوادا بن ." ( چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم،عبدالرحمن قاسملو، چاپی دووهەم ١٩٨٨/ ١٣٦٧، ل ١١٦ ) .

جگە لە بارزانیەکان، یەك زەلام بەناوی " حەمەدی مەولوودەچرچە " تەسلیم نـەبوو و، لەگەڵ چەند کەسێکدا بوو بە چـەتـەو دایە چیا و هێزی شا بۆی چارنەدەکرا. مەگەر پێشەواش نەیدەتوانی لەگەڵ چەند کەسێکدا بداتە چیا ؟ ببوا بە " زاپاتا "یەك، هەرکات ئەسپێکی سپیی بێ سوارمان لەو چیایانە بدیتایە بمانگوتایە ئـەوە ئـەو ئـەسپەیە کە پێشەوا بە سواری دەگەرێتەوە، یان ببوا بە " گیڤارا "یەك . ئایا پێشەوا بۆی نەدەکرا وەکو شێخانی بارزان بە دەستوتفەنگی خۆی لەدواییدا خۆی بەسەر شانۆی سیاسەتدا بسەپاندایە ؟

لە مقاوەمەت نـەکردنیش نـاخۆشتر ئەوەبوو کە دکتۆر قاسملو لە پەراوێزی داوێنی ل ١١٦ ی هەمان سەرچاوەدا نووسیویە :

" لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو هەل و مەرجە نالەبارەدا بوو کە قازی محەمەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو، رۆژی ٢٥ ی سەرماوەز لەگەڵ حاجی بابەشێخ و سەیفی قازی بە پیری سەرتیپ هومایەنی‌یەوە چوو بۆ میاندواو " .

پێشەوا، قارەمانانە رووبەرووی سێدارە بووەوە، سەیفیش وەکو ئەو. هەژار دەیگوت سەدر بە رادەی ئەوان نەبووە، بەڵام بەهەرحاڵ، هەرسێك گیانیان پێشکەش بە نەتەوەی خۆیان کردو، بەوشێوەیە جێگای رێزی نەتەوەکەمانن .

دەوڵەتی داگیرکەری ئێران، دوو حەفتە پێش لە سێدارەدانی پێشەوا و سـەیف و سـەدر، یازدە کەس لە سـەرەك عەشیرەتانی لەسێدارە دابوون، دوای ئەم سێیانەش پێنج ئـەفسەری کۆماری لە سێدارە دان . فروهێر گیرا و تا کۆتایی ژیانی زۆرتر هەر لە زیندان و ژێر شکەنجەدا بوو، بەڵام لەسێدارە نەدرا . دەبێت ئەو ئیتر بە کەسایەتیەکی سەرەکی و بناغەیی کۆمار دانەنرابێت ( بە بوونە پێشەوای قازی محەمەد رۆڵ قلْپ بوونەوە) .

# ٥٤- قازییه كۆسه‌كان بازرگانیی‌حه‌رام به ریشی پێشه‌وا ده‌كه‌ن

یه‌كێك له زۆر زیره‌كییه‌كانی دوژمنێكی گه‌وره‌ی كوردو مرۆڤایه‌تی، ئه‌وه‌بوو كه مسته‌فاعه‌لی رزا یا مسته‌فا كه‌مال،ناوێكی خانواده‌یی تایبه‌تی بۆخۆی دروستكرد( ئه‌تاتورك یان ئاتاتورك) و، بڕیاری دا كه هیچ كه‌سێكی تر جگه له خودی تاكی خۆی مافی ئه‌وه‌ی نیه ئه‌و ناوه‌ی هه‌بێت(نه خوشكی، نه ژنی، نه ئه‌ولادی به‌ته‌به‌ننی و، نه ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر له داهاتوودا له نوتفه‌ی خۆیشی ببوونایه) .

سه‌دهه‌زار خۆزیا پێشه‌وا و سه‌یف و سه‌دریش به‌ره‌سمی ( به قانوونێك) ناوی " قازی"یان له‌خۆیان ده‌كرده‌وه و سه‌روناوی تریان هه‌ڵده‌بژارد: "پێشه‌وا"، "سه‌یفی پێشه‌وا" و "سه‌دری پێشه‌وا" و، كه‌سی تری قه‌وموقیله‌یان مافی ئه‌وه‌ی نه‌ده‌بوو ئه‌م ناوانه بۆخۆی به‌كاربهێنێت . با ئه‌و قه‌وموقیله‌یه بۆخۆیان هه‌ر قازی بوونایه، یا بازی، یا بولبولی خۆش‌ئاوازی، یا مازی، یا ته‌ڕه‌پیوازی، كێ چ چیی پێ ده‌چوو .

ئێمه دیتمان كه ره‌شوڕووت به تاكتیكێك قازی محه‌مه‌دیان به‌مه‌لای دیواردا هێناو كردیان به پێشه‌وامان، به‌ڵام زیهنیه‌تی پووچی قه‌وموقیله‌ی ( بیری بنه‌ماڵه و سه‌ره‌ماڵه‌و قوونه‌ماڵه‌ی سه‌ده‌كانی ناوه‌ندیی ئه‌و كۆمه‌ڵگا زۆر سه‌ره‌تایی و دواكه‌وتووه) ده‌بێت ئه‌وه‌ی چۆن دیبێت ؟

بۆ ئه‌و قازی و مازییه قه‌وموقیله‌یه، ئه‌وان پێشتر گرنگ بوون، گرنگبوونیان دیاریی ره‌شوڕووتی مهاباد نه‌بووه، به‌ڵام گرنگیی" بنه‌ماڵه!"كه‌یان به‌وه نوێبووه‌ته‌وه، به‌وه بوون به" القائم بالسلطنه‌ی قه‌دیم وه جه‌دید".

كۆمار رووخا و، پێشه‌واو هه‌ڤاڵانی له سێداره‌دران و، رێكخراوی كورد پێچرایه‌وه- ئیتالیایی‌گوته‌نی- هه‌مووی " فینیتۆ". قه‌وموقیله‌یه‌كی زیهنیه‌ت پووچ له په‌نا تڕوتاواڵاتی ده‌ره‌به‌گیی وه‌ك ماڵی داودبه‌گی‌جاشی جاف و له ژێر ئاڵای بنه‌ماڵه‌ی شاهی هه‌موو ئه‌و بنه‌ماڵه ده‌ره‌به‌گانه، ماڵی" شاهنشاه‌آریامهر" له‌سه‌ر شانۆ مانه‌وه .

لێره‌دا، چی له بنه‌ماڵه چاوه‌ڕوان ده‌كرێت ؟ بچن دژی ئه‌و ده‌ره‌به‌گانه‌ی تر و ماڵی شا ره‌فتاربكه‌ن ؟ یان ئه‌و كاره بكه‌ن كه كردیان، ببن به جاش و جاسووس و " القائم بالسلطنه‌ی جه‌دیده‌كه‌شیان " كه ئێستا ئیتر ئه‌ویش بوو به " قه‌دیم" بخه‌نه سه‌ر ئه‌وه‌ی كه پێش كۆمه‌ڵه‌ی ره‌شوڕووتان هه‌یانببوو، تا بازرگانیه‌كه‌یان له هه‌لومه‌رجی نوێدا به باشترین شێوه هه‌ڵبسووڕێنن ؟

عه‌لی قازی ناو ئێستا به‌ناوی ئه‌وه كه قازییه و كوڕی پێشه‌وایه، ده‌چێته ساواك و ده‌رباری شا، ده‌چێته سیای ئه‌مریكا ،ده‌چێته حیزبی به‌عسه‌وه‌و،- شتێكی كه پێشتر له‌بیرم چووبوو- ده‌چێته ده‌زگای جاسووسیی‌ئه‌ڵمانیشه‌وه،

هەر فریای چوار دەوڵەت دەکەوێت!.

میناخانم قازی!،خۆی بە " سوڵتانە قازی" دەبینێت ، ئەویش کە قازییە و ژنی پێشەوا بووە، پتر لە یەك سەودای دەسەردایە . کچی هەمن و ئەوانە دەبێت " بە قانوونی سەڵتەنەتی قەدیم و دیسان قەدیم!" لەم هەلومەرجەدا بۆ مەرکەز و بەرژەوەندی "بنەماڵە" بزانێت چۆن بە مێرد دەدات . خۆ ئینشاڵڵا ناچێت بیاندا بە " رەشورووتان" ی مهاباد. ئەو رەشورووتانە، بەڵێ کە قازی محەممەدی مێردیان کردبوو بە " پێشەوا"، بەڵام ئەگەر خودی پێشەواش بمابایە، ئایا رازی دەبوو کچی مێرد بە یەکێك لەو چینی رەشورووتانەی مهاباد بکات ؟ من زۆر بەدووری دەبینم چ خۆی و چ کەسی تری " ماڵی" قازی بەوە رازی بوونایە، مەسەلەی ئەڤین و هەڵبژاردنی ئازادی هاوسەر لە هەر چینێك بێت و...ئەو قسانە لای ئەو "بنەماڵانە" لە قوڕ قوڕترو - بە شێوازی سلێمانی - لە حیز حیزترن .

کاتێك پێشەوا - دوای دوودڵییەك - سەنگەری گەلی هەڵبژاردبوو، ئیتر لە خزمەتی گەلی خۆیدا بوو، وێدەچێت تێهەڵدانی کورەکەشی لەناو بازاڕ لەسەر بەدڕەفتارییەکی، هەر بۆ ئەوەبووبێت پیشانی گەلی بدات کە ئەو بەدڕە-فتاریی هیچکەسوکارێکی قەبووڵ ناکات، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە تاقەکوڕی خۆیشی بێت . پێشەوا بەو جۆرە بە شێوەی خۆی بە گەلی گوتووە من ئیتر پیاوی ئێوەم نەك بنەماڵەو نازانمچی . بەڵام دیسان، وێڕای ئەو دڵسۆزییەی پێشەواش بۆ گەلی خۆی، کە بهاتایەتە سەر بە مێردانی کچی، من پێموایە بە هیچ جۆرێك پێوانەی چینایەتیی بنەماڵەی پێشێل نەدەکرد. بەڵام ئەوە ئیتر بۆچوونی منەو - ئاینیەکان گوتەنی- خودا دەزانێت ئەوسا چۆن دەبوو .

بەنیسبەت سوڵتانە قازی، پێویستیمان بەوە نیە خودا پێمان بڵێت چۆن دەبوو، چونکە خۆمان دیتمان چۆن بوو . کچێکی لە کارەساتێکی تاریکدا( کە ئەو بنەماڵانە ئەسراری کارەساتاویی تاریکیان لەوەی رەشورووتان پترن ) - دەڵێن- خۆی کوشتووە . دوو کچی بەزۆر دان بە دوو ساواکیی نیزیکی دەرباری " شاهنشاه آریامهر"، بە دوو کوڕی داودبەگی دەرەبەگی جاشی شا،کە بە رووخانی رژیمی پادشاییعیراق ئیتر لە دەستی رەشورووتانیهەرێمی باشوور رایکردبوو و هاتبوو لە خزمەتی شادابوو . هەمموو موفرەداتی پێویستی بنەماڵە لێرەدا بۆ کچ بە مێرددان هەبوون : دەرباری شا( دەسەڵات و پێوەندییە رەسمیەکان بە ئیدارەی دەوڵەت)، دەرەبەگ و بەگزادەی عەشیرەت (ئەشراف) . بەڵام تۆ بڵێیت هەر ئەوەندە پێوانە ئاساییەی فەرهەنگی بنەماڵەی دەرەبەگی بووبێت و تەواو ؟ یان پتر دە سەری - یا وردتر بڵێین - دە دڵی سوڵتانە قازیدا هەبووە؟

ناکرێت کەمترین گومان لەوەدا هەبێت ئەو ژنانەی کە پێشەوا گاونی، تاك و تەرایەکیان لێ دەرچێت، هەمووی دە ماڵی خۆیدا گاون . بەهەمان شێوە، ناکرێت کەمترین گومان لەوەدا هەبێت کە ژنی پێشەواو کەسانێکی تریش لەو

ماڵەدا بەوکارەیان زانیوە . زۆرتر وێدەچێت میناخانم ئەوەی زۆر پێ خۆش نەبووبێت و، رقێك لەدڵیدا بەرامبەر بەم رەفتارەی پێشەوا هەبووبێت . من هیچ بە سەیری نازانم، میناخانم ویستبێتی تۆڵە لە پێشەوا بکاتەوەو زۆر بە حەرفی گوتبێتی" دەوەڵڵا قـازی شـەرت بێت کچـەکانت بە پیاوی دەوڵـەت ... بدەم"، ئەو جۆرە بیرکردنەوە و توورەبوون و وشە بەکارهێنانە دە ئەو جۆرە بنەماڵانەدا حەقەن هەیەو زۆریش ئاساییە .

کاتێك رژێمی پەهلەوی کەوتە لەرز ،دەیویست هەرکارێك بکات لە مەرگی رزگاربکات . بەهیوای ئارامکردنەوەی رقی جەماوەری رەشورووتیکورد ، پیسترین رەمزی جەورو ئێشاندنی جەماوەر لە بەشێکی کوردستان، کە بریتی بوو لە " سالاری داودبەگی جاف" ی نارده جەهەننەم، ئیعدام کرد .

رژێمی پەهلەوی رووخا ، سەردارو"بنەماڵەکەی" ( کە کچی میناخانمی لە بنەماڵەی قازییش تێدابوو) چوونە بەغدا و بوون بە جاشی بەعسی . ئەوەی کە سالار فریای نەکەوتبوو ، وا بە نسیبی سەردار بوو : ئەنفال کردنی کورد.

* * *

من پێشتر گوتم کۆمار رووخا و، پێشەوا و هەڤاڵانی لە سێدارەدران و، رێکخراوی کورد پێچرایەوەو - ئیتالیایی گوتەنی- هەمووی" فینیتۆ". هەرێمی رۆژهەڵاتیش - وەکو بەشەکانی تری کوردستان - باوەشی بۆ دروشمیکۆمو-نیستان کردەوە . بیروباوەڕی رێکخراوی نـاسیۆنالیستی کورد ئیتر لەئارادا نەما و، تا ئێستاش هیچ لە ئاسۆی هەرێمی رۆژهەڵاتدا دیارنیە بـە بیریدا بهێنێت کە بێتەوە .

حیزبی تودەی ئێران، لقی کـوردسـتـانی خۆی ناونا " حیزبی دیموکراتی کـوردسـتـان" و لقی ئـازەربایجانی ناونا " فرقەی دیموکراتی ئـازەربایجان". مەرکەزی تودە پشتی شکا و، لقەکەی ئازەربایجانیشی کۆتایی پێ هـات . لقی کـوردستانی بە ناوی " حیزبی دیموکراتی کـوردستان" هەر مایەوە و ئیتر خۆی پێوەندیی راستەوخۆی بـە مەرکەزی بزووتنەوەی کۆمونیستی جیهانەوە ( مۆسکۆ و ئەوروپای رۆژهەڵات) هـەبوو، تا بە تێپەڕینی رۆژگـار ئەوەشی نـەما. دکتۆر قاسملو لە چیکۆسلۆڤاکیاوە چووە پاریس و، دوای ئەوە هەر لە یـەکـەم رۆژەکانی رژێمی ئاخوندییەوە،مۆسکۆ و حیزبی تودە بە تـەواوی دەستیان لە دکتۆر قاسملو بەردا و ... لە ئـاخریی ئـاخریدا چاری ناچار دەبوو دەردی هـەتیویی بکێشن و سـەربەخۆ و - سـەیفولقوزات گوتەنی -" پـەرژو بڵاو و بێ سـەرە ماوین لە دەشت و کێو" بەسەربەرن .

ئایا ئەم کۆمونیستە کوردانە لەو ماوەیەدا ئەرکی خۆیان بەجێ هێنا ؟ چینایەتی و نەتەوایەتیی ژێکاف و حیزبی

دیموکرات و کۆمارو پێشەواو بنەماڵەیان بۆ جەماوەر شی‌کردەوە؟ جاشەکانی ماڵە قازی و جافەکانیان بە بەیان لای گەل ریسوا کرد؟ نا، کاتی ئەوەیان نەبوو . بەوە سەرقاڵ بوون کە " خەون و خەیاڵی شاعیرانە"ی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستانمان لە مێشک دەرکەن و فێرمان کەن ببین بە " ئێرانیی دیموکرات ".

ئێستا " حیزبی دیموکراتی کوردستان"ـەکان دەستیان لە " مارکسیزم - لێنینیزم"یش بەرداوە و لە بارەگای خۆیان پێشوازی لە رابەری حیزبی جاسووسی چواردەوڵەت دەکەن، لە قازییەکی کۆسەی کە بازرگانیی حەرام بە ریشی پێشەوا دەکات .

## ٥٥- ئەی تازە خەباتکاران لەم ساختەیەی جاسووسان ئاگاداربن

من پێشتر باسی سەرداربەگی هەمیشەجاشی کوڕی داودبەگی هەمیشەجاشی جافم کرد. داخەکەم، دوو شتم تێدا لەبیرچووبوو کە باسیان بکەم . یەکێکیان گرنگ نیە، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە باسەکەدا هەبوو، کە سەرداربەگ کوردی ئەنفالکردووە . من کە باسی ئەوەم کردووە چەکی بۆ حکومەت هەڵگرتووە، هەموو ئەوانەی کە سەردەمی ئەنفال جاشی چەکداری رژیمی بەغدا بوون، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشداری ئەنفال کراون . خۆ حکومەت هەروا بەخۆڕایی معاشی نەداونەتێ . وێنەی سەرداربەگیجاش لەناو چەکدارەکانیدا کە کوردیان ئەنفال کردووە، لە رۆژنامەکانی ئەوسای بەغدادا بڵاوکراونەتەوە و، من خۆم وێنەیەکم لەوانە لە ماڵپەڕێکی کوردیدا دیتووە .

ئەوەی تری کە لەبیرم چووبوو، باش بوو کە نووسینێکی خزمێکی ئەو جاشە وەبیری هێنامەوە . ئەویش شتێکە کە خەباتکارانی بەئەزموون زۆر چاکی لێئاگادارن، بەڵام باسکردنەکەی بۆ تازەخەباتکارانی کەمئەزموون گرنگە، زۆرگرنگە، یەکجار زۆر گرنگە .

سەرداربەگ کاتێك لە دەرباری شایئێران و ساواکی دەبێت،هەوڵدەدات نێوانی لەگەڵ خەباتکارانی دژی رژێمدا باش بکات . دوای ئەوەش، کە دەچێتە بەغدا و دەبێت بە جاشی بەعسی و کورد ئەنفال دەکات، بە هەمان شێوە هەوڵ دەدات نێوانی لەگەڵ خەباتکاراندا هەبێت و هێندێك یارمەتیشیان دەدات . ئەوە پیشانی دەدات کە سەردار بەگ جاشێکی بچووکی ئاسایی نەبووە، نەخێر، لە باڵاترین ئاستی جاشێتیدا بووە . ئەو کەسانەی کە خاوەن - ئەزموونی خەباتی سیاسیی نهێنی و ئاگاداری فێڵوتەڵەکەی ئیستیخباراتانن، ئەوە زۆر چاك دەزانن . ئەوەی هەر دوژمنێکی رژێمی دیت و وەدووی کەوێت و بیگرێت و ئەوانە، کاری پۆلیس و جاشی بچووکی خوێڕیلەیە . جاشی تری سەروو، وەزیفەی ئاڵۆزتر بەجێدەهێنن . دەبێت پێوەندی بە کۆڕوکۆمەڵانی نهێنییەوە بکەن، متمانەیان وەدەستبهێنن، بچنە ناویانەوە، دەستگای جاسووسی بۆ ئامانجی دوورترو گەورەترو گرنگتریان هەڵدەگرێت .

نموونەی یەکجار زۆر لە دنیای شەڕی جاسووسیەتدا بۆ ئەوە هەن، ئەگەر کاتێك بۆ تۆمارکردنی ئەوانە تەرخان بکەین، دەتوانین کتێبێك بە باسی دەیان نموونەی وەها دابنێین .

ئیستیخبارات، بۆ وەدەستهێنانی متمانەی دوژمنانی، دەکرێت تەنانەت فەرمان بە جاسووسێکی خۆی بدات کە"هێندێك لە خۆمان بۆ ئەو رێکخراوە نهێنیانەی دژمان بکوژە!". ساواك و بەعسی و کوردیش - بەفوونە - ئەو کارەیان ئەوەندە بە خەستی کردووە کە " ئەسکوێی تێناگەڕێت!". جۆرەها چیرۆك لە دنیای شەڕی جاسووسیی

نێوان ئیسرائیل وعارەب و نێوان دووکامپی سەردەمی شەڕی سارد هەن کە شتی زۆر سەیر لەو رووەوە دەگێڕنەوە. ئەو " تاکتیك"ـە! یەکێك لە دەرسە سەرەتاکانی زۆر لە دەستگاکانی جاسووسیی دنیایە .

من لێرەدا نموونەیەکی دەستگای پاراستن (ی شۆڕشی کوردی خۆمان) دەگێڕمەوە، کە زیهنی بێ ئاگایان هێندێك لەو دنیا دڵڕەق و- بەپێوانەی دنیای دەرەوەی جاسووسیەت- بێ ئەخلاقەی کاری ئیستیخبارات وریابکاتەوە :

ئـاشنایەکم لە بەغدا، کوردێکی خەڵکی جزیری هەرێمی رۆژئاوا(ی ژێردەستی سووریا ) بوو، زوو- زوو سـەفەری کورستانی دەکرد و من بە کوردێکی باشـم دەناسی . کاتێکهات کە رەفتاری سـەیرم لێ دەدیت و لێی دڕدۆنگ بووم . بەنموونە، لە بەغدا بە شێوەیەك دەمانچەی لە ژێر کۆتەکەیەوە هەڵدەگرت هەرکەسێکی لێی نیزیك بوایەتەوە پێی دەزانی، بەو شکڵە سینگی دەردەپەڕاندو لە شوێنی گشتی لە خەڵك توورەدەبوو ... ئیتر رەفتاری تەواو لەوەی ئەمنەکانی بەغدای دەکرد. پرسیاری هێندێك لە لاوانی ماڵی حاجۆئاغام کرد( کە لە بەغداو سلێمانی زۆر دۆستم بوون)، گوتیان ئەوانیش پێیانوایە بووەتە جاسووسی حکومەت . ئیتر من هـەمـوو نێوانێکم لەگەڵدا بڕی، تـاکو وێنەکەیم لە رۆژنامەکاندا دیت : حکومەت بە جانتایەکەوە ناردوویە سەرۆك مستەفا بارزانی بکوژێت .

کەمێك دوای ئەوە، رێم کەوتە حاجی ئۆمەران، دەبینم کۆنە ئاشنام لەوێ زۆر بەرێزە، زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێ کردم . کوڕە برایم ئەوە چ باس بوو؟ چیت لێهات؟ چیت بەسەرهات ؟ گوتی : " کەکی شێرکۆ حەیفا من ئەو ملیۆن دینار نەستاند !". کوڕە ملیۆن دیناری چی و شتی چی ؟

برایم، چەند رۆژ سـەرەڕۆییەکانی خۆی بۆ گێڕاومەوە . دوای هەوڵی سـەرنـەکەوتووی رژیمی بـەغدا کە لە رێی شـاندێکی مەلایانەوە سـەرۆك مستەفابـارزانی بکوژێت، پـاراستن بڕیاری داوە کەسێکی خۆی بۆ کارێکی زۆر تایبەتی بخاتە ناو دەستگای جاسووسیی ئەو رژیمەوە، کە ئەو کەسە - وێڕای وەدەستهێنانی چەند زانیارییەکی گرنگ - بـەڵگەی ماددیی دۆکومێنتیی ئەوە وەدەستبهێنێت کە دەستگای مەرکەزیی رژیمی بەغدا ویستوویە سەرۆك بارزانی بکوژێت . ئەو کارە خراوەتە ئەستۆی ئەم کاك " برایم گاباری"یەوە .

ئیتر برایم دەبێت لێرەدا خەللاقیەتی خۆی پیشان بدات : دوژمنانێکی شۆڕش لە مەڵبەندی شۆڕشدا بدۆزێتەوە و یارمەتیان بدات، لە چنگی پێشمەرگەیان دوورخاتەوە، بیانشـارێتەوە و دەریانکات، جاسووسانێکی شۆڕش لە دەستگاکانی حکومەتدا بۆ حکومەت ئاشکرا بکات ( کە - تەبیعی- حکومەت ئیعدامیان دەکات) و... ئیدی، تا متمانەی حکومەت بەخۆی وەدەستبهێنێت . دیارە تەنیا چەند کەسێکی زۆرکەم ئاگایان لە نەخشەکە هەبووە .

برایم، کاربەدەستانی حکومەت قەناعەت پێدەکات کە دەتوانێت سەرۆك مستەفا بارزانی بکوژێت . کاربەدەستا-نی حکومەت جانتایەکی دەدەنێ کە لە خێوەتی سەرۆك بارزانیی بەجێبهێڵێت و دەرچێت، هەلیکۆپتەرێك لە شوێنێك چاوەڕێی بکات و دوای ئەوە یەك ملیۆن دیناری بدەنێ و... ئیتر ئەوەبووە هاتووەو جانتاکەی تەسلیمی ئیدریس کردووەو ... هەتادوایی باس کە لە رۆژنامەکاندا بڵاوبووەتەوە .

ئەفسەرێکی حکومەت تاکو کۆنتڕۆڵی رواندز لەگەڵی هاتبوو، لە رواندز بوو و دەکرا پاراستن بیگرێت. کەچی نەیگرت،" شەکیب ئاکرەیی" بە پەیامێکی بێتەلی ئاشکرای بێ شیفرە بە عونسورەکانی ئەو ناوەی پاراستنی راگەیاند کە بیگرن، کە ئەمە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی واتا با رابکات، برایم لەوە نەدەگەیشت یانی چی، منیش - جگە لە هێندێك تیۆری - بۆم نەچۆوە سەریەك .

برایم لای وابوو کە دەیتوانی بچێت بڵێت بارزانیم کوشتووەو ملیۆن دینارەکە وەرگرێت و بە سەلامەت بشگەڕێتەوە، بەڵام تەبیعی ئیدریس نەیهێشتووە ئەو ئەحمەقییە بکات .

تازەخەباتکارانی کەم ئەزموون!

ئەگەر زانیتان کەسێك پێوەندییەکی بە دوژمنەوە هەیە، شەرت نیە وەکو ئەو ئاغاوەتە بابڵباب جاشە سەگبابانە (سەردارو مەردار) بێت، نا، تەنانەت ئەگەر کەمترین پێوەندی، هەر تەنیا مەرحەبایەکی سادەیشی لەگەڵ هاوسێیەکی سەر بەو دەستگایانە هەیە، خۆتانی یەکجار زۆر لێ بپارێزن، ئەوە یەکجار زۆر لە پۆلیسێکی ئاسایی رژێم خەتەرترە . لە ئاست ئەو جۆرە کەسانەی وەکو سەردارو مەردار هۆشیار بن . کەسێك دەکرێت یارمەتیتان بدات، بەڵام دوژمنی یەکجار زۆر سەختتان بێت و ئەو یارمەتیەی هەنگاوێك بێت بۆ وەشاندنی گورزی زۆرکارەسات لەدواییدا.

هەروەك دوژمن دەیەوێت خەباتکارانێك ماوەیەك بۆ نەخشەکانی خۆی یارمەتی بدات، دەکرێت خەباتکارانێکیش جاشانێك بۆخۆیان بەکاربهێنن، بەڵام ئەوە یارییەکی یەکجار زۆر خەتەری کەسانێکی حیرفەیی شارەزای نهێنیەکانی دنیای جاسووسیەت و دژی جاسووسیەتە، کەمترین هەڵە لە شوێنێکدا دەکرێت نەتیجەی زۆر کارەساتی لێ بکەوێتەوە .

نووسینەکەی خزمی ئەو جاشەی لە یەکەم لاپەڕەی ئەم فەسڵەدا ئاماژەم پێکرد، دەرسی زۆر بەکەڵکی تێدایە، ئەزموونی خەباتکارانی حیرفەیی تێدا دەردەکەوێت :

خەباتکارانێك لە هەلومەرجێكدا زیرەكانە ئەو سەرداربەگە جاشەیان بۆخۆیان بەكارهێناوە كە دەرچن و خۆ بگەیەننە ئەوروپا . ئەو جاشە دوای ئەوە هاتووەتە ئەوروپا، بە هەموو عەقڵی خۆی پێی‌وابووە دەتوانێت لە ئەوروپا خۆی تێكەڵ بە ئەو خەباتكارانە بكات، بەڵام دیارە ئەوان زۆر لەوە بەئەزموونتر بوون هەر بە دیتنیش بیبینن و، بەو حەسرەتەیان هێشتووەتەوە . فەرموو ئەمە دەقی وشەكانی نووسینەكەی خزمەكەی ئەو جاشە :

"لە ساڵی ١٩٩١ سەردارو هاوسەری و منداڵەكانیان (..) سەردانی سوێدیان كرد . لەوێ بە دوورودرێژی باسی بۆكردم كە چۆنی یارمەتی ئەو تێكۆشەرە كوردانەی داوە و تەنێ گازندەی ئەوەی بوو كە هێندێكیان هەر كە گەیشتە ئورووپا دەستدەكەنەوە بە ناووناتۆرە لێدانم كە فلانەكەس بەعسییەو فیسارە (..) ئەمن هیچ چاوەڕوانی پاداش نیم، بەڵام ئەوانیش حەق نییە ئاوا سپڵە بن" .

جاشێكی وەها دەكرێت، بە فەرمانی ئەو سەروویەی خۆی، تەنانەت لەگەڵ خەباتكاراندا بچێتە خۆپیشاندانیش لە دژی ئەو سەروویەی خۆی . ئەو كە خەڵكی ئەو سەروویەی خۆی بۆ ئەو سەروویە بكوژێت، ئیتر خۆپیشاندان چیە ؟ بەوجۆرە زۆرچاك دەكرا سەرداربەگی جاش لەو سەفەرەی ئەوروپایدا تەنانەت بەشداری خۆپیشاندانی دژی رژیمی بەعسیش بوایە .

ئەو جاسووسەی ئیسرائیلی كە گرنگترین دەوری دە شكستی ١٩٦٧ی میسردا هەبوو، وا دەستی پێكردووە، دوای ئەوە بە قاچاغ چەكی گرنگی گەیاندووەتە دەستی رژیمی جەمال عەبدونناسر( كە ئیسرائیلیی زۆریان پێ كوژراوە) و چیهاو چیهای كردووە تا خۆی‌گەیاندووەتە جەرگەی سەنگەری میسر، تا لەوێوە كارەسات بەسەر میسر بهێنێت، ئەوەبوو ئەو كارەساتەی بەسەر هێزی هەوایی میسرو نەتیجەی شەڕەكەدا هێنا . ئەو لە میسرەوە سەعاتی سیفری هێرشی بۆ موشێ دایان بڕیار دا .

من داوای لێبوردن دەكەم كە لە باسی ئەو جاشەدا ئەم لایەنە زۆرگرنگەم لەبیرچووبوو كە بڵێم ئەو جاشە چۆن ویستوویە بە یارمەتی و خۆ خزاندنە ناو خەباتكاران دەوری زۆر گەورە بۆ داگیركەرانی نیشتمانمان ببینێت . خودی سەردارێكی سەگباب ئیتر لێرەدا مەسەلە نیە، مەسەلە لە گرنگیی ئەزموونی ئەو نموونەیەدایە، كە دەرسی گرنگی بۆ خەباتكاران تێدایە، دەرسێكی پێویست كە لە كۆبوونەوەی شانەكاندا بخوێندرێت .

نازانم من بە ئەو هەمووە ئەزموونەی خەباتی زۆر نەهێنییەوە، ئەوەم چۆن لەبیرچوو، تاکو باش بوو خزمێکی ئەو جاشە خۆی ئەوەی بەو نووسینەی وەبیرهێنامەوە . ئەگەر ئەو نووسینەی نەبوایە لەوانەبوو ئەم ئامۆژگارییە یەکجار زۆر گرنگەم وەبیرنەهاتایەتەوە .

خودایا ، قەت مرۆڤ مەکە بە جاش، بەڵام ئەگەر هەر کردت، با خزمێکی ئاواشی هەبێت و فریامان بکەوێت لەبیرچوومان وەبیر بهێنێتەوە .

## ٥٦- سەرۆك بارزانی لە ماڵی هەژار و باسی قازییەك

هەمووی چەند حەفتەیەك بوو رژێمی پادشایی عیراق رووخابوو، سەرۆك مستەفا بارزانی لە بەغدا بوو، دوای نیوەشەوێك بوو، هەژار هاتەوە ماڵ و بە هەناسەبڕکێ و ورووژانەوە گوتی " هەستن، بارزانیم لەگەڵە". زوو دوای ئەوە" فەرموون- فەرموون"ێکی گوت و، سەرۆك مستەفا بارزانی هاتەژوورەوە . شێخ محەممەدسادقیشی لەگەڵدا بەدووی ئەوەوە هات . هەردوو لەسەر تەختێکی دانیشتن ( نیمکەت) دانیشتن . هەژارو ژنی و من و براکەم لەسەر تەختەکەی تر . ژوورەکە بچووك بوو و هەر بەو دوو نیمکەتە و مێزێکی بچووك کە رادیۆیەکی لە سەر بوو، پڕ ببۆوە .

ژنی هەژار ویستی بچێت چایەك سازکات، سەرۆك بارزانی گوتی :

" نە، دانیشە" (تاقە وشەی بە شێوازی سۆرانیی کە سەرۆك بارزانی لەو سەردانەیدا بەکاریهێنا)

ئیتر هەژاریش ئەوەی دووپات کردەوە : " دانیشە" .

سەرۆك بارزانی، کەوتە(وە) قسەکردن بۆ هەژار، کە دیاربوو درێژەی بە قسەیەك دەدا کە لە رێگا دەگەڵ هەژاردا کردبوویەوە . یەکەم عیبارەتی ئەوەبوو کە :

" ئەز ل هەر دەرەك دبووم رەحیم قازی ددیت، جەحسووسی ل من دکر"

لێرەدا بە دەموچاوێکی زۆر تووڕەی سوورهەڵگەڕاوەوە کەمێك وەستا و ئەوجا گوتی :

" ما رەحیم کی بوو ؟ ل مەحکەمێ دەرکەت قووندە بوو"

هەژار بزەیەکی هاتە سەرلێو و یەك قوڵپی پێکەنینێکی نەرمیش .

ئەوجا سەرۆك بارزانی چاوێکی بە هەر چوار دیواری ژوورەکەدا خشاند و، هەستا سەر پێ و سەیرێکی ئەو وێنانەی کرد کە بەودیوارەوە بوون کە لە دانیشتنیدا پشتیتێکردبوو و، گوتی :

" هەژار ئەڤ کینە ؟ "

هەژار پێیگوت کە " ئەوەیان رەسمی بابمە و ئەوەیان خۆمم بە فەقێیەتی، ئەوەش وەفدێك بووین چووینە لای کەریم قاسم و رەسمی لەگەڵداگرتین" .

سەرۆك بارزانی بە وردی سەیری ئەم رەسمەی دواییني کردو پرسیاری یەکێك لەوکەسانەی کە دە وێنەکەدا بوون لە هەژار کرد:

" ئەڤ کییە ؟ "

هەژاریش پێی گوت کێیە .

رەسمێکی سەرۆك بارزانی ( بەرهەمی بەدیع باباجان ) لە چوارچێوەیەکی جواندا لە سەرووی ئەو وێنانەوە بوو، سەرۆك بارزانی وایکرد وەك هەر نەیدیتبێت .

ئیتر سەردانەکە هەر ئەوەندە بوو، زۆر کەمی خایاند، باسی" جەحسووسی و قووندەیی رەحیم قازی " و باسێکی ئەو رەسمانە بوو و تەواو . سەردان کۆتایی هات و سەرۆك بارزانی رۆیشت . دیارە هەژاریش بۆ بەرێکردن تا لای ئۆتومبیلەکەی لەگەڵیدا چوو .

ئەوماڵەی هەژار لە کۆڵانێکی گەرەکێکی کۆنی بەغدا بوو، کە لە سەردەمی عەباسیەکاندا هەبووە، گەرەکی " الفضل " بە ناوی " الفضل بن سهل "ی وەزیری " المأمون "ی کوڕی " هارون الرشید "، ( نازناوی " فەزلی " ی " شوکری فەزلی "ی شاعیر لە ناوی ئەم گەرەکە وەرگیراوە،کە دایکی ئەم شاعیرەمان عارەبێکی خەڵکی ئێرە بووە) . کۆڵانەکە (دربونة المصرف) دەوری نیوکیلۆمیترێك درێژ بوو و دەرنەدەچوو، هەر بۆ خەڵکی کۆڵانەکە بوو، ئەگەر غەریبێك بەوێدا بڕۆیشتایە وادەبوو رادەگیرا و، پرسیاری لێ دەکرا کە بۆ لای کێ دەچێت و، دەبوو ئیسپاتی بکات کە وەهایە تاکو - بە زاراوەی خەڵکی کۆڵانەکە - " پێستی نەنێرن بۆ دەبباغ"! .

کۆڵان زۆر تەسك بوو، بەتایبەتی ئەو بەشەی دواییی کە ماڵی هەژاری لێ بوو ئەوەندە تەسك بوو کە ئەگەرهەژار بەو ورگ وگەدو گیپاڵەی پێدا بڕۆیشتایە، بەهاسانی جێی کەسێکی دی لە پەنایدا نەدەبۆوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوکەسە زۆر لەڕو باریك نەبوایە، ئەوا دەبوو یا لە دوویەوە یا لە پێشیەوە بڕوات، کەواتە بەهیچ جۆرێك نەدەکرا ئۆتومبیلی تێچووبایە . سەرۆك بارزانی ئیتر ئۆتومبیلی لە سەری کۆڵان جێهێشتووەو بە پێ کۆڵانی دەوری نیو کیلۆمیتریی تەسکی پیسی کۆنی بەغدای بڕیوە تا سەر لە ماڵیهەژار بدات . هەرچەندە سەرۆك بارزانی دوای نیوەشەو هاتبوو، بەڵام بۆ بەیانیەکەی، خەڵکی کۆڵان چ باسێکی تریان نەبوو جگە لەوە کە شەو پیاوێکی گرنگ هاتووەتە ئەو ماڵە و چۆن حەرەسەکانی لەبەردەرگای ئەو ماڵەو شوێنی تری کۆڵانەکە بوون .

سەرۆك بارزانی، جنێوی دەدان و وادەبوو لە خەڵکیشی دەدا (- یەك نموونە لە زۆران - جارێك لە ماڵی کاکە زیاد ئاغا لە کۆیە بە کڵاش لە دەموچاوی سەعیدقەزازی داوە،کە ئینگلیسەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوو تا گوایا سەرۆك

بارزانيى پێ بترسێنن) .

چەند بارزانیەك سەردەمێك(١٩٦٠-١٩٦١) لە بەغدا هاوسێی ماڵی هەژار بوون و هاتوچۆیاندەکرد ، سیامەندو مەلکۆ( تاقمی برایم ئەحمەدو تاڵەبانی ساڵی ١٩٦٤هەرتکیان کوشتن، سەرۆك بارزانی لە وەڵامی ئەوەدا فەرمانی هێرشی سەر ماوەتی دا)، مەلا حسەن ( ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا ئیعدام کرا) و، چەند کەسێکی تریش کە لەگەڵ بارزانیەکاندا چووبوونە سۆڤیەت ( بێجانی شکاك و برایمی خزمی، بەهجەت ئاکرەیی) . هەرکاتێك لای هەرکام لەوانە ناوی" رەحیم قازی" دەهات، دەستبەجێ هەر لەگەڵ بیستنی ئەو ناوەدا دەیگوت : " رەحیم قازی ... ئەوێ قووندە ؟ " .

سەرۆك مستەفا بارزانی، چەند حەفتەیەك دوای ئەو سەردانەی لە ماڵی هەژار، هەژاری ناردە سۆڤیەت .

هەژار لە پتر لە شوێنێکی " چێشتی مجێور" دا، لە بیرەوەریەکانی ئەو سەفەرەی سۆڤیەتی، باسی رەحیم قازی دەکات .

کاتێك هەژار لە مۆسکۆوە دەچێتە باکۆ، ئەم رەحیمەش لەوێ دەبینێت :

" لەومەجلیسەدا قسەکرا، یەکێ گوتی : کوردستان ئازاد دەبێ، رەحیم قازی رەئیسە و هەژار وەزیری فەرهەنگە .

گوتم : رەنگە رەحیم بەوە دڵی خۆش بێ، بەڵام من دەزانم تا چینی من و دوای منیش لەم رێگەیەدا نەمرین ئەو خەونە وەدی‌نایە . هەرگا کوردستان ئازاد بێ، پیاوی وەکو من و رەحیمی بە پوشێك ناوێ . ئێمە خۆمان کردۆتە بوتی زەمانی جاهلی ( دەم خۆش، سەد ئافەریم هەژار - شێرکۆ) . وا من هەر لە ئێستاوە ئیستیعفام لە وەزارەت دا...

بێجێی نازانم کورتەباسێکی رەحیم قازی بکەم :

بنامۆزای پێشەوا قازی محەمەد ، برای حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی‌یە(..) بەرلەوە بێمە مۆسکۆ ( هەڵەیەکی هەژار یا هی چاپ لێرەدا هەیە، مەبەستی : بەرلەوە بێمە ئێرە ( باکۆ )، لە مۆسکۆ - شێرکۆ) لە ئاسایشگا هاتەلام . پاش چاردەساڵ یەکترمان دیتەوە . هەردوکمان قەڵەوتر ببوین و ئەو زگی لە من زلتر بو . لە قسانی بۆنی ئەوە دەهات کە لە جێی پێشەوا بکرێتە سەرۆکی‌کورد .

گوتم : " کاکە! بارزانی لە مۆسکۆ بو، لە جزیرەی سوریا رۆژێك شوانێکی یەزیدی و خاوەن-

مـەرێك چەققەیان بو كە فڵانە مەڕت دزیوە، درۆدەكـەی گـورگ نـەیخواردوە . شـوانەكە زۆر سوێندی بە شێخ هادی و بول قاسم خوارد ، بەهرەی نـەبو ، گوتی « سوێند بە سەری مەلامستەفا بـارزانی من نـەمدزیوە»، كابرا گوتی دڵم پابۆوە... ئـەمڕۆ لە سـەرانسەری كوردستاندا ناوی بارزانی لەسەروی هەمو ناوانە، باوەڕناكەم تۆ بتوانی ئەو شوێنە بگریەوە...'' .

(چێشتی مجێور ل٣٤٢-٣٤٣)

هەژار ، حەقمەن ئەوەی بۆ بارزانی نەگێڕاوەتەوە، ئەینا بارزانی هەڵدەستا و یەك شەقی دە قوونی هەڵدەدا :

'' تۆ منت بە جەحسووسێكی قووندە پێواوە كامان بۆ سەرۆكایەتیی كوردستان دەبین ؟ ها سەبابێ سەی ؟ ''.

هەژار لەسەر باس دەڕوات :

'' دەعوەتی مۆسكۆیەشم هەر ئەو( مەبەست لە مۆسكۆوە بۆ باكۆ هەر رەحیم - شێركۆ) پێكیهێنا . هـەر گەیمە بـاكۆ، ئـازەربایجانی و كـورد باشیان بـاس نـەدەكرد . دەیانگوت پیاوی دەوڵـەتی مـەركەزیە و زۆر كـەس لە هاووڵاتیانی ئـازەربایجانی بەگرتن داوە كە لە حـەبسدا فـەوتاون . سەرەڕای ئەوەش (..) ''. ( چێشتی مجێور ل ٣٤٣)

هەژار ئەوجا باسی غولام یەحیا و ترسی لە رەحیم دەكات ( بڕ- ل٢٧٦ی ئەم كتێبە) .

هەژار جارێك كیژێكی زۆرجوانـ(دلارام خانم)ـی قانیع كردووە كە بچێتە لای، ژنی عەلی گەلاوێژ لێی‌تێكداوە . ئەوجا :

'' لە ئوتێلەكە خەبەرێك لە من درابو كە ئـەوسا باوەڕم‌كرد رەحیم چـاودێری بزوتنەوەی خەڵكی بـاكۆیە و كە لێی‌دەترسن بە خۆڕایی نـیـە . خـەبەریش ئەوەبو : پاش ئەوەی ژنی عەلی گەلاوێژ دلارامی لێ تاراندم، رۆژێك تەلەفۆنی‌كرد :

ـ دڵت لێم رەنجاوە ؟

ـ كارێكی نالەبارت كرد...

ـ دەسا وا دێم ئاشتت دەكەمەوە

ـ كەنگێ ؟

ـ سەعات چوار دێم، بەتەنیاش دێم

نەهات . شەو دەگەڵ عەلی هات، زۆریش كزو تورە دیاربو. حەمەد گوتی : رەحیم گوێی لە قەول

و قەرارتان گرتوە، هەرەشەی لێکردوە بۆیە نەیتوانیوە بێتە لات .

ـ چۆنی زانیوە ؟

ـ هەرکەس لە تەلەفۆنی ئوتێلەکە قسەبکا دەبێ ئەو بیزانێ . "

دە فەرموو دەی، سەیری ئەو خەڵکە بێ‌فەرە بکە، وەك هیچ ئیش‌وکارێکی تریان لە ژیاندا نەبێت جگە لە تێکدانی بەزم لە پیاو .

" (..)

سەعات یەك، سوڵتان وەتەمیشی بە تەلەفۆن گوتی :

ـ هەمزە عەبدوڵڵا و جەمال حەیدەری چونە لای سۆلسۆف (سۆسلۆف؟ - شێرکۆ)، زۆریان خراپەی بارزانی گوتوە! مزگێنی بدە بە رەحیم !!

ـ هەر خۆت بە تەلەفۆن پێی‌بڵێ...

لە ئاسایشگای گێرتسن نامەی رەحیمم بۆ هات، بیست و هەشت هەزار روبڵەکەم بیو بە بیست و دو! لە نامەیێکی دیکەدا هەژدە بو، جاری سێهەم ببوە دوازدە (..)" ( چێشتی مجێور ل ٣٤٣-٣٤٤)

* * *

بە رووخانی رژیمی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری رژیمی ئاخوندی، دکتۆر قاسملو و هەڤاڵانی ماوەیەك بوون بە خاوەن دەسەڵاتی یەکەم لە موکریان. رەحیم گەڕایەوە مهاباد و، جارێك بە ناوی ئەوە کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە قسەی لەگەڵ رۆژنامەنوسێکدا کردبوو. دکتۆر قاسملو بەوە یەکجار زۆر تووڕە بوو و لە سەر ئەوە بەگژیدا چووبوو .

نیوەڕۆیەك، لە ماڵی دکتۆر شەرەفکەندی، سفرە راخرابوو و لە سەر ئەرز دانیشتبووین نانمان دەخوارد، من لە نێوان دکتۆر قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی دانیشتبووم. دکتۆر قاسملو ئەوەی گێڕایەوە کە چۆن خۆی لە رەحیم تووڕە کردووە، لەدواییەکەیدا گوتی :

" رەحیم ئاغا! کوتی باشە لە حیزبدا وەرمبگرن، کوتم وەرتناگرین، کوتی بۆچی وەرمناگرن؟ کوتم چونکە تۆ دوو ژنت هەیە و،کەسێك دوو ژنی هەبێ دە حیزبی دیموکراتی‌کوردستانی ئێراندا وەرناگیرێ".

ئا بەوجۆرە، ئەو ناوەی " قازی"، کە ئەو هەمووە ساڵانە سەرمایەی گرنگی ئەم پیاوە ببوو، لێرەدا ئەوەندەی

یەکێك لەو هەزاران ناوەی تری پێنەدەکرا کە هەموو بە ئەندام دە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا وەردەگیران . ئیتر دکتۆر قاسملو پێویستیی بە تاکتیکی فروهێر و هەڤالانی نەبوو بۆ کردنی کەسێکی بە ناوی "خان"، "بەگ"، "شێخ"، "قازی"، "مەلا"... شتێکی لەو تەرحانە بە سەرۆکی خۆی، دنیا ئیتر زۆر گۆڕابوو، لەکاتێکدا وێدەچوو کات لای ئەو قازییە ئەو هەمووە سالانە لە شوێنی خۆی وەستابووبێت! .

رەحیم، بە قسەی هەژار، چاوەڕێی ئەوەبووە "کا گێ بێ" بەسەر تانکێکی سۆڤیەتەوە بیهێنێتەوە مهابادو ناوی "پێشەوا"ی بە میراتی حەلالی بنەماڵەکەی بخاتە دەستییەوە . ئا لەوکاتەدا رەحیم لە خەو هەستا و سەیری کرد نە تانك هەبوو، نە کاگێ بێ و، نە پێشەوا، تەنانەت هەڤالی کۆمونیستیشی ئەندامێتیەکی سادەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ رەوا نەدەدیت .

کۆتاییەکی تالی خەونێکی شیرینی دوورودرێژی زۆر سالان، تال، زۆر تال .

دکتۆر قاسملو دەرسێکی باشی دا بەو کەسەی کە دەیویست بە ناوی "قازی"یەوە بازرگانیی بە ریشی پێشەوا بکات . بەهەمان شێوە، ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی نەتەوەییە، ئەوانەی کە بازرگانیی حەرام بە ریشی پێشەوا دەکەن سووك و ریسوا بکات . دواکەوتن لەوە، پێش هەموو شتێك، خیانەتە بە گیانی پێشەوا و هەڤالانی . دەبێت هەرکەسێك بەگوێرەی هەڵوێستی خودی خۆی رێزی لێ بنرێت یان نەنرێت، نەك بەگوێرەی بنەماڵە و قوونەماڵە و ئەو قسە حیزانەی فەرهەنگی فیۆدالی، کە کۆسپێکی گەورەی سەر رێگای نەتەوایەتیی کوردە .

ئەمیری قازی، ماوەیەک گرانی و ویقاری خۆی راگرت و، خۆی لە هێرشی کەسانێکی بنەماڵەکەی لە دژی کتێبی " هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیاییەک" و نووسەری دوورگرت، بەڵام لە دواییدا هەر رەگەڵکەوت .

لە بەرنامەیەکی دژی ئەم کتێبەو نووسەری، لە تەلەڤزیۆنێکەوە سەری هەڵێنا . من دوا سەعاتی ئەو بەرنامەیەم لە دووپاتبوونەوەی پیشاندانیدا دیت . ئەمیر لێرەدا، زۆر زیرەکانە، ناوی هیچ کەسی لە بنەماڵەکەی و خزمانیانی نەهێنائاراوەو، شتی تری کردە هۆی هێرشبردن . چەند شتێکی بەم مانایە گوت :

- نووسەری کتێب لە رووی رق وکینەوە بوختانی بە هەژار کردووەو گوتوویە کە هەژار خاوەنی قەراری خۆی نەبووە و پارەپەرست بووە، ئەوانە راست نین، هەژار وا نەبووە . هەژار وابووە تەنانەت لە رووی بارزانییشدا خاوەنی هەڵوێستی خۆی بووە، لەکاتێکدا کە بارزانی ئەو کەسە نەبووە خەڵک بتوانن لە روویدا وابن .

- نووسەری کتێب نابەجێ وشەی " فشقیات"ی سولەیمانی بۆ باسی قسەو باسێکی هەژار بەکارهێناوە .

هەرکەسێک ئەو قسانەی بیستبێت، مەگەرهەر چاوەڕوانیی ژمارەیەکی زۆری پرسیارانی لە بەڕێوەبەری بەرنامەکە هەبووبێت، وەک ئەوە کە هەر ٣٢٦ لاپەڕەی بەرگی یەکەم و دووەمی کتێبەکەی لە بەردەم دابنایە و بیگوتایە " ئادەی کاک ئەمیر بێ زەحمەت قامک لەسەر رستەیەک لەو کتێبە دابنێ کە دەڵێیت راست نیە، تا قسەکەت بۆ بینەرانی ئازیزمان روون ببێتەوە" . تەنانەت کاتێک رۆشنبیرێکی کورد(هادی محەمەدی) بە ئیمێڵ پرسیارێکی لە ئەمیر کرد کە " ئەو کتێبە لە دووشوێندا باسی تۆی کردووە، پێمان بڵێ ئایا ئەو دوو قسەیە راستن یان نا "، نە ئەمیر وەڵامی دایەوەو نە خاوەنی بەرنامە داوای لێکرد بەسەریدا بازنەدات . خاوەنی بەرنامە، هیچ دەقیکی لە کتێبەکە لەگەڵ ئەمیردا باسنەکردو، قسە هەر لە حوکمێکی گشتیی بێ هیچ ئاماژەکردنێک بە هیچ رستەیەک لە کتێبەکەدا مایەوە . ئەمیر شێوەی قسەیەکی هەژار" ی دەرەوەی باسەکانی ئەو کتێبەو بەتەواوی دوور لە سیاقی باس"ی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانیدا بە بەڵگەی ئەو دوو نەتیجەگیرییە گشتییەی لە خوێندنەوەی کتێبەکە هێنایەوە . خۆ بواردن لە جەرگەی باسەکانی کتێب و ئەو شێوە بەڵگەهێنانەوەیە بۆ تەوهین بە نووسەرێک، لە بەرنامەیەکی بەرێزدا قەبووڵ نەدەکرا . بەڕێوەبەری بەرنامە نەیپرسی" هەژار خاوەنی قەراری خۆی بوو یانی چی ؟ دەکرێت قسەکەتان بە نموونەیەک لێ روون بکەیتەوە ؟ " . بەڕێوەبەری بەرنامە شتێکی لە باسی بجەننەس بۆ ئەمیر نەخوێندەوە تا بزانین ئایا لە سلێمانی بەوە دەڵێن چی . ئەمیر لە بەرەوکۆتاییدا تەنانەت گوتی " هەژار

ماڵ و منداڵی خۆی خۆشدەویستن!"، لێرەشدا بەڕێوەبەری بەرنامە هیچ پرسیارێکی لێ نەکرد ، کە من ئەوە مەگەر هەر ناوبنێم" بێحەیایی". چۆن پرسیاری ئەوەی لێ نەکرد کە ئەدی بۆچی هەژار لەیەکەملاپەڕەی چێشتی مجێوردا وا دەربارەی کوڕەکانی دەدوێ ؟ یا ئەدی ئەو رق و کینەیەی کە دەڵێیت هۆی نووسینی ئەو کتێبەی شێرکۆیە بە چی تەفسیردەکەیت ؟ هیچ... هەر هیچی نەپرسی . ئەمە بەرنامەی فەرهەنگییە یان دیکۆری رازاندنەوەی هێرشی یەك لایەنییە ؟ هەرچەندە بەڕێوەبەری بەرنامەکە - بەخێر- کۆمونیستێکیش بوو ، کەچی بەرنامەکەی لێرەشدا وەکو بەشەکانی تری پێش ئەوەی، بەشێك بوو لە هێرشی ماڵە دەرەبەگەکانی قازی و مازی ( جاشەکانی جافان ) لە دژی ئەو کتێبەی رۆشنبیرێکی رەشوڕووتی کورد . ئەوەیە کۆمونیست بوونی خاوەنی بەرنامە ؟ بوونە ماسك بۆ جاش و جاسووسانی ماڵە دەرەبەگان ؟ - وەك لەگەرمێن دەڵێن - ئێوە عەیب ناکەن لە خۆتان ؟

من لە شوێنی تردا ، کە بێمە سەر باسی نێوانی سەرۆك بارزانی و هەژار، روونی دەکەمەوە کە ئەو قسەیەی ئەمیر دەربارەی نێوانی بارزانی و هەژار قسەیەکی بێ مانا بوو، هەر قسەیەکی قۆڕ بوو و هیچی تر .

شتێکی تریش لە خاوەنی بەرنامە سەرنجی راکێشام، لە وەڵامی ئەو رۆشنبیرە(هادی محەممەدی)دا کە داوای لێ- لێکردبوو پێوەندی بە نووسەری کتێبەوە بکات، شتێکی بەو مانایە گوت کە" ویستمان پێوەندی پێ بکەین بەڵام رەنگە ئادرەسی ئیمێڵەکەیمان بە باشی نەبووبێت، ئیدی رێکنەکەوت...". ئەگەر من لەو شوێنە بوومایە دەمگوت "کاك هادی سوپاس بۆ پێشنیارەکەت، ئێمە ئەوەمان بە پێویست نەزانی، نووسەری کتێبەکە خۆی هەرکاتێك بیەوێت دەتوانێت وەك هەرکەسێکی تر تەلیفۆن بۆ بەرنامەکەمان بکات". خۆ ئەوە قسەیەکی زۆر سادەیەو لێرەدا هیچ ئازایەتیەکی ناوێت، بنەماڵە و قوونەماڵەکانیش بەوە دڵیان لێت ناڕەنجێت، ئیتر پێچو پەنا چ پێویستە ؟

ئەوجا باسی ئەو کتێبە هەر بە ئەو چەند رستەیە تەواو بوو؟ هیچی تر دە ئەوکتێبەدا نەبوو کە شایانی باس بێت ؟ نێوانی دکتۆر قاسملو و ئیدیۆلۆجیاو مارکس و هێمن- هەر بە یەك بەفوونە لە زۆران - شایانی باسی بەرنامەیەکی - بە ناو- فەرهەنگی نەبوو؟ ئەی ئەوەی دەربارەی پێشەواو بێوەژنی و ئەولادی چی؟ ئەویش رق وکینەی نووسەر بووەو پێویستی بە باسکردن نەبوو؟ ئەی« رق وکینەی نووسەر» بەرامبەر زەبیحی و رۆژبەیانی و حوزنی و گیو و مەم و مەلا شکور و تاهیر تەوفیق و رەسووڵ گەردی و عەبدولوەهاب ئەتروشی و عیزەدین و نەسرین فەخری و کەریمی ئەییوبی و ... چەندو چەند ناوداری تری سەدەی بیستەمیکورد( وغەیرە کوردیش : حەسەنی) چی ؟ ئەی دەربارەی هەنبانەبۆرینە ؟ ئەوەی دەربارەی وەرگێڕانی شەرەفنامە دە ئەوکتێبەدا نووسراوە ؟ ئەو هەمووە« کفر کردنە»ی کتێب بە ئەو هەمووە کەسان و شتانە کە باسی هەرکامێکیان لە بەرنامەیەك پتر هەڵدەگرێت، هیچی

شایانی ئەوە نەبوو بە رستەیەك ئاماژەیەکی پێ بکرێت ؟ هەرتەنیا ئەوەندە کە هەژار حەزی لە پارە نەکردووە و گاڵتەو فشەقیاتی نەبووەو، ئەوەش کە خاوەنی قەراری خۆی بووە ( بە بێ ئەوە کە بڵێین ئەوە یانی چی ) ؟ ... و تەواو ؟ ئەوە چ بەرنامەیەك بوو ؟ چ ئاستێکی کوڵەواری خوێندەواری و ئەخلاقی، چ میللەتێکی بەدبەختی کە تەلەڤزیۆنێکی لە ئەورووپای رۆژئاوا ئا ئەوە ئاستی فەرهەنگیی بێت ... داخی گرانی کوردی بەدبەخت .

ئەمیر، یا هەرکەسێکی تر لە جیهاندا، چۆن دەتوانێت حوکم لەسەر خۆشەویستیی نێوان هەژار و ئەولادی بدات ؟ من هیوادارم ئەمیرو کچەکەی نێوانیان باش بێت، بەڵام کێ جگە لە ئەو دووانە خۆیان، دەتوانێت حوکم لەسەر خۆشەویستیی نێوان ئەو دووانە بدات ؟

ئەگەر پەروەندەی ژیانی خێزانیی ئەمیر بخرێتە بەردەمی رەوانناسێك، شێوەی کە ئەمیر پێی تووشی ژنهێنان بووە، هەلومەرجی هاتنەدنیای ئەو کچەو مێژووی ئەو دووانە پێکەوەو، ئەوەی بە دەوری کوژرانی دایکی ئەو کچەوە گوتراوەو، ئەو هەمووە گێرەو قەرقەشەی پۆلیسی سوێدی، ئەو هەڵانەی تری کە لە باسی ئەمیردا هەبوون و کە دکتۆر قاسملو فریای کەوتبێت، ناکرێت مەگەر هەر رەوانناس لەو رووەوە زۆر بەدبین بکات . بەڵام من لێرەدا لەوە پترکارم بە ژیانی تایبەتیی نیە و، پێوەندییە تایبەتیە سیاسیەکانی خۆیشی و شێوەی کاری لە ئەوروپا و ... ئیدی، ئەوانەش ئێستا دەخەمەلاوە . بەڵام لە باسی لایەنی نەتەوایەتی و چینایەتیی قازییەکان لە سەر شانۆی سیاسەت، دەتوانم بڵێم پەساپۆرتی ئەمیر بۆ سیاسەت بریتی بووە لە ناوی" قازی" . من لام وایە ئەگەر ئەو ناوەی نەبوایە، ئەو شوێنەی لە سیاسەتدا نەدەبوو . من - بە رێکەوت- یەك جار وتارێکی ئەمیرم لە شوێنێکی گشتی لێ بیست ( لە ستۆکهۆلم، بەبۆنەی کۆچیدوایی ئازاد مستەفا) کە عیبارەتی" ئێمەی پاشماوەی قازییەکان"ی تێدابوو و ئەوە تەواو تەئسیری بەسەر زۆر لە گوێگراندا هەبوو .

لەسەردەمی ژێکافدا ناوی قازی بۆ حوکمکردن پێویست بوو، قازی دەکرا بە پێشەوا. لە هەوای سیاسیی قۆناغی دواتردا ناوی قازی ئیتر بۆ دەسەڵات بەس نەبوو(نموونەی رەحیمقازی و چۆن دکتۆرقاسملو سووك و ریسوای کرد). بەڵام ناوی کەسانێك لە بنەماڵە/ قوونەماڵەکان بۆ رازاندنەوەی دیکۆری ئەهلی سیاسەتی نوێ- بەداخەوە- دەکاردا هەبوو . بۆ کەسێکی وەکو دکتۆر قاسملو کە یەك - دوو قازی ناویشی لە ژێر رابەرایەتیی کۆمونیستیی خۆیدا پیشانی خەڵکی موکریان بدایە، بە تاکتیکێکی بەکەڵك دیترابوو . من بۆ ئەوە ئەوپەڕی رەخنە لەو کۆمونیستانە

دەگرم . من لام وایە کە ئەو کۆمونیستانە دەبوو هەوڵ بدەن ئیعتیباری ناوی بنماڵە/ قوونەماڵە، کەسوکار، عەشیرەت و... نازانمچیی بە دووی خەڵکەوە کۆتایی پێ بهێنن و، لەجیاتی ئەوە ڕێزی کۆمەڵگا لە هەرتاکەی بە پێوانەی دڵسۆزیی ئەو تاکە بۆ کۆمەڵگا بکەنە باو . بەتایبەتی دوای ئەوە کە کەسانێك لەو بنەماڵانە بە بەکار- هێنانی ئەو ناوانەیان وا بە خەستی کەوتنە جاشی و جاسووسیەتەوە کە نەدەبوو خەباتکارانی نەتەوەیی و/ یا چینا- یەتی لێیان بێدەنگ بن . یەکجار زۆر بەداخەوە، من تەنانەت لە تەلەفزیۆنی پێکاکاشدا دیمانەم لەگەڵ ئەو جاش و جاسووسانەدا دیتووە، شتێکی کە قەت نەدەبوو رووبدا، جێگای جاش و جاسووسان زبڵدانە نەك تەلەفزیۆن و ڕێزلێنان .

من بیرەوەریی زۆر شادم لەگەڵ ئەمیردا هەیەو، نێوانمان لە بەغدا دەتوانم بڵێم زۆر باش بوو . نێوانی ئەمیر لەگەڵ هەژاردا هەر زۆرخۆش بوو . هەرچەندە هەژار کەسێك بوو،کە هەرکەسێك لای ئەو دەیتوانی قسە بە هەر کەسێکی تر بڵێت بەبێ ئەوە هیچ کێشەیەکی لێ پەیدابێت(من دیتوومە لەبەرچاوی هەژار شتی زۆر خراپ دەربارەی ئەمیر گوتراوەو هەژار نە بە باش و نە بە خراپ هیچی نەگوتووە)، ئەمیر لە ئاست هەژاردا وا نەبوو، ئەو هەڵوێستەی لە پێش هەژار دەربارەی هەژاری هەبوو، لە شوێنی تریشدا و دوور لە هەژار هەر هەمان هەڵوێست بوو . کە ئەمیر بیگوتا دۆستی کەسێکە ( دیارە لە ئاستی شەخسیدا، من لێرەدا باسی سیاسەت ناکەم)، ئەوا ئەو دۆستایەتیەی ڕێزلێدەگرت و ئەملاو ئەولای تێدانەبوو و، لەبەرچاوی خۆی و زۆر دوور لەو وەکو یەك بوو .
ئەمیریش، وەکو هەموو ئەو کەسانەی ڕابەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کە من ناسیومن - دوو دانەیان لێ دەرچێت - لە قسەکردن و هەستان و دانیشتن و ڕەفتاری ئاشکرای لەنێوخەڵکدا، بەگشتی، تابڵێیت بەئەدەب و گران بوو و، ڕێگایەکی بۆ بەرامبەری نەدەهێشتەوە جگەلەوە کە ئەویش زۆر بە ڕێز لەگەڵیدا بدوێت . دەڵێم "بەگشتی"، چونکە ئەویش ئیتر وابووە لە لەحزەیەکدا جیاواز بووە . ساڵی ١٩٧٩ ئەمیر و هێمن هەرتك لە ڕابەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بوون، من ئا لەوکاتەدا لە مهاباد ئەمیرم دیت بە نوکتەیەك لای خەڵك گاڵتەی بە هێمن دەکرد، دەیگوت :

" هێمن جارێك لە بەغداوە دەچێتە کەرکووك . سەرباز لە نوختەیەکی کۆنترۆڵی ڕێگا ماشێن ڕادەگرن داوای هەویە دەکەن، دەبینن هێمن عەینەکێکی بێ شووشەی دەچاودایە! . سەربازێك لێی دێتە پێشەوە دەڵێ ئەوە چیە؟ چی چیە؟ ئەو چوارچێوەی عەینەکەی دەچاوتدا

شووشەی تێدا نیە . هێمن قامکی بۆ ئەوە دەبا گوایا پیشانی بدا کە نەخێر ئەوەتا شووشەی تێدا هەیە، سەرباز گورج دەستی دەگرێ و ناهێڵێ وابکا و پێی‌دەڵێ" چاوی خۆت کوێرمەکە ماڵت نەشێوێ، برۆ" .

شێوەی گێرانەوەکەی وەك ئەوەنەبوو کە ئەوە شتێك بووبێت روویدابێت، زۆر بەشێوەی مەسخەرەکردن بوو .

جارێکی تریش لەبەرچاوی کەسانێك شتێکم دەربارەی کوردی هەرێمی باشوور لە ئەمیر بیست کە پێم لە بەئەدەبیی ئەو دوور بوو . ئیتر بێ لە ئەو دووجارە، من قەت جگە لە رەفتاری ئەوپەری بەئەدەب و گران هیچم لێ نەدیتووە . هەرچەندە دیسان، بۆ لەسەداسەد وردیی قسەکەم، دەبێت بڵێم کە قسەکردنی ئەمیر تەنیا لەگەڵ سەید رەسووڵدا جیاوازو کەمێك بازاری بوو، بەڵام ئەوەش ئیتر بەهۆی سەیدرەسووڵی گۆڕبەگۆڕەوە بوو کە پیاوێکی یەکجار زۆر بازاری و هەر لەوساوە تیپی بەعسیی سەرسەری و چەقۆکێش بوو ( یەکێك لەو دووکەسەی کە لە رووی ئەدەب و گرانیی رەفتارەوە لەوانی ترم جیاکردنەوە، دوای بوونە جاشی بەعسی و هەڵدانەوەی گۆڕی سەرۆك مستەفا بارزانی و فرێدانی تەرمەکەی بە فەرمانی بەعسیەکان، هەر بەعسیەکان خۆیان کوشتیان ) .

نێوانی ئەمیر لەگەڵ هەڤاڵانی حیزبیدا، وادیاربوو بەردەوام لەگۆڕاندا بوو . ئەمیر جارێك نامەیەکی دامێ بۆم دا بە محەمەدئەمینی سیراجی، سیراجی خوێندیەوەو پیشانی منیشی دا . ئەمیر تێدا زۆر لە سیراجی توورە ببوو کە گوایا سیراجی لای خەڵك ئەمیری بە ساواکیی سەر بە مودەرریسی تاوانبارکردبێت . ئەمیر تێدا نووسیبووی" من کوردم "، سیراجی بۆ ئەوە لە قاقای پێکەنیی دا و گوتی" منیش کوردم، بەڵام شتی دیکەشم و هەرتەنیا بە کورد بوون تەواونابم".

جارێکیش بۆ دیلمانجی لەگەڵ ئەمیردا چوومە سەفارەتی ئەلجەزایر لە بەغدا، داوای پەنابەریی‌سیاسیی‌کرد ( گوتی کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئەلجەزایر هەن)، وەریاننەگرت .

" بنەماڵە" و "خزمایەتی" لای ئەمیریش، وەکو لای ئەو قازییانەی تری کە من ئاگادارییەکم لێیان هەیە، زۆر گرنگە، رەنگە لەسەرووی هەر پێبەندیەکی تریەوە بووبێت و ئێستاش وابێت و هەرواش بمێنێت .

## ٥٨- هێدی و شیعرێکی بێ وێنە

هێدی ( خالیدئاغای حیسامی، کوڕی ئاغای گوندی شێخلەری لە موکریان) ی شاعیر، وادەزانم ١٩٦٥- ١٩٦٦ بوو کە لە موکریانەوە هاتە ریزی شۆڕشی لە هەرێمی باشوور . هەژار دەیگوت :

" خالیدئاغا ، کە هاتەلامان ( لە گردێم)، چەند رۆژی یەکەم زۆر بە دەعیە و بێدەنگ و مرومۆچ و ئاغایانە بوو، تا بەیانیەك منداڵێك لەو دێیەی لێی بووین هاتبوو و پرسیاری کردبوو :

- ئەرێ کەسێك لە ئێوە ناوی خالیدئاغایە ؟

- بەڵێ، ئەوە خالیدئاغایە .

- دە مەحموودئاغا ئەو مەنجەڵە ماستەی بۆ ئەو ناردووە .

خالیدئاغا وەریگرتووە و، کەوتووەتە سەر ماست خواردن

( هەژار لە چێشتی مجێور(ل٤٧٨)دا دەڵێ منداڵ داوای کردووە مەنجەڵەکەی بۆ بەتاڵ کا، خالید ئاغا قاپێکی بۆ ئەوە دەستنەکەوتووە، بە کوڕەی گوتووە سەرێك برۆ، وەرەوە...، نیشتۆتە سەر مەنجەڵە ماست و هەمووی بەجارێك خواردووەو بەوە شەش رۆژان نەخۆش کەوتووە) .

خالیدئاغا بەو مەنجەڵە ماستە کرایەوە :

- بە غەوسی گەیلانی نێوی ئاغا ئەو ماستەی بۆ ناردم،کابرا نە دەمناسێ و نە دەیناسم، هەر ئەوەندە بیستوویە کەسێك بە نێوی خالیدئاغا لێرەیە و، ئەویش نێوی مەحموودئاغایە، ئیدی بەعەقڵی خۆی لێکیداوەتەوە " من ئاغام و ئەوەش ئاغایە، کەواتە حەقمە دەبێ مەنجەڵەماستی بۆ بنێرم! " .

گاڵتەوگەپ و پێکەنینی هەژارو هێدی لەو رۆژەوە دەستی پێکرد، تەنانەت پێکەوە گۆرانیشیان دەگوت .

جارێکیان هەژار باسی " قۆریاتی کەرکووك " دەکات، هێدی لێیدەپرسێ " ئەوە چیە؟ "، ئیدی هەژار هێندێك گۆرانیی بە ئاوازی قۆریاتیکەرکووك بۆ دەڵێت، خالیدئاغاش فێری دەبێت و ناو بەناو پێکەوە شیعریکوردییان بەو ئاوازە بە گۆرانی دەگوت، بەڵام وادەبوو گۆرانیی دیکەشیان بەگاڵتە دەگوت . هەر بەنموونە، لە چاپخانەی شۆڕش، یەکێك لەوپێشمەرگانەی کاریان لێدەکرد ، ناوی مەلا رەحمان بوو، وادەبوو لە گەرمای نیوەڕۆی هاویندا کەمێك دەخەوت و مێشی زۆری لێ دەهاڵان، هەژارو هێدی سەرو سینییەکیان وەك دەفی دەروێشان بەدەستەوە دەگرت و بە دەوریدا هەڵدەسووڕان و بە سینیلێدانەوە گۆرانییان پێهەڵدەگوت :

هەی مەلاورەحمان مەلاورەحمان مەلاورەحمانیەتی  تواشای سەروپرچیکە پازدە مێش میوانیەتی!

هەی مەلاوڕەحمان مەلاوڕەحمان مەلاوڕەحمانیەتی      دایکی بە قوربانیەتی ...

سەردەمێك، هێدی و ئەمیری قازی و سالاری حەیدەری و کەسانێکی تر، وێکڕا لە بنکەیەکی هەرێمی باشوور بوون. هێدی، بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی بە شیعرێك تۆمارکردووە، کە - ئەوەندەی من بزانم - بێ وێنەیە و، من شیعرێکی تری لەو بابەتەم بە زمانی کوردی نەدیتووە :

تۆی نەدیوە ئەوکەسەی لۆمەی منی شەیدا دەکا      ئەو کە بتبینێ بە یەکجاری لە دەستت ڕادەکا
ڕوومەتت سوورەو بە تینی تاوێ قەڵشی بردووە      دەك خوا پێتبێڵێ یەکجار زۆر لەئیشکەڵوا دەکا
مام حسەن گەرچی گرینۆکیش نیە دوێنێ‌شەوێ      ئاو لە چاوی هاتەدەر وەمزانی پیواز چادەکا
من ڕدێنی خۆم دەتاشم دێم بەناو دێدا دەڕۆم      مێردی ئامانێ لە دەرکێ ڕادەوەستێ و بادەکا
ڕووی سپی بێ مەعدیە، ئازایە هیچ‌کوێی نایەشێ      یەك کە هاتەدەر مل‌ئەستوورێکی دیکە دادەکا
ئەحمەدئاغای شۆخ و شەنگیش جاروبارە دێتەلام      پیاو کە بەژنی وی دەبینێ تف لە ڕووی بیزا دەکا
ماکەرێکی شین لە دەوری خێوەتێ بۆتە حەرەس      هەر منی دیت و سەری دەولا کلك لەملا دەکا
بۆچی پێتان سەیرە گەر من جارێ ناوی کەر دەبەم      ڕادیۆ کرماشان هەتا ئێوارە باسی شا دەکا
ئیشی ئامان پێشبزانن هیچ نیە دەڕوا بەڵام      ئاخری گانی کەر ئەمن و کاك ئەمیر ڕیسوا دەکا
سەدکەرم گاوەو سەدوبیست هێستری دیزەو چەمووش      جاشکی تووڕ پەنجا کەتێکڕا دووسەدوحەفتادەکا
مام عەزیز بەوکەین و بەینە گەربزانێ بێ‌گومان      دێتە بن دیوارو کیسەو قەننەکەی داوا دەکا
گەر بڵێن ئامان بەدووی خەڵکا دەنێرێ، مام عەزیز      چونکە بۆخۆی شارەزایی پێی هەیە بڕوادەکا

ئاگادارانی بەرهەمی نووسەرو شاعیری هۆڵەندی فینکن‌ئۆوخ (Simon Vinkenoog 1928-2009)، حەقەن قسەیەکی ئەوی کە لەبەریان کردووەو لەبیریان ناچێتەوە بریتییە لە: "من گان دەکەم، کەواتە من هەم". بەڵام نووسەرو شاعیرێکی تری هۆڵەندی،کە سێ ساڵ پێش ئەو" لە هەبوون کەوتبوو"(Gerard Reve 1923- 2006) خیرارد ڕێیڤە، لەو یەکسانییەی لەگەڵ حەیواندا تێپەڕاندبوو و، خۆی زۆر مرۆڤانە کەرکردبوو : ئەو ئامێرەی کە "هەبوون"ی پێ بە ئەنجام دەدا، بەشێوەیەك، تێکەڵ بە پێغەمبەرو کەرکردبوو، باسی ئەوەی کردبوو کە ویستبووی حەزرەتی عیسای مەسیح دە لەشی کەرێکدا بگێت . ئیتر ئاینیەکان بەوە زۆر تووڕەبوون، شکایەتیان لێ‌کرد و

توانیان بیشیکێشنه دادگاوه، بەڵام تەبیعی دۆڕاندیان . ئازادیی‌نووسین لەهۆڵەندا زۆر لە سەرووی زەنا- زەنای کلیساوەیە . ئەو باسە ماوەیەکی باش کۆمەڵگای هۆڵەندیی سەرگەرم‌کردبوو و هەر بە ناوی " دەعوای کـەرەکـە" بەناوبانگ ببوو . تـەنانەت لەدواییدا وای لێ‌هاتبوو کە ئاینیەکانیش بە پێکەنینەوە باسی" دەعوای کەرەکە"یان دەکرد. جۆرەها قسەی سەیر دەگوترا و دەنووسرا، وەك ئەوە کە " نووسەر ئـازادە بە قەڵەمی خۆی لە سەر کاغەزی خۆی هەر کەسێك بە هەر شێوەیەك بگێت، وەڵڵا هەر ئەوە ماوە گانی قەڵەم و کاغەزی بەخەیاڵیشمان لێ قەدەغە بکەن!"، یا " لایەنێکی سێیەم بە چ هەقێك خۆ دە کێشەیەکی نێوان نووسەرێك و پێغەمبەرێك هەڵدەقورتێنێت؟ مـەگـەر کلیسا دەتوانێت هیچ وەرەقەیەکی وەکالەتی قانوونیی بە ئیمزای ئەو پێغەمبەرە پیشانی دادگا بدات کە پێغەمبەرەکە تێدا بڵێت پێی نـاخۆشـە دە لەشی کەرێکدا بچێتە پێش ئەو پیاوە تاکو ئەو پیاوە بیگێت ؟ ئـەگەر هەیەتی با بفەرموێت پێشکەشی دادگای بکات".

گەورەپیاوێکی هۆڵەنداو جیهان ( ئیرازموس) هێشتا ساڵی ١٥٠٩ بووە کە دە کتێبێکیدا ( پەسندی گەوجی، بە لاتینی نووسیویەو پێشکەشی" تۆماس مۆر"ی بەناوبانگی هەڤاڵی کردووە)، مەسخەرەی لەخۆدڵنیایی‌کاهینانی کلیسای کردووە . تێدا شتێك بەومانایە دەڵێت کە خودا خۆی دە کتێبی پیرۆزدا باسی ئەوە دەکات کە هـەڵـەی کردووە، ئیتر پیاوانی ئـاینی چ تـەڕەماشێکن کە پێیان‌وابێت ئەوەی بەبیریاندا بێت ئـەوەنـدە بێ‌هـەڵەیە کە بۆ خۆیانی بە رەوا ببینن خەڵك بەگوێرەی ئەوە مەحکووم بکەن ؟ .

من چەند جار خیرارد رێیڤەم لە دیمانەی تەلەڤزیۆندا دیتووە، هەرجارە بە نوێژێکی ئاینیی مـەسیحی دەستی بە قسەکردن دەکرد. خۆی بە مـەسیحیی راستەقینە دادەناو، دەیگوت کە مەسیحی زۆر خۆشدەوێت و لەورووەوەیە کە دەیەوێت تێکەڵاویی جنسیی دەگەڵ خۆشەویستی خۆیدا هەبێت، چونکە جنس لای ئەو لە دەرەوەی ئەڤین نیە، تەنیا بە ئەڤین جنس دەکات، دە ئەو پێی‌خۆشە رووحی خۆشەویستەکەی بۆ تێکەڵاویی ئەڤین دە لـەشی کەرێکی یەك‌ساڵانەدا بێتە لای! .

من، لە ئەدەبیاتی ئەوروپاییدا، جگە لەم حاڵەتەی"دەعوای کەرەکە"، ئاگام لە باسی بەکارهێنانی جنسیی حەیوان لەلایەن مرۆڤەوە نیە ( دیارە من لێرەدا بازاڕی نووسـراوانی پۆرنۆ و دنیای ئـەدەبیات لێك جیادەکەمەوە، خیرارد رێیڤە لە هۆڵەندا بە یـەکێك لە" سێ گـەورەکـان" ی ئەدەبیاتی هۆڵەندیی دوای شەڕی جیهانیی دووەم دانراوە، نووسەرێکی‌گەورەی رۆمان و شاعیرو کابارێتی و خەباتکاری‌کۆمەڵایەتی بوو، هۆمۆ و ماوەیەك رابەری رێکخرا- وێکی مافی هۆمۆکان بوو)، بەڵام لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا، دۆستێکی‌هۆڵەندیی زۆر شارەزای ئەدەبیاتی

نوێی ئەوروپایی چەند رۆژێك میوانم بوو، پێی‌گوتم کە نا، شتی وا لە ئەدەبیاتی نوێی ئەوروپاییدا کەم نییە، تەنانەت شتی زۆر لەوەش خراپتر هەیە.

* * *

هێدی، شیعری زۆر رۆمانسیی نەتەوەیی هەن. هەر بەنموونە، دێڕێك لەو شیعرانەی:

تا گوارە لەگوێت دێتە لەرین دێتەوە بیرم          هەر لاوێ کە لەم خاکە لە سێدارە دراوە

بەڵام هێدی لە شیعری کۆمیدیاشدا زۆر بەتوانایە، شیعرێکی زۆر نایابی هەبوو کە من -بەداخەوە- ئێستا نیمە، وادەزانم بەناوی "شەوی جێژن" بوو، هەر چەند دێڕێکیم بە بێ نەزمی لێرەولەوێی لەیادە:

جۆگەلەی خوێنە لە ناو دیدەیی گریانمدا          نیە هیچ عانە لە ناو باخەڵ و گیرفانمدا
هێندە بێ گۆشتم و تامەزرۆ هەزارجارم کرد          بیری ئەو تۆزە چەقاڵتەی کە دە نێو رانمدا
سەرم ئەسڵەع بووە هەر چەشنی کدوو ئێستە نیە          دانەیەك ئەسپێ لە ناو زولفی پەرێشانمدا
خەڵکی قەیتانی دە کەوشایە منیش پێڵاوشڕ          هێندە بەستوومە بە بەن کەوشە دە قەیتانمدا

هێدی شیعری لەبابەتی تریشی هەن کە نایەوێت لە چوارچێوەیەکی تەسکی ناوهەڤاڵانی دەرچن (من شیعرێکی وام دیتووە، بەناوی "قوز"، کە لە بابەتی "هەروەکو ئەشکم بە رەنگی سووری خۆی خوێنینە..."ی شێخ رەزایە).

من - لە رووی نەزانییەوە- جارێك بیروڕایم دەربارەی شیعری"هێمن" لێ پرسی، وەڵامەکەی- بە روویەکی گرژەوە- هەر ئەوەندە بوو: "کەچەڵ شاعیرە، بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا، شاعیرە". کاتێك لە هێمنم پرسی شیعرەکانی هێدیی پێ چۆن بوون، هێمن گوتی :" خالیدئاغا لەوەتای «بەرەوموکریان»ی کاك هەژاری دیتووە، ئیدی ناتوانێ لە لاسا- کردنەوەی «بەرەو موکریان» دەرچێ و بۆخۆی شتێك بڵێ". منیش - خودا دەزانێت هەر لە رووی نەزانییەوەو هیچی تر نا - چووم ئەوەم بۆ هێدی گێڕایەوە. ئەو لە من زۆر باشتر بوو، هەرچەندە دەمانچەشی بە قەدەوە بوو کەچی یەك فیشەکی بە تەپڵی سەرمەوە نەنا.

هێدی، هەر لەو مەڵبەندەی شۆڕش بوو کە ژنێکی تری هێنا، کە بە تەمەن بە کچی دەشیا، تاقە کچی مام قادر (سەعیدی حەمەقالە). ئا لەو کاتە مێژووییەی ژیانیدا کە خەریکی ژن گواستنەوە بوو، کوڕەکەی لە موکریانەوە

پەیدابوو: سەلاموعەلەیکوم بابەگیان!، کوڕیش هاوتەمەنی ژنی نوێیەتی و هەر بابە - بابەیەتی . دەیانگوت ئای ئەگەر خالیدئاغات بدیتایە چ پرتەو بۆڵەی بوو( هەتیو ئاخر ئەتۆ نابێ عەقڵت هەبێ، لەو وەختەدا لێم پەیدابووی و بابەگیان- بابەگیانت لێ گرتوومەوە ...) .

ئا، جا پێمەوایە هەر لەو سەروبەندەدا دەبێت، ژنێك لەولاوە لەنێو ژنانەوە بەدەنگی بەرز هێدی دەدوێنێت:" ئەیرۆ خالید ئاغا، بمرم، ئەتۆ بۆ وا پیر بووی ؟ ئای ئای خۆ موو بەسەرتەوە نەماوە، دە توخوڵا ئەوەش بوو بەکار، دەك کوێر بم، خۆ ئەتۆ ددانەکانیشت پەکیان کەوتووە!..." . هێدی دەڵێت : "نەوەڵڵا دایکم، ئەلحەمدولیللا دوو شتم ئێستاش هێندە بەکارن نەبێتەوە، یەکیان ددانم و ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە خۆت دەزانی ناکرێ لە کن ژنان نێوی بهێنم! " . حەمەڕەش ڕەشۆ دەیگوت من لە کاتی ئەو ڕووداوەدا لەوێ بووم، ئیدی هەتا سڵاوی بۆ هێدی بناردایە دەیگوت :" هێڤی دکم درانێ تە هێژ باش بە!" .

حەمەڕەش بە پێکەنینی یەکجار زۆرەوە بیرەوەریی خۆی لەگەڵ هێدیدا دەگێڕایەوە، چ لەکوردستان و چ لە ئەڵمانیا کە چۆن هێدی لەو سەفەرەیدا بۆ ئەڵمانیا لەگەڵ دوکتۆر حەسەنیحیسامیی برایدا کێشەی لێ پەیدا بووە(براکەی خانمێکیئەڵمانی دۆستی هاتووەتە لای و ئەویش وەکو چاوی قاز بەدیارەوە تا تەحەمولەکەی بەسەرچووە و... زۆری تر ) . هێدی خۆی گێڕایەوە کە لەو سەفەرەی ئەڵمانیایدا، ئەو بە ئەو هەمووە ئارەزووە کپکراوەوە، بۆ بەدبەختی، لە وێستگەیەکی قەتار کوڕو کچێکی دیتوون کە لەسەر تەختێکی دانیشتن جووت بوون و، بەکاوەخۆ، بە بێ ئەوە هیچ حیسابێك بۆ سەیرکردنی زۆر بەدیققەتی ئەو بکەن، چۆنیان کردووە!، کچەکە کورت بووە بەڵام کوڕەکە درێژبووە و کێشەی تێکەڵبوونیان لەسەر ئەو تەختە بچووکە چۆن چارکردووە،کچەکە دەبوو خۆی هەڵبدا تا پێی-بگات و ئیدی وردەکاریی زۆر دوورودرێژ .....

باسی نێوانی هێدی و دکتۆر حەسەنی برای، ئەگەر بنووسرێت، دەبێت -هەرنەبێت- فەسڵێکی بۆ تەرخانبکرێت .
خۆزیا هێدی لەوسەفەرەی - بەلای کەم - سەرنجە سیاسیەکانی دەربارەی ئەو کۆنگرەیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەنووسی و بڵاودەکردەوە، کە ئەو خوێندکارانەی بەشدار لەو کۆنگرەیەدا چەندە بێ کەڵك بوون .

بەهەرەسی ١٩٧٥ ،هەژارو هێدی پێکەوە کەوتنە یەکێك لەو خێوەتانەی لە حەوشی ماڵی سەرۆك بارزانی لەنەغەدە هەڵدرابوون، دوایی وێکڕا خانوویان لە کەرەج درایێ و، لەهەمان ئیدارەشدا لە تاران کەوتنەسەرکار . بەڵام ئیتر تاران و کارو معاش دنیایەکی تری غەیری " مەلاورەحمانیەتی و پازدە مێش میوانیەتی" بوو . لەوێ تێکچوون و

٥٨- هێدی و شیعرێکی بێ وێنە

هێدی کارەکەی نـەما ( چێشتی مجێور ل٥٦٤ ) .

هێدی ئیتر هەر لەگەڵ ماڵی بارزانیەکان لە کەرەج مایەوەو دوای ئەوەش لەگەڵیاندا هاتە هەولێر، چەند جارێك لە تەلەڤزیۆنەکەی حکومەتیهەولێردا دیتم و، ماوەیەکە لێی بێ خەبەرم . لێرەوە سڵاوی لێ دەکەم، هیوادارم تەمەنی هـەرو هـەر بە تەندروستی درێژ بێت و، تکای لێ دەکەم وێنەیەکی ئەم شیعرەی دوایینیم ( جۆگەلەی خوێنە لە ناو دیدەیی گریانمدا...) بۆ بنێرێت، خۆ ئەگەر شیعری بڵاونەکراوەی تریشی وێڕابن ئەوە دەها باشتر و زۆر سوپاسی دەکەم .

## ٥٩- چەکێکی خوێندنەوەیەکی دۆنکیشۆت

بـۆ خوێندنەوە، لە تەمەنی مێردمنداڵی و ڕێك بەدووی ئەوەدا، شـانسی ئەوەم هـەبـوو کە کـەسێکی یـەکجار زۆر خوێندەوار، مەم ( محەمەد مەولوود )ی چیرۆکنووس، ڕێنوێنیی کتێب خوێندنەوەی کردم . زۆرترینی ئەو کتێبانەی کە بە پێشنیاری ئەو لەوم وەرگرتوون و خوێندوونەوە، ئەوساش و ئێستاش لام باشترین کتێبانی دنیا بوون وەهەن : سەعاتی بیستوپێنجەم - ڤیرگیل گیۆرگیو( ئەوسا لە عیراق کتێبێکی قاچاغ بوو)، تاییس- ئاناتۆل فرانس (وەر- گێڕانێکی زۆر نایابی‌عارەبی - کەعارەب زۆر وەرگێڕی باشیان نین)، مێش ( یا مێشەکان/ شانۆی لێ مووش) - سارتر ( کە وەکو هەموو بەرهەمەکانی تری سارتر زۆر خراپ وەرگێڕدرابووە سەر عارەبی )، - باشم لەیاد نـەماوە - " شەڕی سەمەندەر" ی کارل چاپك ( کتێبێکی زۆر نایابی سوریالی)یش هەر هی ئەو بوو یان ئەمەیانم لە هەڤاڵی زۆر خۆشەویستم مامۆستاعوسمان (مامۆستای مێژوو و چیرۆکنووس ) وەرگرت . بەڵام هەر مەم خۆی پێی‌گوتم کە کتێبی یەکەمی سەرووی هەموو کتێبانی مرۆڤ " دۆنکیشۆت"ـە، خۆی ئەوسا نـەیبوو، بـەڵام گوتی حـەقەن پەیدای بکە و بیخوێنەوە . دیسان، لەوەشدا شانسم هەبوو کە وەرگێڕانێکی زۆر نایابی عارەبیی گەورەپیاوێکی میسر" د.عبدالرحمن البدوی"یم لە کتێبخانەیەك وەدەستهێنا. دکتۆر بەدەوی، کە ماوەیەك لە زانکۆ مامۆستای فەلسەفە و ماوەیەکیش سەفیری وڵاتی بووە، زۆر کتێبی نووسیون و زۆری وەرگێڕاون (وادەزانم ٦٤دانە)، یەك لە یەك نایابتر . کۆمەڵێك لە نووسەرانی جیهان، ساڵی ٢٠٠٣ و جارێکی تریش ٢٠٠٧، لیستێکی باشترین سەد کتێبیان لە ئەدەبیاتی سەرتاسەری مێژووی مرۆڤدا پێشنیارکرد، هەرتك جار هەمان وەکو " مەم"ی پێش ئەوەندە سـاڵە، بڕیاریان دا کە کتێبی دۆنکیشۆتی سێرڤانتێس یەکەمینی لیستەکەیانە .

هەرچەندە من دۆنکیشۆت لە ڕووی ئەتیکی ( ئەخلاقی) بە وێنەی تەواوی مرۆڤ نابینم، چونکە مرۆڤ لە ڕووی پرەنسیپەوە هەر ئەو ڕەوشت بەرزو پیرۆزە نیە، دۆنکیشۆتیش لە دۆخێکی نەخۆشیی وەهەدا وا ڕەوشت بەرز بوو، پێش ئەوە کە وەکو ئەو خەڵکەی تر هۆشی دە سەریدا بووە چۆن بووە و ئـەگـەر مـاوەیەك دوای وەهۆش هاتنەوەی بژیایە چۆن دەبوو، نـازانین ( دەکرێت ئەمە دەروازەی باسێکی فەلسەفی بکاتەوە، کە من لێرەدا نامەوێت پتری لە سەر بڕۆم و بەوە لە جەرگەی باسەکەم دەرچم ) . مرۆڤ یـەکێکە لە دوا حـەیوانە دڕنـدەکانی بـەرهەمی تـەبیعەت، هەوڵی بەرزترو بەرزتر بوونەوە دەدات، بـەڵام سەیریش نیە زۆری پێ نـەچێت کە خۆی و هـەموو حەیوانەکانی تر کۆتایی پێ بهێنێت(چەرنۆبیلێك،هەڵەیەکی تەکنیکی، ژەهراوی‌کردنی هەموو ئاووهەوا... شتێك)؛ بەڵام لە ڕووی

سایکۆلۆجیەتی وەهەموەو، دیتنی شتان بە ئەوپەڕی دڵنیاییەوە بە شتی تر، پارانۆیا و شیزۆفرینی، بێگومان دۆنکیشۆت نەك هەر وێنەی زۆر لە تاکانە، بگرە نموونەی تەواوی زۆر کۆمەڵگاو تەنانەت تەواوی زۆر لە نەتەوەکانە لە سیاقێکدا هی تەواوی مرۆڤایەتیشە . مێژووی تائێستای مرۆڤ پیشانی دەدات کە مرۆڤ حەقەن قەت بێ وەهم نەژیاوە . ئێمە ئێستا بەوەندەی لە مێژووی چەند هەزارساڵی دواییەنی مرۆڤی دەزانین، دەبینین مرۆڤ بە ئاین بە دوای ئاین و خودا بە دوای خودا و عەقیدە بە دوای عەقیدەوە سەرقاڵ بووە و، هیچ لە ئاسۆدا دیارنیە وای بەبیردا بهێنێت کە مرۆڤ لەو رووەوە بگۆڕێت و شت بەو جۆرە ببینێت کە هەیە، نەك بەوەی کە دە سەری خۆیدا دوورلەوەی هەیە دروست بکات . مرۆڤ لە چاڵێکەوە هەڵدەستێت و دەکەوێتە چاڵێکی ترەوەو لەوێشەوە بۆ یەکی تر، وەکو سەرخۆش لە گۆشەیەکەوە بەرەو گۆشەیەکی تر لەتردەبات و... مێژووی تا ئێستای بریتی بووە لە ئەم چاڵەو چاڵ کردن و لەم گۆشەوە بەرەو ئەو گۆشە لەتربردن . هەمیشە هەزاران پرسیار یەخەی مرۆڤیان گرتووە و مرۆڤ وەڵامی نەزانیوە، مێشکیش بەتاڵایی قەبووڵ نیە، کە شتێکی نەزانی، دەبێت جارێ بە وەهمێك دڵی خۆی دابمرکێنێت . ئەو " جارێ"یە دەکرێت لە چەند ساڵێکەوە تا ملیۆنان ساڵ بخایەنێت .

سەردەمێك، مرۆڤ بە جێژن و شادی و هەڵپەڕکێ منداڵی ساوای خۆیان بۆ خودایانی بەرهەمی وەهمی خۆیان قوربانیکردووە . فینیقیەکان ئەو داب و نەریتەیان زۆر بەخەستی بەجێهێناوە. کچان چوونە بەردەمی پەرستگاکان و خۆیان پێشکەشی میوانانێکی غەریبی شار کردووە . پیاوی غەریب کە رێیان کەوتووەتە شارێکی وەها، زانیویانە کە کچانێك لە بەردەمی ئەو پەرستگایانە بۆ جنس چاوەڕێ دەکەن و چوونە لایان . ئەو خانمانە، کە لە نەتیجەدا زگیان پڕبووەو منداڵیان بووە، ئەو منداڵەیان بردووەو، لەبەرپێی پەیکەری خودایان لەو پەرستگایانە سەریان بڕیوە . مێشکی ئەو دایکانەی ئەو کارەیان کردووە، بە میکانیزمی تووتێتیی فەرهەنگی مرۆڤ بەرنامە کراوە، شەرافەت و رێزی نەریت و ئەخلاقی قەومی خۆیان دە کیانیاندا بووە، بەسەر هەست و نستیاندا زاڵ بووە، شتێکی کە دە غەریزەی دایکێتیی حەیوانە دڕندەکانی تردا نیە . باوك دە ئەو حەیوانانەی تردا دەکرێت ئەولادی بپڵیشێنێتەوە یا بخوات، بەڵام دایك نایکات، دایکی مرۆڤ جۆرە حەیوانێکی ترە و، دەکرێت عاتیفەشی وەك هەر شتێکی تر بە نەریتی تووتێتی بەرنامە بکرێت، یا بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی( جنسی، پارە...ئیدی) بە ئەوپەڕی شادی منداڵی خۆی قوربانی بکات .

لەبەرامبەر ئەوەدا ،لە سەرتاسەری مێژوودا ،مرۆڤانی رۆشنبیریش هەبوون . ئێمە نازانین چەند کەس لە سەردەمانی خۆیاندا وەکو ئێستای ئێمە هەستیان بە وەحشیگەری و بێکەڵکیی ئەو ساوا سەربڕینە کردووە و نارەزاییان

دەربڕیوەو، لە سەر ئەو تەوهینەیان بە " ئەخلاق" و " نەریت"ی قەومی خۆیان، بە دەستی کەسوکاری خۆیان کوژراون وعاری هەڵوێستیان بە خوێن سڕاوەتەوە .

کەسێك کە ئیتر ئێمە ئێستا پێی‌دەڵێین " حەزرەتی ئیبراهیم"، کە هەم بیری لە ئاست ئەو رەفتارەدا ڕۆشن بووەو هەم ویستوویە لە جیاتی نۆشینی شەربەتی شەهادەت و سەری خۆ بە فەترات دان، لە دنیای سیاسەتدا کارێك بۆ نەهێشتنی ئەو نەریت و ئەخلاقەی- لای خەڵك پیرۆز- بکات . ئەو ئیبراهیمە ( یا بە هەرحاڵ هەر ناوێکی کەسێك یا کەسانێك بووە) توانیویە گۆڕانێك بخاتە ئەو دۆخەوە، قەناعەت بە خەڵك بهێنێت لەجیاتی ئەوە کە چەقۆکە بە ملی ساوای خۆیاندا بهێنن، بە ملی بەرانێکیدا بهێنن، چونکە خودای ئێستایان لەسەرووبانەوە لەئێستابەدواوە وای دەوێت، کە خودا خۆی پێشکەشییەکەی خۆی وا بوێت ئیتر ئەوان چ تەرەماشێکن بڵێن نا هەر دەبێت ساوای خۆمانت بۆ سەرببڕین، ئێوە قوربانیەکەتان بۆ ئەو نیە؟ ئێ دە ئەو وای دەوێت و تەواو و - هەژار گوتەنی- چ فڵتە فڵتی پێ‌ناوێت . ئیبراهیم سیاسەتمەدارێکی بلیمەت بووە، دە قووڵایی رەوانی مرۆڤ ڕۆچووە، میکانیزمی کاری تووتێتیی مێشکی مرۆڤ تێگەیشتووە، وەك رەوانناسێکی ئەمرۆ زانیویە کە " فەرهەنگ" واتا " کانالیزەکردنی ناتەواوی ( یا دڕندەیی) مرۆڤ". ئەو هەنگاوە، کارێکی کردووە ئێستاش ساڵانە چەند ملیۆن حەیوان لەلایەن مسوڵمانانەوە لە جێژنی قورباندا سەردەبڕدرێن . هەمان جێژنی کە پێش ئەو کارەی ئیبراهیم بۆ سەربڕینی ئەولاد دەگێڕدرا، ئێستا بۆ سەربڕینی ئەو حەیوانانە دەگێڕدرێت .

ئەو رۆژەی کە ئەم حەیوان سەربڕینانەش بە شتێکی تر کانالیزەبکرێت، بڵێین بە چەقۆ بە ترێدا هێنان بۆ شەراب یا نازانمچی، هێشتا لە ئاسۆدا دیارنیە، چونکە ئەو ئاینەی ئیبراهیم هێشتا گەرموگوڕە، هی دوێنێی مێژووە، چەندهەزارساڵێکی کەم بۆ ئاین زۆر نیە، تەنانەت ساوا سەربڕینیش هێشتا بەتەواوی لەناونەچووە، لە هێندێك گۆشەو کەناری دنیادا ماوە . حەتمەن هەتا ئەم دوادواییانەش کیژی نەپشکوتوو لە چەندین قەومدا دیتراون کە بە ئاهەنگی شادیی جێژنی قوربانی، بە گۆرانی‌گوتن و قوون بادان و چەقەنەلێدان، بە چەقۆ سەربڕدراون .

کتێبی دۆنکیشۆت جوانیینە، چاوی جوانەو هەر جوانی دەبینێت . کە دۆنکیشۆت رانەمەڕ بە لەشکر دەبینێت و ئاشی با بە قەڵا، ئەوە لە تابلۆی دۆنکیشۆتدا کێشەیەکی ئەوتۆ نانێتەوە، دۆخێکی کاتییەو مەبەستی چاکییەو هەرتەنیا بۆخۆیەتی، تەنانەت هەڤاڵەکەی کە هەمیشە لەخزمەتیدایەو ئەوپەڕی دڵسۆزیەتی، دە دنیای ئەودا نیە و، ژیان دە سادەترین لایەنی ماددیدا دەبینێت : خواردن و قەڵەوبوون . بەڵام وەهی ناسیۆنالیزمی نیوەی یەکەمی

سەدەی بیستەمی ئەڵمان، نە وا رەنگین و نە وا سادە بوو . مێشكی ملیۆنانی بە دڕندەیی شۆڕیبوو،كە ملیۆنانی تریان بە دڕندەترین شێوە لەناودەبرد .

هەرئەوەندە چەند كەسێكی لەبلەبان دەوروبەریان بە چەند قەوانێكیان راهێنا و جەماوەریان خستە باعە باع، عەقیدەی جەماوەر بەوە، چونكە ئیتر جەماوەر وای دەبینێت، نایكاتە حەقیقەت، زۆر چاك دەكرێت پێی بگوترێت كەرایەتیی ئەو قۆناغەی ئەو كۆمەڵگایە . ئەو كەرایەتیە دەكرێت دڕندەیی گەورە بێت(نموونەی ملیۆنانی جەماوەری نازیی ئەڵمان و، ئەو میسالیانەی كە بە سەدانهەزار كەسیان لە قەومی خۆیان بۆ وەهمەكانی پوڵ پۆت لەناوبرد)، دەكرێت چەقینێك بێت دە قوڕی مێژوودا یا- وەك بڵێین - ژیانی دەرەوەی جەغزی مێژوو بێت .

وەهم تا ئەوەندەی"وەكوئەوەی دۆنكیشۆت" دە سەری تاك خۆیدایە، كێشەیەك نیە، بەڵام كە كەسانێك بیانەوێت مێشكی كۆمەڵگای پێ بشۆرن و، دەسەڵاتی دە كۆمەڵگادا پێ پەیدا بكەن و، ئەوانەی كە ئەو وەهمەی ئەوانیان نیە پێ داپڵۆسێنن، ئەمەیان كێشەیەو ئەمما كێشە .

تۆ ئەگەرخۆت - وەكو دۆنكیشۆت - رانەمەڕ بە لەشكر ببینیت، بەومەرجە هەر لە سنووری خۆتدا بمێنێتەوە،كەیفی خۆتە، بەڵام كە بتەوێت نەتەوەكەت قەناعەت پێ بكەیت كە ئەو رانەمەڕە لەشكرە، تانك و تۆپ و چەكوچۆڵەو بەوە بچێتە مەیدانی شەڕی تانك و تۆپ و چەكوچۆڵی دوژمن،تۆ خیانەتی پێ دەكەیت،دەیكەیتە پارووپەك و دەیخەیتە دەمی گورگەوە، جینایەت دەكەیت . كە جەماوەر ئەو وەهمەی تۆی لا پیرۆز بوو و شانازیی پێوەكرد و بە كۆڵەكەی كیانیخۆی زانی و چی و چی...(سەرنووسەری گۆڤارێكیكوردی ناوی دەنێت" قارەمانی رزگاریدەر") ، رانەمەڕ بەوە نابێت بە لەشكری بەتانك و تۆپ و چەكوچۆڵ، هیچ، هەر وەكوخۆی بە رانەمەڕ دەمێنێتەوە . كەسێك رانەمەڕ - وەك هەیە- بە رانەمەڕ نەبینێت و، دەستی بە دەركردنی رۆژنامەو گۆڤارو رێگاكانی تری راگەیاندن بكات، كارەساتێكی گەورەیە، وەك ئەوەیە كە بە گازی ژەهراوی كۆمەڵگا وێران بكات .

زانیاری،نووسین،قامووس،وەرگێڕان و...ئیدی،لەگرنگترین چەكوچۆڵەكانی مانەوەو پەرەسەندنی هەر قەومێكن . تۆ كە- بڵێین- پارچە ئاسنێكی كەم بایەخ بە وەهمی خۆت بە باشترین تانك ببینیت،یا لیستێكی وشەی بێ نەزمی وەكو" هەنبانەبۆرینە" بە باشترین قاموس ببینیت و، ئەو وەهمانەی خۆت بە قەومەكەت بفرۆشیت، تۆ دەستی دەبڕیت، خیانەت دەكەیت، جینایەت دەكەیت .

من بە پێوانەی قاموس سەیری " هەنبانە بۆرینە"ی هەژارم كردووە و بەوپێوانەیە ئەوەم گوتووە كە هەبووە، نەك ئەوەی كە حەزم دەكرد ببوایە . خۆ ئەگەر بە حەزی من بوایە، من حەزم دەكرد باشترین فەرهەنگی سەر رووی زەوی

بوایە، چی بکەم کە وانیە . من شەرەفنامەی کوردیی وەرگێڕانیهەژارو چاپی فارسیەکەی ئەسڵم لای یەکتر داناون و،بەراوردم کردوون و بەراوردەکەی خۆم نووسیوە، هەر وا لە هەوا قسەم نەکردووە . تۆ کە ئامادە نەبیت ئەو شتانە بەو شێوەیە کە هـەن سەیر بکەیت، لەسەر وەهمی خۆت سـوورِ بیت و، لای خۆتەوە باسی سپڵەیی ئەو کارەی من بکەیت ( چونکە لەگەڵ وەهمە خۆشەکەتدا ناگونجێت)، ئەو کارەت خۆشەویستیی قەومەکەت نیە، بەوە شـوێنێك بۆ قـەومەکەت دە دنیای قـامووس و وەرگێڕاندا نـاکـەیتەوە، قەومەکەت قوربانی وەهمی خۆت دەکەیت، ئـەوە دەستبڕینی خۆتە، حوقەبازیی خۆتە بەرامبەر بە خۆت، ساختەچێتی، خیانەت و جینایەتە لەگەڵ خۆتیدا دەکەیت .

غیرەت بدە خۆت، بـوێـرە، سەیری هەنبانەبۆرینەو هەڵسەنگاندنی من بکە، سەیری ئـەسڵی فارسیی شـەرەفنامەو وەرگێڕانی هەژارو بەراوردەکەی من بکە، بۆخاتری خۆت لەگەڵ وەهمی خۆتدا دڵـڕەق بـە . با لێرەدا دوو وەهمت بڕەون، مـەترسە، هێشتا هەزاران وەهمی ترت لا ماون و، بەوە دنیات لێ نابێتە دنیایەکی حەقیقەتی سـاردی بێ وەهم . وەهم خۆشە، بەڵام زانینی حەقیقەت بۆ مانەوە و پەرەسەندنت پێویستە .

هەر ناوێکی گـەورە، هەرچەندە لات ئەوپەڕی ئەوپەڕانە، ئـەگەر کەسێك پێی‌گوتیت من فلانەشتی نامەنتیقیم لێ دیتووە، گورج هەوڵ بدە خۆت سەیری ئەو مەسەلەیە بکەیت بزانیت وایە یان نا ،هەقت بەسەر هاتوهاواری حەشا- ماتی دەوروبەرت نەبێت . با ئەو دەوروبەرە هەزارجار ئەیەڕۆ و بابەڕۆ و ئەوە چ حەیاو چ ئاخرزەمان و چ خیانەت و چ نازانمچیەکە بڵێت، با ئەو هاواری خۆی بکات و تۆش لێکۆڵینەوەی خۆت بکە . ئەگەر بە ئاشکرا نەتوێرا لەبەر- چاوی ئەوانی بکەیت، وەرەوە ماڵ، پـەردەکان دادەوەو لێبکۆڵـەوە . دەکرێت بگـەیتە ئەو نەتیجەیە کە قسەی ئـەو رەخنەگرە هەڵەبووەو، خاوەن ناوی گەورە نامەنتیقی نەبووە، بەڵام دەبێت خۆت بگەیتە ئەو نەتیجەیە نەك" چونکە خەڵك وا دەڵێن" . یەکجار- یەکجار زۆر ئاساییە تـەواوی خەڵکی جیهان لە قۆناغێکدا لە شتێکدا ئەوپەڕی هەڵە بن و تـەنیا تاقە یەك کەس کە تۆیت لەوەدا هەڵە نەبێت . ڕاست کردنەوەی هەڵە هەمیشە دەکرێت لە یەك کەسەوە دەستپێبکات، وەك کە چیرۆکەکەی ئاندرسن پیشانی دەدات : خەڵك هەموو بە پۆشاکی دەبەر پادشایەك هەڵـ - ـدەڵێن کە دەبەریدا نیەو رووت و قووتە!، تا منداڵێك بانگ دەکات ئای خۆ ئەوە پادشا رووتەو گەڵوگونی دیارە ( ڕەنگە ئاندرسن ئەسڵی چیرۆکەکەی لە ئەدەبی سپانیایی وەرگرتبێت) . با تۆ قەت یەك دێڕیشت نووسین نەبێت، ئەگەر کەسێك پێی‌گوتیت " شکسپیر" قسەیەکی حیزی نووسیوە، گورج بڵێ " کامەو لە کوێ؟ "، خۆت سەیری بکە، دەکرێت لەوەدا هاوبیری نەبیت، بەڵام زۆر چاکیش دەکرێت قسەکەیت پێ راست بێت، یا تەنانەت ئەولاتر- یش، چونکە زۆر چاك دەکرێت شکسپیریش جارێك قسەیەکی کردبێت کە لە حیزیش حیزتر بووبێت .

چەندین ساڵ، هەزاران " زانا" قسەیەکی لە حیز حیزتری" ئەریستۆ"ی گەورە فەیلەسووفی یۆنانیان قەبوول بووە کە" بە چەند بەڵگەیەکی زانستی، پیاو لە ژن عاقڵترە، یەکێ لەو بەڵگانە ئەوەیە کە پیاو ددانی پتری دەدەمدایە". کەسێك نەبووە بڵێ " ئاخر هەی ئەریستۆی کەر، تۆ ددانەکانی خۆت و ئەوەی ژنت ژماردوون ؟ " . ئەو قسەیەی ناکرێت مەگەر هەر دەوری دە چەوساندنەوەی ژندا هەبووبێت ( خۆ پیاو ناچێت بێ‌عەقڵێکی کە ددانێکی لەوەی ئەو کەمترە بە خۆی یەکسان بکات!) . *

زەنا- زەنا و وەهمی خەڵکی دەوروبەرت بە هەڵەت نەبات . با هەر تاکە - وەکو دۆنکیشۆت - وەهمەکەی بۆخۆی بێت، تۆش بەشی خۆت وەهمت کەم نین، با ئەوەندەی تریشی لە خەڵکەوە نەیەتە سەر .

---

* کتێبێك هەیە، دوو کەس ئامادەیان کردووە، بریتیە لە کۆکردنەوەی " قسەی لە حیز حیزتر"ی گەورەترین پیاوانی زانست و ئاین و سیاسەت و فەلسەفەی سەردەمانی خۆیان، لە کۆنترین دەورانی مێژووەوە تاکو ئەم سەردەمەی ئێمە . کتێبێکە بە ئینگلیسی دانراوە، من هەمبوو، بەڵام ئێستا هەر وەرگێڕانە هۆڵەندیەکەیم لا ماوە :

Christopher Cerf & Victor Navasky, The experts speak : the definitive compendium of authoritative misinformation- New York : Pantheon, 1984.

( Deskundigen aan het woord, vert. door H.Kuipers هۆڵەندیەکەی )

## ٦٠ ـ" ا"ی چوارەم پیتی ناوی هەژار، " ا"، مردووت نەمرێت ... " ا"، ئێمە باسی " ا" دەکەین ..." ا"



زۆر وادەبێت، لەناو بەشێکی خەڵکی هەر وڵاتێکدا، نوکتەیەکی گاڵتەپێکردنی شتێکی رژیمی ئەو وڵاتە دەکەوێتە سەر زمانان. دۆستێکم، دارا عەبدولقادر، سەردەمێك بۆ خوێندن لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات ببوو( کە ئەوسا حیزبی کۆمونیستی سەر بە مۆسکۆ حوکمی دەکرد)، چەند نوکتەیەکی ئەو سەردەمەی خەڵکی ئەوێی دەگێڕایەوە، کە ئەمە یەکێکیان بوو :

"پیاوێکی خەڵکی ئەڵمانیای رۆژهەڵات، دۆستێکی ئەمریکایی لە ئەمریکاوە دەعوەت دەکات بێت چەند رۆژێك میوانی بێت . ئەمریکاییەکە دێت و، چەند رۆژێك میوانی دەبێت و، دوای ئەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی . مازووڤان میوانی خۆی بەڕێدەکات، لەگەڵیدا تا وێستگەی قەتارێك دەچێت، کە میوانی لەوێوە بە قەتار بچێتە فرۆکەخانە بۆ چوونەوەی ئەمریکای . لە وێستگەی قەتار چاوەڕێ دەکەن . ئەڵمانەکە دەست دەکا بە پێهەڵگوتنی نەزمی قەتاری وڵاتی خۆی بۆ میوانە ئەمریکاییەکەی : ئا لەم وێستگەیەوە، هەر نیو سەعاتێك قەتارێك بۆ مۆسکۆ دەردەچێت، هەر دە دەقیقە قەتارێك لێرەوە دەچێتە بەرلین، هەر پێنج دەقیقە قەتارێك دەچێتە لایبزیگ، هەر دوو دەقیقە قەتارێك لێرەوە بۆ فڵانە شوێن و هەر دەقیقەیە قەتارێك بۆ فێسارە شوێن . ئەمریکاییەکە دەڵێت :

ـ بەڵام کوا خۆ ئێمە وا یەك سەعاتە لێرە چاوەڕێ دەکەین، نە یەك قەتارمان دیت بێتە ئێرەوەو نە یەك قەتار لێرەوە بڕوات، چۆڵ و هۆڵ، نە قەتارێك و نە هیچ .

ئەڵمانەکە بە تووڕەییەوە بە روویدا دەتەقێتەوە :

ـ ئای، ئێوە رەشەکان دەکوژن، خوێنی میللەتان دەمژن، بۆمب بە هیرۆشیمادا دەدەن!

ـ قەتار، قەتار، مردووت نەمرێت ... قەتار، ئێمە باسی قەتار دەکەین ... قەتار . "

منیش، کە پێم خۆش نیە خۆم بە ئەمریکایی خوێنمژی میللەتان بەراورد بکەم، بەڵام تووشی هەمان کێشەی ئەو ئەمریکاییە بووم . کاتێك لە "هەنبانە بۆرینە"ی هەژار دەکۆڵمەوە، هەوڵ دەدەم لە هەموو روویەکەوە ساغی بکەمەوە، لە هێندێك رووەوە تابڵێیت بە بەرهەمێکی باشی دەبینم و، لە هێندێك رووی تریشەوە هەڵەو کەمو- کووڕیی تێدا سەرنج دەدەم، کاتێك دەڵێم ئەوەتا هەژار پیتی" ا" ی چوارەم پیتی ناوی خۆی دە لیستی پیتەکانی نووسینی کوردیی هەنبانەبۆرینەکەیدا دانەناوە، ئەو هەمووە حەشاماتە بە رووەمدا دەتەقێنەوە :

ـ مامۆستا هەژار گوتوویە " بە کوردی دەژیم بەکوردی دەمرم " !

ـ مەرگێ لە رێی نیشتمان بێ سەد ژیانی بە قوربان بێ !

ـ دەوری قارەمانانی رزگاریدەر رەنگ و بۆنی سەلبی پێوە دیار نیە !

ئێ؟ ئەوجا؟ ئەوە مانای ئەوەیە پیتی "ا"ی ناوی خۆی خستووەتە قامووسەکەیەوە؟ کوا من گوتوومە نەیگوتووە " بەکوردی دەژیم بەکوردی دەمرم"؟

کە من ئەسڵی فارسیی شەرەفنامەو وەرگێڕانەکەی هەژار لای یەکتر دادەنێم و بەراورد دەکەم، بەغوونە دەڵێم ئەوەتا "لوڕستان"ی فارسیی بە "کوردستان" وەرگێڕاوە، بە سەدان کەس بە روومدا دەتەقێنەوە، دەمکەن بە مەلای خەتێ و خاین و چی و چی و، بەتایبەتی بە ئەم بەڵگەیە قسەکەم بەرپەرچ دەدەنەوە کە مامۆستا هەژار فەرموویە :

ـ بەسیەتی نازانمچی بەستە مەوتەنەکەت سەربەستە !

ئێ ؟ ئەوجا ؟ ئەوە یانی کوردستان هەر بریتیە لە لوڕستان و من هەڵەم کردووە نەك وەرگێڕی مەوتەنەکەت سەربەستەو هەستەو نازانمچی ؟

ئەمە لەچیەوە دێت ؟ پرۆسەی دروست کردنی بوتە، چونکە نەزانی بەتاڵاییەکی زۆر گەورەی ناوەتەوەو مرۆڤ دەبێت بە وەهم پڕی بکاتەوە ؟ ساکاریی سەردەمی نەزمی عەشیرەتییە ؟ چیە ؟

کاتێك ئێمە دەچینە شاییەك و، دەستی دۆ دەگوشین، یا چاوبازی دەگەڵ نازدارااندا دەکەین، گۆرانیبێژێك لەو کاتەدا بە قسەو ئاوازی خۆش ئەوەی دە دڵماندایە دەریدەبڕێت، ئێمەش بەوچاوانەمان دەگەڵی دەڵێین کە بڕیو-مانەتە چاوی یار. ئەوە هەمووی زۆرخۆشەو، بۆ ئەوە زۆر سوپاسی گۆرانیبێژ دەکەین. بەڵام ئەگەر کێشەیەکی ئاودێری یا تووتنەوانی یا نەخشەی شەڕدانان یاهەرچیی تر رووماں تێبکات، دەستەوداوێنیگۆرانیی ئەو گۆرانیـ-بێژە نابین . ئەویش ئەوسا وەکوهەرکەسێکی تر، بەگوێرەی ئەوەی لەو مەیدانانەدا دەیڵێت شوێنی دیاردەبێت نەك چونکە لە هەڵپەرکێدا شادمان دەکات و گۆرانیی خۆشمان بۆ دەڵێت . من، زۆر حەزدەکەم گۆرانیی محەمەد سالح دیلان ببیسم، بەڵام ئەگەر کەسێك پێم بڵێت دیلان کتێبێکی دەربارەی کیمیا نووسیوە، دەبێت من پسپۆڕی کیمیا بم و ئەو کتێبە ببینم تاکو بتوانم حوکمی لەسەر بدەم، ئەوسا دەکرێت بڵێم لە کیمیاشدا باش بووە یان نا .

ئەگەر کتێبەکەی دەربارەی کیمیا هەمووی قسەی قۆڕیش بێت و هیچی تر، من - هەروەکو پێش دیتنی ئەو کتێبە

قۆڕەی - حەز دەکەم گۆرانیەکانی ببیسم، چونکە ئەو لای من شاعیرو گۆرانیبێژو ئاهەنگسازە ، نەك کیمیازان .
هەژار ،کە هەستی گەلی خۆی، لە راستیدا- وەك پێشتر رووىم کردەوە- هەستی هـەموو جەماوەری خۆی لە هـەموو قۆناغێکدا بە کێش و قافیەی جوان دادەڕێژێت: کوردستان ـ باغ و بێستان ـ کوێستان ...ئیدی،لێنین ـ ستالین، بارزانی ـ پێشمەرگەی قارەمانی ـکاوانی ـ شەهیدانی ... ئیدی، بەڵێ،ئەوە هەمووی بۆ ئەو جەماوەرە زۆر خۆشە و مەگەر بۆ ئەوە هەر زۆر سوپاسی بکات، بەڵام کە کتێبێك بە ناوی قامووس دابنێت و من پسپۆڕی قامووس بم و سـەیری بکەم و ببینم کە کەمایسیی هـەیـەو ، ئەوە بڵێم، ئەوە چ کـاری بەوە هەیە وای لێکبدەیتەوە کە منیش وەکو تۆ کـوردستان ـ باغ و بێستان ـ کوێستان ...ئیدی و لێنین ـ ستالین و بـارزانی ـ پێشـمەرگەی قـارەمانی ـ کاوانی ـ شەهیدانی ...ئیدیم پێ خۆش نیەو ، دەمکەیت بە مەلای خەتێ و خاین و چی و چی؟ چەندی بە چەندی؟ تێگەیشتنی ئەوە هاسان نـیـە . هەژار دەزانێت شیعر دابنێت، من دەزانم حوکم لەسەر قامووس بدەم، یەکی تر لە کیمیا دەزانێت، کەسێکی تر دەزانێ تەلەڤزیۆنی خراپبوو چاك بکاتەوە، هەرکەسەو لە ئەو شتەدا کە لێی دەزانێت و بە پێوانەی زانستی لە ئەو شتەدا دەتوانێت قسەی تێدا بکات، وەك دەڵێن نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب .
هەژار خۆی هەمیشە - هەمیشە لە وەڵامی پرسیاری خەڵکدا گوتوویە" وەڵلا براگیان من قەواعیدی زمانیکوردی نازانم، من کوردیی دێهات (نەك شارستان) دەزانم"، خۆی گوتوویە من و قامووس دانان کوجا مەرحەبا؟ ، هەژار خۆی دژی فەلسەفە بوو و بە فاسیدبوونی تێدەگەیشت، هەژار گاڵتەی بە رەواننـاسی دەهات، بەڵام ئاخر ئەوانە چ کاریان بە ئەو شتانە داوە کە هەژاریان لای قەومی خۆی خۆشەویست کردووە، کە بریتیە لە کـوردستان ـ باغ و بێستان ـ کوێستان ...ئیدی، لێنین ـ ستالین، بارزانی ـ پێشمەرگەی قارەمانی ـ کاوانی ـ شەهیدانی ... ئیدی .
مەگەر ئەم شتە خۆشانە هەروەکو خۆیان نامێننەوە ؟
ئەوە گوتمان بابایەکی لە سادەترین توێژەکانی کۆمەڵگا، پێی خۆش نیە خۆشەویستەکەی لە هیچ روویەکەوە بـە بەرزترین کەس دانەنرێت، بەڵام ئاخر خوێندەوارێکی کە سەرنووسەری گۆڤارێکەو دەبێت بزانێت قامووس چیە و وەرگێڕان چیە چ بەهانەیەکی بۆ ئەو تووڕەبوونەی هەیە ؟
نالی حەزی لە مەحبووبەیەکی کە چاوی خێل بووە کردووە، ئێمە زۆر باش لەوە دەگەین کە هەستی ئەو لە ئاست چاوی دڵبەری لەوەی زۆرکەسی تر( کە پێیانگوتووە مەحبووبە" خێل و قیچمەیلی شەرڕدەکا") جیاوازبووە، بەڵام ئەگەر مەحبووبە بچووبایەتە لای بژیشك، بژیشك نەدەبوو بڵێ نا ، من عەمەلی چیت بکەم، تۆ خێل و قیچ نیت، هەر ئەوەیە کە " تەرازووی نازت نەختێ سەردەکا". " عاتیفە"ی دڵدار و " زانست"ی بژیشك دوو شتی جیاوازن .

هـەموو قاموسێك لە دنیادا کەمایەسیی هـەیـە، هەر مرۆڤێك لە دنیادا سەری لە قاموس دەربچێت و بتوانێت لێکۆڵێتەوە وکەمایەسیەکانی بڵێت خزمەت بە قاموس دەکات . وەرگێڕانیش کارێکی هـاسـان نیە، ئیتالیەکان قسەیەکیان هەیە دەڵێت" وەرگێڕ خاینە"، واتا هەرچەند هەوڵیش بدات کە گیانی ئەسڵەکە وەکو خۆی بە ئەمانەت بە زمانێکی تر بگەیەنێت، هەر بە تـەواوی بۆینـاگات . لێکۆڵینەوە لە هـەر وەرگێڕانێکی هـەر بەرهەمێکی هەر کەس بۆ سەر زمانی کوردی نەك هەر خیانەت بە کوردو کوردستان نیە، بگرە خزمەتیشە بە کتێبخانەی کورد . بە تایبەتی لێرەدا، باس لە هەڵەکانی وەرگێڕانی " شەرەفنامە"یە کە لای کورد ئەوەندە گرنگە. دەبوو زۆر کەسی تریش لە وەرگێڕانی ئەوکتێبەی بکۆڵیبایەتەوە و، لێرەدا ئەو کارەی منی پێ خراپ نەبوایە . ئـەگەر خودی هەموو تێبینیەکانی منیشی قەبووڵ نەبوایە، هەر ئەوەی پێ باش بوایە کە من سەرنجم بۆ ئەو باسە راکێشاوە ، لەسەر ئەو کارەم منی دە گۆڤارەکەیدا بە سپڵەو دوژمنی کـوردو کـوردستان و نازانچی دانـەنایە . ئـەو رەوشـتـەی ئـاینیە سەلەفیەکان، کە هەرچی میزاجیان نەیویست بە کفری دابنێن، یا ئەوەی لەگەڵ فەرهەنگی رەسمیی دەسەڵاتداران رێك نەهاتەوە بە خیانەت بە نەتەوەو نیشتمان دابنرێت،کارەساتی گەورەن، دەبێت زۆر هەوڵ بدەین لە فەرهەنگی خۆمانیان بژاربکەین،" ئەوە" ئەرکی سەرشانی هەموو هۆیەکانی راگەیاندنە، نەك رەگەڵکەوتنی قەتاریعاتیفەی جـەماوەرێکی سـادەی بـەدبەخت ..

" هەژار یانی بۆ كوردستان و شەرەفنامە و قورئان بە كوردی، یانی قانوون لە تیبدا و وەرگێردراوی شەریعەتی، یانی چێشتی مجێور و دیوانی مەلای جزیری و مەم و زین، یانی هەنبانەبۆرینە و... نەك هەندێ پڕۆپاگەندەی ئەودیوی پەردەی ژیانی شەخسی"،

ئەوانەش هەمووی وەچەكانی لقێكی درەختی

" بەرهەمەكانی خانی، جزیری، نالی(..) قزلجی، هێمن، هەژار، سوارە(..) مەحوی، ئەمین زەكی بەگ، تەوفیق وەهبی" ین .

كەواتە، هەركەسێك بێت و لە شتێك لە ئەو بەرهەمانەو خاوەنیان بكۆڵێتەوە، دەبێت پێشەكی بزانێت كە نابێت بە هیچ نەتیجەیەكی نەرێنی دەربارەی هیچ كام لەوانە بگات، دەبێت لەپێشدا نەتیجەكە دیاربكات ئەوجا لێبكۆ- لێتەوە!، چونكە ئەوانە ئیتر كیانی نەتەوەیكوردن و، كورد بە بێ پیرۆز راگرتنی ئەوانە هەر بە نەتەوەش دانانرێت . ئەوانە " قارەمانانی رزگاریدەر" ن و " ئەودیوی پەردەی ژیانی شەخسی"یان نابێت باس بكرێت .

ئەو قسانە ژەهری ئەفسانەو جادوون، چەكی كیمیایین، ئەگەر كاری خۆیان بكەن ئەوا نەتەوەی كورد ئەوەندەی تر بە ناخی ئەرزدا دەبەن، كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەسەر مێشكی كورد دەهێنن . بە تایبەتی كە هیوادارین كەم -كەمە پێشكەوتن لەم سەدەیەدا بكەوێتە عەقڵی كوردەوە، ئەو قسانە دەیانەوێت ئەو پێشكەوتنە لەباربەرن و كورد دیلی ئەفسانەو وەهم بهێڵنەوە .

من گومانم لە چاكیی نیازی خاوەنی ئەو قسە ژەهراویانە نیە . من ماوەیەكی كورت (١٩٨٩-١٩٩٠) پێوەندیی نامەم لەگەڵدا هەبوو و دەمویست پێكەوە " فەرهەنگی باڵندە"كەی بە شێوەیەك چاپ بكەین كە پترین خزمەت بگەیەنێت ( زۆر لەمەی دوایی ئاراس كردوویە باشتر)، ئەویش لە باسێكی سەكۆدا دە هانام هات، بەڵام - وەك ئەوروپایی دەڵێن - رێگای دۆزەخیش بە نیازی چاك تەخت كراوە . ئەو قسانەی ، بانگەوازە ئاگرینەكانی " سید قطب "ی گەورەترین دامەزرێنەری " الاخوان المسلمین" وەبیردەخەنەوە، كە خەڵكی لە مزگەوتەكان بە خوتبە ئاگرینەكانی گرتێبەرداوە :

" ئێمە پێویستمان بە هیچ روونكردنەوەیەك نیە، هەرئەوەندەمان بەسە كە دەڵێین لا اله الا اللّٰه محمد رسول اللّٰه، هەرئەوەندە دەڵێین و ئیتر بەسە ( وكفیٰ)، هەرئەوەندە دەڵێین كە ئێمە خاوەنی قورئانین وكفیٰ "، هەرئەوەندە دەڵێین كە ئێمە لە ئوممەتی " محمد بن عبداللّٰه"ین و وكفیٰ ... وكفیٰ ... " .

هەرکەسێك لە دنیادا بڵێت دەبێت سانسۆر لەسەر " عەقڵ" دابنرێت، خیانەت بە مرۆڤ دەکات . ئەو قسانەی یەکەم لەمانەی " سید قطب "یش پتر شووڵی لێ هەڵدەکێشن، " سید قطب " قەت دژی ئەوە نەبووە ژیانی تایبەتی ( تەنانەت جنسیی) پێغەمبەری ئیسلام باس بکرێت، لەکاتێکدا کە ئەو قسانە رێگا لەوە دەبڕن باسی ژیانی تایبەتیی لقەکانی ئەو درەختە بکرێت ( کە خاوەنی ئەو قسانە هەزار بە یەکێك لەو لقانە دادەنێت) .

ناوبردنی هەموو ئەوانە بە یەك نەفەس (هەر لە خانی یەوە تا بە تەوفیق وەهبی دەگات ) کارێکی زۆر بێ ویژدا-نانەیە . هەر بەنموونە : خانی وەکو تەوفیق وەهبی جاشی ئینگلیس نەبووە . تەوفیق وەهبی لەگەڵ ئەدمۆندزدا بناغەی یەکەم قامووسی کوردی- ئینگلیسییان بە شێوەیەکی زانستی( بۆ خوێندکارانی ئینگلیس لە ئۆکسفۆرد) داناوە، ئەوە حەقەن بە خزمەتێکی زۆر باشی کتێبخانەی کوردیش دەشکێتەوە، بەڵام دیسان کورد نابێت نە هەڵوێستی تری ئەدمۆندز و نە ئەوەی تەوفیق وەهبیی جاشی لە دەرسەکانی خوێندنی مێژووی بسڕێتەوە .

قامووسی زمان گرنگەو، دەرسی مێژووش گرنگە، هەرتك گرنگن و دەبێت هەرکامە بە پێوانەی خۆی بپێورێت، " نەوت بە گالۆن و قوماش بە گەز" .

ئەوانە مرۆڤیش بوون، ئێمەش مرۆڤین و بەشێکین لە مرۆڤایەتی . مرۆڤایەتی مافی ئەوەی هەیە و تەنانەت لەسەریەتی کە لە لایەنی مرۆڤ بوونی هەر ئەندامێکی لەو ملیۆن ساڵەی دواییدا بکۆڵێتەوە، تەنانەت مرۆڤانی زۆرئاینی هەن کە دەیانەوێت لە ژیانی ئادەم و حەواش بکۆڵنەوە ( کە بە بڕوای ئاینییە جووەکان پێش ٥٧٧٠ ساڵ و ئەوەندە رۆژ بووە) .

ئێمە کورد ئەوەین کە هەین و، لەخۆماندا، لە رووی بابەتییەوە، هیچمان لێ بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی تەواو کەم نیە و، پێویستمان بە داتاشینی هیچ ئەفسانەیەك نیە ( وەك ئەو هەمووە وەهم و ئەفسانەیەی کە پرۆپاگەندەی کەمالی بۆ تورکیان داتاشیوە)، کێشەی ئێمە لە رووی زاتییەوەیە کە نازانین چۆن خۆمان لە داگیرکەرانی نیشتمان و چەوسێنەرانی نەتەوەمان رزگاربکەین، چارەی " نەزانی"یش بریتییە لە " زانین"، واتا " عەقڵ"، نەك وەهم و ئەفسانەو نەوێرانی لێکۆڵینەوە و تۆزین لە هەر شتێك و هەرکەسێك . ناوبردنی هەموو بەرهەمی هەژاریش بە یەك نەفەس، بە هەمان شێوە بریتییە لە درشتکاری و گۆترەکاری و- وەك دەڵێن- تێکەڵکردنی ماست و دۆشاو . ئەوانە هەموو لێکۆڵینەوەیان دەوێت، من لای خۆمەوە دەتوانم بڵێم :

- " بۆ کوردستان" شتی باشیشی تێدایەو شتی خراپیش .

- وەرگێڕانی شەرەفنامە زۆر پەرپووتە .

من له " قورئان به کوردی" هەر یەکەم لاپەڕەیم له " گووگل"دا دیتووه، که سورەتی ئەلفاتیحەیه و هەڵەی گەوره دە وەرگێڕانەکەیدا هەیه، له شوێنی تردا( ل ٣٨٩ی ئەم کتێبەمدا) باسی دەکەم .

- قانوون له تیبدا، ئەوه فارسەکان دەبێت حوکم بدەن بزانن ئەو پارەیەی بۆ ئەو وەرگێڕانه داویانه به هەژار لەجێی خۆیدا بووه یان نا. من کوردێکی نەتەوەییم و وای به باش دەزانم کورد کات و ئەنەرژیی خۆی به رادەی یەکەم بۆ خزمەتی زمانی نەتەوایەتیی خۆی تەرخان بکات .

- وەرگێڕانی پڕۆپاگەندەی ئاینیی " شەریعەتی"، من ئەسڵەکانم نەدیتوون تا بزانم چۆن وەرگێڕدراون و نازانم رێکخراوه ئیسلامیەکان لەوەدا دەڵێن چی، من لەگەڵ ئەدەبیاتی پڕۆپاگەندەی ئاینییدا نیم( با پارەشی بۆ هەژار تێدا بێت) .

- شەرحی دیوانی مەلای جزیری، من به باشی دەبینم .

- " مەم و زین" ـەکەشی خراپ نیه .

- هەنبانه بۆرینه، وەك من تۆژیومه، یەکێك له کەرەسته بەکەڵکەکانه بۆ کەسێك که فەرهەنگێکی کوردی دابنێت .

ئیتر ئەو بەرهەمانەی هەژار له مەیدانی خۆیاندا به هیچ جۆرێك له ئاستی بەرهەمەکانی تری ئەو ناوبراوانەی تر له مەیدانانی خۆیاندا نین . ئەوجا جیاوازیی زۆرگرنگ له نێوان سەردەمی ئەواندا هەن، که دەبێت رەچاو بگیرین . خانی، بەڤوونه، دیباچەیەکی بۆ مەم و زین نووسیوه، که له ناو دەستەیەکی کۆمەڵایەتیی قۆناغێکدا کەڵکی هەبووه، ئێمه ئێستا " له رووی مێژووییەوه" رێزی لێ دەگرین، ئەینا کورد چووەته قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزەوەو ئەو دیباچەیه چیتر به دەردی ناخوات . تۆ دەتوانیت ئەو دیباچەیه بۆ بارزانی و تاڵەبانی و ئەو هەمووه حیزبانه بخوێنیتەوه، بەڵام رەنگه ئەگەر گوێزیان بۆ بژمێریت تەئسیری پتری بەسەر سیاسەت و رێبازو بڕیاری ئەواندا هەبێت . کەواته ئەو چەکه دە هەلومەرجی ئێستادا کارناکات . دەورێکی که شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست دیتوویانه زۆر جیاواز بووەو، دەبێت به زۆر پێوانەی تر حوکمی جیاواز لەسەر زۆرلایەنه جیاوازە-کانیان بدەین . شیعری ئەو شاعیرانه هەرچەنده گرنگ بووبێت، بەرپرسیاریی لایەنەکانی تری ژیانیان لەسەر لانادات . یەکێك له گەورەپیاوانی شۆڕشی فەرەنسا، میرابۆ، که مرد له گۆڕی گەورەپیاواندا ( پانتیۆن، که دواتر گەڵکۆی ڤۆلتێرو رۆسۆش دەگوازرێنەوه ئەوێ) نێژرا، دوای ئەوه دەرکەوت که کەینوبەینی نهێنیی به زیانی شۆڕش لەگەڵ پادشاو شاژندا هەبووه، له گۆڕی دەرخراو سزادرا ( رەنگه نێوانی جنسیی دەگەڵ خودی شاژندا

هـەبووبێت، پیاوێکی زۆر حـەشـەری بووە و - بەلای‌کەم- سێ کتێبی جنسی( پۆرنۆ)ی بە ناوی نهێنی یا بێ‌ناو نووسیون و چاپ و بڵاوکراونەتەوە) . لایەنگری رژێمی پادشایی بوو، بـەڵام ئـەویش وەکـو ڤـۆلتێر، لایەنگری رژێمی پـادشـایی دەسـتووریی وەکـو ئـەوەی ئینگلستان بوو . وتارە ئاگرینەکانی( هـەر لە وتاری بەناوبانگی ٢٣ی تەممووزی ١٧٨٩یـەوە) دەوری گرنگیان دە شـکاندنی بڕبڕەی پشـتی رژێمی ئیستیبدادی" لویی ١٦" هەمدا هـەبوو . ئەو دەورەی میرابۆ بۆ شـۆڕشی فـەرەنسای دیتووە، رەنگە زۆر لەوەی کێش و قافیەی هەژار بۆ کوردو کـۆمونیزمی دیتووە گرنگترو راستەوخۆتر بووبێت . بـەڵام ئیتر هەر شتە پێوانەی خۆی هەیە، سزای خیانەت لێرەدا تەنانەت دەستی لە مردووش نەپاراستووە .

هەژار ،لە سەردەمی سیاسەت و حیزب و شەڕو هەراوهەنگامەی ئاڵۆزو خوێنینی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی نەتەوەکەیدا بوو، بەرپرسیاریی تریشی هەبوون، بەغوونە لەمەسەلەی سولەیمانی‌موعینی‌دا، لە پەروەردەی منیشدا کە دەیویست لە ژیانمدا تەنیاو تەنیا بیر لە پارەپەیداکردن بکەمەوەو بەلای " سیاسەت"دا نـەچم و زۆر شتی تر .
ئەو شتانە دەبێت هەر یـەکەیان بە پێوانەی خۆی بپێورێت، نـاکرێت هەژار هەمووی وێکڕا لەگەڵ ناوی خـانی و جزیری و نالی و مەحوی بخرێنە تـەلیسێکەوەو سـەری تـەلیس بگیرێت و، لە سەر تـاقەی مووزەخانەی نـاوداران دابنرێت و، لێکۆڵینەوەی حەرام بکرێت . سادەکاریی وەها دەبێتە هۆی پەککەوتنی گرنگترین شت بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد : " عەقڵ" .

" نالی"، شیعری زۆر بەرزن و جێی شانازیی ئێمەن، بـەڵام پێوەندیمان بەوەوە ئێستا هەر لە ڕێی شیعرییەتی و هیچی تر . خۆ ئەگەر نالی ئێستا لامان بوایەو هەڵوێستی سیاسیی بە زیانی شۆڕشی‌کورد هەبوایە، یان لە ژیانی شـەخسیدا خەریکی بەکارهێنانی جنسیی منداڵەکانمان بوایە، حەقمەن - بە بـێ ئەوە کە نکوڵی لە بـەرزیی شیعری بکەین - لەسەر هەرکام لەو دوو رەفتارە لەگەڵیدا زۆر سـەخت دەبووین . عەلادین سـەجادی، بە تـایبەتی بە دوو بەرهەمی " مێژووی ئەدەبی کوردی" و" رشتەی مرواری" خزمەتی گەورەی بە کورد کردووە، تەنانەت ئەو هەمووە جنێوانەی کە کورد لەسەر رشتەکەی بە نامە بەسەریاندا باراند لە هیممەتی درێژەپێدانی‌کارەکەی کەم نـەکردەوە، ئەو خۆی کارەکەی پێ راست بوو و منەتی بە بێ عـەقڵیی ئەو هەمووە کوردە نەبوو . بەڵام، هەمان سەجادی کاتێك چووە ئیدارەی حوکمی زاتیی بەعسی لە هەولێرو، بەوە دژایەتیی شۆڕشی کوردی کرد ، کورد- زۆر لەجێی خۆیدا- رەخنەی توندیان لێ‌گرت (هەرچەندە هەژار یەکجار زۆر لەو رەخنانە تووڕەبووە و لەسەر سەجادیی کردووەتـەوە)، خۆ ئـەگەر کەسێك لە شۆڕشی فەرەنسادا هەڵوێستی وەهای دژی شۆڕشی هەبوایە ئەوا هەر سـەریان دەپـەڕاند .

تۆ سەیری بکە، یەکێك لە گرنگترین نموونەکانی وەهمی قارەمانی رزگاریدەری مێژووی نوێ، کە جێگای مەنتیقی زانستی گرتووەتەوە، مستەفاکەمال ئەتاتورکە . ئەتاتورك، رابەریی نەتەوەیەکی تورکی شکاو و پەرپووت و داگیر- کراو و تـەنانەت لە سەر لێواری نەمانی کرد . تورکیای لە لەشکرانی چـەندین دەوڵەت رزگارکرد و سـەرکەوتن بەدوای سـەرکەوتنیدا وەدەست هێنا . بە پێوانەی قارەمانی رزگاریدەر بەم شێوەیەی لە سەرەتای ئـەم فـەسڵەدا باس کرا، ئیتر نـاکرێت " قارەمانی رزگاریدەر" بۆ نـەتەوایەتیی تـورك لەوە گـەورەتر هەبێت . بـەڵام ئەتاتورك، چونکە چەکی وەهم و ئەفسانەشی زۆر بەخستی بەکارهێناوە، مێشکی نەتەوەی تورکی بەشێوەیەك شۆریوە، کە کەس نـازانێت چەند سـەدەی تری دەوێت لەم تاریکاییە سـامناکە و قۆناغەی دواکەوتوویی عەقڵییەی ئێستای دەرچێت .

ئـەگـەر ئەتاتورك، لەجیاتی سۆمەری و ئەکەدی کردن بە تورك و، کورد کردن بە تورکی چیا و، ئەو هـەموو قسە بێ سەروبەرانەی وەهم و ئـەفسانەی تری، بە مەنتیقی زانست نەتەوەکەی بخستایەتە سەر رێبازی ژیاری، ئـەگەر کورد خۆشیان هـەر بە ئۆتۆنۆمی رازی بوونایە، ئەو بیگوتا نـا ، دەبێت بە زۆر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنن، ئەکادیمیا لێکۆڵینەوەی زانستیی خۆی ئازادانە بکات ( بە بێ ئایدیۆلۆجی)، بە پەرەپێدانی ئابووری و ئازادی، کۆمەڵگایەکی دیموکرات لە تورکیادا(و لای دەوڵەتیکوردستانیهاوسێ) پێکبێت، نەتیجە چی دەبوو؟ گـەورەترین ئیحتیمال ئەوەدەبوو کە ئێستا دوو دەوڵـەتی تـورکیاو کـوردستان یـەکگرتوو و بۆ یـەکتر خێرو بێر بوونایە؛ ئـەگـەر تورکیش نـەیویستایە، کورد خودا-خودای بوایە سنووری نێوان کوردستان و تورکیا نـەمێنێت، وەکو چـۆن ئـەڵمانیاو وڵاتانی داگیرکراوی ئـەوسـای ئـەڵمانیای نـازی، ئێستا دەیـانەوێت سـنووری نێوانیان هـەڵبگیرێت . ئـەگەر زانست دەوری یـەکەمی دە رووخاندنی رژیمی پەهلەویدا هـەبوایەو، پەتك بۆعاتیفە شل نـەکرایە، شێوەی زۆرانێ لەگەڵ دوا سـەرەك وەزیرانی شا ( بەختیار)دا دەکرا جیاواز بوایە . هێزە سیاسیەکـان ئەوەندە لە گەڕانەوەی ئەمریکا ترساون کە ریشی خۆیان داوەتە دەست ئـاخوندەکانی قوم، کە هیـچ مەنتیقێکی زانست هەڵیناگرێت مرۆڤ لە بەرەوکۆتایی سەدەی بیستەمدا رژیمی وڵاتی بداتە دەست ریشدارانی مزگەوت، جادووگـەرانی دڕندەی سـەدەکانی نـاوەندی . خۆ ئەگەر هەموو هاوسێکانمان ( تورك و فارس وعا رەب) وێکڕا دەستیان لە گـونی ئـەفسانەو وەهـم بەربدایە، ئەوا ئێستا رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست ئـەوەندە پەرەسـەندوو دەبوو کە ملانێیی لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکاو ژاپۆندا دەکرد . کە مەنتیقی زانست لە ئارادا نەبێت، چەکی وەهـم و ئەفسـانە ئەگەر لە قۆناغێکدا گەورەترین سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت، ئەوا لەدواییدا کارەساتی وەهای لێ دەکەوێتەوە،

كە لە چیرۆكی " ئیشاڵڵا" و" ماشاڵڵا"ی كەری جڕجاڵیش خراپتر بێت : جڕجاڵ كاتێك دێت كە كورتانی كەرەكەی تەواو بێت، هەر " ئیشاڵڵا" ی كوڕی تەقەڵێكی لێدەدات و " ماشاڵڵا "ی برای " ئیشاڵڵا" تەقەڵەكە هەڵدەوە-شێنێتەوە . دە لە حاڵەتی ئەتاتوركدا، ئەتاتورك لەلایەكەوە تەقەڵێكی بۆ تورك لێداوە، بەڵام بۆ زۆر ساڵانی تری مێژوو بە دەیان تـەقەڵی لێ‌هەڵوەشاندووە . چ ڕێگایەكی دوورودرێژی خستووەتە پێش كـوردو تـورك و، دەبێت چـەند ساڵی تر یەكتر بكوژن و ببڕن تـاكو تورك بەو نەتیجەیە دەگەن كە ئەو هـەمووە سـاڵانەیان لە مێژوودا بە كارەسات لەدەست چووە و، ئەوجا مەنتیقی زانستی ئەوروپاییان لە كێشەی سنووری نەتەوەكاندا تێبگەن .

ئـەگەر ئەم قسانە بە زاراوەسازیی فكرو زانستی سیاسەت دابڕێژین، ناچار زاراوەی ڕۆژئاواییش بۆ ئەوە بەكار-بهێنین ( شتێكی كە من زۆرم پێ نـاخۆشەو دەمەوێت ئەوەندەی بۆم بكرێت خۆمی لێ لادەم ) دەڵێین : نـابێت ڕێ بدەین " پراگماتیزم " لە " مەنتیقی زانست "مان دووربخاتەوە .

هیتلەر، ڕابەرێكی زۆر پراگماتیك بوو . لە كتێبەكەیدا( تێكۆشانی من )، باسی ئەوە دەكات كە جارێك چووەتە پـەرلەمان، كە خەڵك لە سیستەمی دیموكراتی دەتوانن بچن سەر لە پەرلەمان بدەن و دابنیشن سـەیربكەن وگوێ - بگرن . شتێك دەڵێت كە ئێستا كتێبەكەیم لەبەردەست نیە تا دەقەكەی ڕاگوێزم ، بـەڵام بەو مانایە كە " چـەند پیرو پاتاڵێك، ئەو هەمووە كاتەیان بە باسی شتێكی بچووكی توڕەهاتی شارەوانی دەكوشت، هێندێك خەونووچكە دەیبردنەوە، هێندێك هەر خەویان لێ‌كەوتبوو، گوتم ئاخ بۆ پەلێك سەرباز ئەم شوێنەم پێ لێ پاك بكردنایەتەوە".

من كە لە تەلەفزیۆنەوە سەیری پەرلەمانی هۆڵەندا یان ئەو هەمووە پیرێژن و پیرەمێردانەی پەرلەمانی ئینگلیس دەكەم، كە كەم وادەبێت نیوەی ئەندامانیشی تێدا ئامادەبن، یان ئـەگەر ئامادەش بن، باش گوێ لەو بـەدبـەختـە بگرن كە قسەیان بۆدەكات، لەوكاتەدا ئەو قسەیەی‌هیتلەرم وەبیردێتەوە، بەڵام دەزانم ئامۆزگەی ژیان سەلماندوویە كە سیستەمی ئینگلیس لەوەی نازیەتی ئەڵمان بـەهێزتـرە،یـەكجار زۆر بـەهێزتـرە . ستالین زۆر پراگماتیك بوو، سەددام حوسێنیش هەر وابوو، پینۆشێی شیلی موعجیزەی ئابووریی‌شی پێكهێنا. بەڵام ئەو " پراگماتیك" بوونانە گوێیان بە دەرسەكانی قانوونی ژیانی میللەتان نەدەدا، دە لەحزەی خۆیاندا نقوم ببوون، منداڵیی زۆر بەدڕندەیی بوون،" زانستی مرۆڤایەتی"یان ڕێ نەدەدا. پراگماتیك بوون بۆ بردنەوەی جەماوەر نابێت ڕێگای شیكردنەوەی زانستیمان لێ بگرێت . مرۆڤ بە قانوونی زانست هێندێك جار دەبێت دڵی جەماوەری سـادەی خۆیشی نەك هەر ڕانەگرێت، بگرە ناچارانە ئەزیەتیش بدات،زۆریشی ئەزیەت بدات . ئێمە زێدە بەخۆمان هەڵگوتووە، با ئیتر فێری ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن بین . كەسانێكی ئینگلیس، بە ڕەخنەی یـەكجار زۆر ڕەق لە نەتەوەكەی خۆیان بوون بە

گەورەپیاوانی ئەو نەتەوەیەیان ( سویفت Swift قەومەکەی بە بارگین بەراورد دەکات و دەگاتە ئەو نەتیجەیە کە بارگین زۆر لەو عاقڵترە) . با ئێمەش لەجیاتی پێهەڵگوتن، هەوڵ بدەین رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن لە فەرهەنگەکە-ماندا ڕێز پەیدابکات . بە تایبەتی کە ئێمە ئەوەندە دواکەوتوو و دەردەدارین، زۆر ددان، زۆر کاکیلە لە فەرهەنگماندا هەن کە کرمێ بوون و دەبێت بە ئێش و ئۆفی زۆرەوە هەڵیانکێشین . قەتار لە سەر ڕێی ڕاست نیە و، دەبێت بیهێنینەوە سەر ڕێ، تاکو بە ڕێگای ڕاستی زانستیدا بڕوات، نەك درێژە بە ڕێگای چەوتی بدات .

ئێمە کورد، سەدەیەکمان بە وەهم و ئەفسانە کوشت، چەندین قارەمانی ڕزگاریدەری زۆر دڵسۆزیشمان هەبوون کە دوامینیان سەرۆك مستەفا بارزانی بوو ( کە لەسەردەمێکدا هیچ کوردێك نەبوو قسەی ئەوی بێ چەندو چۆن قەبووڵ نەبوایە)، بەڵام تووشی کارەساتی زۆرگەورە هاتووین و، ڕێگایەکی زۆر دوورو سەختمان بۆ ڕزگاری لە-پێشە، پێویستیی یەکجار زۆرمان بە یەکجار زۆرعەقڵ هەیە تا لەم شڵپەشڵپە دە دنیای وەهم و ئەفسانە دەرچین . بە هیچ بەهانەیەك، هەرچی بێت، نابێت پێش بە کاری عەقڵ ( زانست ) بگرین . ئەوەندە - ئەوەندە دە وەهم و ئەفسانەدا نقوم بووین، دەبێت ئیتر لێیان وەرز بین و ئەمجارەیان شتێکی تر تاقی بکەینەوە : عەقڵ .

مـرۆڤ کە لە کۆمەڵگایدا لەگەڵ خەڵکی تردا دەژیت، بیەوێت و نەیەوێت، هێندێك ئـەرکی دەکـەونە سـەرشـان و هێندێك مافیشی هەن . بە رادەی بەرپرسیاریی‌گشتیی، ئەرکی سەرشانیشی و مافی ژیانی تایبەتی دیاردەکرێت . خۆ ئـەگەر ئەو مرۆڤە ئەوەندە بەدبەخت بێت کە ببێت بە پادشای ئینگلیس یان هۆڵەندا یان سوێد یان نەرویج یان دانیمارك، ئەوا یەکێك لەو مافانەی کە دەبێت دەستیان لێ بەربدات سـەرەتاییترین مافی خەڵکی وڵاتەکەیەتی : مـافی ئـازادیی دەربڕینی ئاشـکرای بیروڕای خۆی . من لە هۆڵەندا بەکـەیفی خۆم دەتوانم هـەر شتێك بنووسم و بڵاوبکەمەوە، تـەنانەت ئەگەر بمەوێت هەزار قسە بە پادشای وڵات بڵێم، بە پێغەمبەران بڵێم، بە خودا بڵێم، بـەڵام پادشای وڵات (مەلیکەی هۆڵەندا بیاتریکس خانم) نـاتوانێت بە خـەونیش بیر لەو مافانە بکاتەوە کە من هەمن . ئـەگەر مەلیکە جارێك لە شوێنێك شتێك بخوێنێتەوە، ئەوا هـەمان کاری گۆیندەی رادیۆو تەلەڤزیۆن دەکـات، کەسانێك شتێکی بۆ دەنووسن و ئەویش،هەرچەندە وەکو من و تۆ بزانێت کە دنیایەك درۆودەلەسەشی تێدا هەیە، چاری ناچار، بۆ ئەو وەزیفەیەی کە هەیەتی، دەبێت بیخوێنێتەوە . من وابووە باسی ئەو دەوردیتنەیم لە مامۆستا- یانی سیاسەت لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی هۆڵەندی بیستووە، کە "مەلیکە" بریتیە لە سندووقێکی بەتاڵ، هیچی تێدا نیە، پەڕۆیەکمان بەسەردا داوەو دەڵێین ئەو گەورەمانەو هەموو شتێك لەوەوە دێت و... ئیدی لەو قسانە، پێم سەیر بووە ئەعسابی ئەو ژنە چۆن بەرگەی ئەو قسانەی گرتووە .

مەلیکەی پێش ئەم(یولیانا ،دایکی بیاتریکس) لای گەلی‌خۆی زۆر لەم مەلیکەیەی ئێستاش خۆشەویستتر بوو .

ساڵی ١٩٧٦ ، رۆژنامەیەك ( وادەزانم NRC ی عەسرانە بوو)، دە ژمارەیەکیدا ، کـاریکاتۆرێکی بڵاوکردبۆوە کە هێندێك دەمەقاڵەی لەنێوان رۆژنامەکەو کەسانێکدا لێ سازبوو . کاریکاتۆرەکە مەلیکە یولیانای پیشان دەدا کە رووت ببۆوەو داهاتبۆوە، وردەکارییەکانی ناوگـەڵی زۆر بە زەقی لەدواوە دەربـڕیبوون و، سەرەك وەزیران( دێن ئێول) کە لەدواوەی وەستابوو ئامێری جنسیی تێخستبوو، سیاسیە سـەرەکیـەکانی تریش خـەریکی جنس بوون، - ئـەگەر ئێستا باشم لەبیر مابێت - لەوسەرەوە سـەرۆکی حیزبێك ( تێرلاو- سەرۆکی دیموکراتانی ٦٦) ) ئامێری جنسیی خۆی خستبووە دەمی مەلیکەوە و مەلیکە بۆی دەمژی و، لە لایەکی ترەوە رابەری یەکێتیی مـەسیحییە دیموکراتەکان( فان ئاخت،پیاوێکی‌کاتۆلیکی زۆر وشك) سەیری دەکردن و بە خەیاڵی‌ئەوانەوە خەریکی ماکەرێك بوو و، یەکێکی تریش لەوسیاسیانە لەولاوە سەیری دەکردن و خەریکی دەستپەڕ بوو .

دەمەقاڵەکە لەسەرئەوە بوو کە ئەو کاریکاتۆرە دەبوو لە گـۆڤارێکی جنسییدا بڵاوبکرایەتەوە نـەك لە رۆژنامەی

سیاسیدا ، چونکە شوێنی پیشاندانی تەواوی ئامێری جنسی و جنس‌کردن بەگوێرەی قانوونی چاپەمەنی بۆ چاپە-مەنیی جنسی( پۆرنۆ) تەرخان کراوەو، ڕۆژنامەی سیاسی نابێت کەرەستەی ئەوان بۆخۆی بەکاربهێنێت، هەروەك چاپەمەنیی پۆرنۆش بەشێك لە ئەدەبیاتی سیاسی نیە، ئەوانە دوو سنفی جیاوازی چاپەمەنیین .

نموونەیەکی لەخوار مەلیکەوە، لە ئینگلستانەوە: ژنی کوڕێکی پادشای ئینگلیس( سارا خانم)، لەکاتێکدا وێنەی گیرا کە پیاوێکی غەیری مێردەکەی بەسەرەوە، لەگەڵیدا خەریکی جنس بوو . ئەو وێنانە لە چاپەمەنیی‌ئینگلیسدا بڵاوکرانەوە، هەرچەندە ماڵی پادشا ئـەوپەڕی هەوڵیان دا کە بڵاو نەکرێنەوە، بێ فایدە بوو . بۆچی ؟ چونکە ژنی کوڕی پادشا کەسایەتیی گشـتییەو مـافی‌ئـازادیی جنسیی خانمێکی ئـاسایی ئینگلیسی نیـە،کـەواتە قـانوون نـایپارێزێت . ئەگەر ساراخانم کەسایەتیی‌گشتی نەبوایە، وای بە حاڵی ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئاوا وێنەی بگرتایەو بڵاو بکردایەتەوە، ئـەوەش هەر ئـەگەر بە خەیاڵ وای دابنێین کەسێك شتی وەهای بە بیردا بهاتایە، چونکە هیچ ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیس ئەوەندە کـەر نیە کە بیری بۆ شتێکی وەها بچێت، بیر لە بێ‌حورمەتی‌کردن بە ژیانی تایبەتی هاونیشتمانێکی ئینگلیسی ئاسایی بکاتەوە .

مـرۆڤی ئـاسـایی ( ڕەمەکی، ڕەشایی جەماوەر، غـەیری کەسایەتیی گشتی) ، دەبێت حورمەتی ژیانی تـایبەتیی بگیرێت، بـەڵام کەسایەتیی گشتی نـا ، چونکە ژیانی ئەم هەرتەنیا هی‌خۆی نیە، ژیانی خەڵکیشـەو چارەنووسی "گشت"ی پێوە بەندە . کە ئەو ژیانە هی خەڵکیش بوو، ئەو خەڵکە مافی ئەوەی هەیە قسە دە ئەو شتەدا بکات کە هی خۆیەتی . لە حاڵەتی سارا خانمدا، لەو ڕۆژەوە کە قەبووڵی‌کرد ببێت بە کەسایەتیی گشتیی ئینگلیس، ئیتر - لەسەداسەد بە حەرفی - گەڵی خۆی چیتر بەتەنیا هەر هی خۆی نەما و، "گشت" سنووری بۆ ئازادیی ئەو گەڵە دانا کە ئیتر هی ئەویشـە . ئـەگەرگەڵەکە لەو سنوورە دەرچێت، ئـەوا کامیرا حازروبزر وێنەی دەگرێت و پیشانی دەدات کێ چۆن چیی لێ دەکات،هیچ هێزێك نیە پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانە بگرێت،هەروەك دیتمان بەسەر سـارا خانمی پـەپووك هات . کلینتۆن و کێ و کێ و... کێ، هەموو نموونەی ئەو پرەنسیپەن کە دنیا بە چوارچاو و میکرۆسکۆپەوە بەدوویانەوەیە . کلینتۆنی بەدبەخت کارەکشی لەگەڵ ئەو خانمەدا بە تەواوی بەگیان نـەکەوتبوو، ئەو فەزیحەتەی بەسەرهێنرا ، لەکاتێکدا بە هـەزاران پیاوی ئەمریکایی ئـاسایی ئەوپەڕی ئازادانە دەچنە جۆرەها یـانەی جنسی تێکڕایی و ژن و مێرد گـۆڕینـەوەو... کەڵك لە جۆرەها ئـازادیی تری ڕۆژئاوا وەردەگرن و، قانوون دەیانپارێزێت و، وای بە حاڵی ئەوگەوجەی کە خۆ دە ئەو ئازادییانەیان هەڵقورتێنێت . ژنی‌کلینتۆنیش هەر ناچارە ئـاگای لەگەڵی خۆی بێت، نـاتوانێت وەك هـەر ئـەمریکاییەکی ئـاسایی پیاوانێك لەگەڵ خۆیدا بباتەوە ژووری

نوستنی و جێگای کاری و هەرشوێنێکی تایبەتیی خێزانی خۆی .

پێش چەند ساڵێك، پیاوێکی ئینگلیس لە قەحبەخانەیەك دیترا، رۆژنامە لێیانکرد بە هەرا: دیتمانی،کسایەتیی بەرێزی گشتی!، حای - حای تۆ چۆن دەچیتە جێگای وا . زەلامی بەدبەخت گوتی من خۆم بە کسایەتیی گشتی دانانێم و بەکەیفیخۆم هەرکوێیەکی بمویت دەچم . بوو بەکێشە : بەڵێ تۆ کسایەتییگشتییت،نەخێر من کسایە-تییگشتی نیم، چەندمانگ دەستگاکانی راگەیاندن بەوەوە خەریك بوون، تا مەسەلە کەوتە دادگاوە . ئەگەر دادگا بڕیاری بدایە کە بـەڵێ کسایەتیی گشتییە ئـەوا بە گران لەسەری دەکەوت ( لە وەزیفەکەی دەردەکـرا...ئیدی) و ئـەگەر بڕیاریش بەوە بوایە کە نـەخێر کسایەتییگشتی نیە، ئەوا دەبـوو داوای لێبوردن و قەرەبووشی بکەن .

مەسەلە هـەر ئەوە نیـە، کە کسایەتیی گشتی دەبێت نموونەیەکی بـاش بێت، رەوانی دانـەلەنگابێت و، لە رووی پێوەندییخێزانی و عـاتیفییەوە سەقامگیر بووبێت ...ئیدی، مەسەلە پێوەندیی راستەوخۆی بە سەلامەتیی ژیانی رۆژانەی نـەتـەوەوە هەیە . بەتایبەتی دوو نوختە لە ژیانی هـەموو کسایەتیەکی گشتیدا یەکجار زۆر گرنگن و، دەکرێت هەم لە ژیانی ئەوکسایەتیەو هەم لە ژیانی نەتەوەدا چارەنووسساز بن : جنس و پارە . بە دەیان چیرۆکی بەناوبانگی جاسووسیی هـەن، ئەوە دەگێڕنەوە کە چۆن ئەو دوو شتە تێدا چ کارەساتیان ناوەتەوە (من دواتر لە شوێنیخۆیدا نموونە بۆ ئەوە لە مێژووی شۆڕشیکورد دەهێنمەوە) . چەندینکەس لەو رێگایەوە کراون بە جاسووس . مرۆڤێك لەکاتی جنسکردن لەگەڵ منداڵێکدا وێنەی لەلایەن دوژمنەوە بگیرێت و پیشانی بدرێت و، هـەڕەشـەی بڵاوکردنەوەی لێ بکرێت خەتەر نیە ؟ پیاوێك لە ژیانی جنسیدا بێسنووربێت، نـاکرێت تـەئسیری بەسەر ژیانی جنسیی ژنیدا هەبێت ؟ ناکرێت دوژمن ئەوانە هەمووی بۆ ملکەچ کردنی ئەو پیاوە یان ژنی یان ئەولادی بەکار-بهێنێت ؟ نـاکرێت بەدەستی کسوکاری یەکێك لەو منداڵانەی بەکاری هێناون بکوژرێت ؟ یا تەنانەت ئەولادی خۆی لەسەر رەفتاری وەها بیکوژن ؟ چۆن ژیانی تایبەتیی کسایەتیی گشتی گرنگ نیە ؟ من سەر دێنم و سەر دەبەم، بۆم ساغ نابێتەوە چۆن خەڵك دەڵێن ژیانی تایبەتیی هەژارمان مەبەست نیە، چۆن ؟ بە ڕاستی تێینـاگەم .

هەژار پێوەندیی بە ئەو هەمووە کارەوە هەیە، لە رادیۆی شۆڕش، لە چاپخانەی شۆڕش، لای بارزانی خۆی، وێڕای ئەو هەمووە کێش و قافیەیە بۆ گەل : کـوردسـتـان ـ بـاغ و بێسـتـان ـ کوێسـتـان ـ لـێنین ـ سـتـالین ـ بـارزانـی ـ پێشمەرگەی قارەمانی ـکاوانی ـ شەهیدانی ... ئیدی . چۆن کسێك دەڵێت ئێمە هەموومان ژیانی جنسیمان هەیە و من و تۆش هەمانە و شێرکۆش هەیەتی، ئەوە چ قسەیەکە ؟ من ئەگەر خۆم و ژنم لە ئەوروپا تووشی ئێدز ببین، ئایا رادیۆی سەرۆك بارزانی لە چیا کادرێکی لەدەست دەچێت ؟ گەل لە ئەوهەمووە کێش و قافیەیەی کوردستان

ـ باغ و بێستان ـ لێنین و بارزانی و شەهیدانی بێبەش دەبێت ؟ نا ، نابێت، کەواتە ژیانی جنسیی من و ژنم لەوسنوورەدا ، کە ئێمە کەسایەتیی گشتی نین، ئەوە نیە راستەوخۆ زیان بە وەزیفەیەکی گشتیی شۆڕش و گەل بگەیەنێت، هی هەژارو ژنی بەڵێ، تەنانەت دەکرێت بەلایەك بەسەر خودی سەرۆك مستەفابارزانی بهێنێت .

کەسێك،کە خۆی بە بەرپرسیارێکی حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستانی ئێران پێشکەش دەکات، دەڵێت ژیانی جنسیی هەژاریش ئیتر بەشێکە لە خوو و خدەی مرۆڤ، ئێمە هەموومان خوو و خدەمان هەن! . ئێ ؟ ئەوجا ؟ بەڵێ،مرۆڤ لەوەتای هەیە جۆرەها خوو و خدەی هەبوون و هەن و جارێ دەمێنن، قەحبەیی یەکێکە لە کۆنترین پیشەکانی مرۆڤ و ، گەوادییشی وێرا ، کوشتن رەنگە کۆنتریش بێت، درۆ و دەلەسەو دەستبڕین و چەوساندنەوەو جۆرەها رەوشتی تر هەمیشە بەشێك بوون لە خوو و خدەی مرۆڤ( بڕوانە ئەو هەمووە چیرۆکانەی کتێبی ئاینیی جوو لەو رووەوە) . بەلام، تەنانەت ئەندامێکی سادەی حیزبیش دەبێت لە ئەو جۆرە خوو و خدانە پالێورابێت تاکو بە ئەندام وەربگیرێت، هەر ئەوەشە قۆناغێك پێش بوونە ئەندام هەیە کە پێی‌دەگوترێت " قۆناغی پالێوراوی " . مەگەر ئەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا نیە ؟ هەموو مرۆڤ بە هەموو خوو و خدەکانیانەوە ...دەستبڕین و گەوادی و منداڵبازی و دزی و چی و چیی تر ...تێدا وەردەگیرێن ؟ نا ، ئەوە دژی پێڕەوی ناوخۆ ( ئەساسنامە)ی هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانە، بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە .

کەسێك لەسەر تەلەفزیۆن دەڵێت : من کارم بە کتێبەکانی‌هەژار داوە، چ کارم بەوە داوە لە بەغدا چیی‌کردووە یان نا. کەواتا ئەوەی جینایەتکاران دەربارەی مرۆڤپەروەری نووسیویانە بۆ ئێمە گرنگەو ئێمە چ کارمان بەوە نەداوە کە بە هەزاران مرۆڤی بێ‌گوناهیان سەربڕیوە یان نا ؟ با منداڵەکانمان میوانی ماڵی هەژار بن و هەژار لە رووی جنسییەوە بەکاریان بهێنێت، بەس بە شەرتێك بە کێش و قافیە باسی شەرەف و ناموسمان بۆ بخاتە سەر کاغەز ؟ کێش و قافیەتاشیی کوردستان ـ باغ و بێستان ـ لێنین- ستالین ـ بارزانی ـ شەهیدانی، ئاوا " کارت بلانش" دەدات بە پیاوێك چیی بوێت بیکات ؟ تۆ لەمە دەگەیت ؟ من تێیناگەم .

کاتێك -بڵێین- وەزیرێك بەهۆی زێدە بێسنووریی جنسییەوە تووشی ئێدز دەبێت، چارەنووسی یەك وەزارەت دەکەوێتە پرسیارەوە . کاتێك ئەفسەرێکی گەورەی لەشکر کارێکی وەها دەکات کە کێشەی لێ بکەوێتەوە، نەتیجەی دەکرێت نەك هەر خۆی و چەند کەسێکی خاووخێزانی بگرێتەوە، بگرە تەواوی دۆخی هێزێکی گەورەی وڵاتەکەش لە شوێنێك و لەحزەیەکدا زیانی پێ‌بگات . کەسێك کە کەسایەتیی گشتی بوو ، وەزیفەکەی کەسایە-تیەکی تری جگە لە خودی خۆی بۆ دەخاتە سەر کەسایەتیەکەی خۆی .

٦٢- کسایەتیی گشتی

من فیلمێکی ڤیدیۆم لە ئینتەرنێت دیت،کە محـافز( ئوستاندار)ی دهـۆك پێنج قـەحبـەی میسریی بە جـارێك کۆکردبوونەوە و، بە دەوری مێزی ویسکی و میوە و" ما طاب لکم"ـەکانی بـەهـەشت، خـزمەتـکاران کامیرای ڤیدیۆیان بەدەستەوە بوو، لە خزمەت خۆی و قەحبەکاندا. قەحبە بایاندەدا و محافز زگی ماچ دەکردن و، ڤیدیۆی فیلمی گۆرانیی جلفی جنسیی میسری لەولاوە ... بەزمێك بوو ئەوسەری دیار نەبوو . ئەو محافزە لە فەرهەنگێکی غـەیری ئەم فەرهەنگە سیاسیەی ئێمەدا، لە سەرئـەوە نـەك هەر خۆی، بگرە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تریشی لەگەڵدا دەکێشرانە دادگاوەو، دەبوو بە یەکێك لە دادگاییکردنەکانی سەدە . خۆ ئـەگەر ئەوە لە وڵاتێك بوایە کە کاربەدەستانی لافی شۆڕشگێڕییان لێ بدایەو، کیانی نەتەوەکەیان وەکو هی کورد هێشتا لە یەکەم هەنگاوەکانی بناغەدانانیدا بوایە، دوای لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی سەرچاوەی ئەو هەمووە مەسرەفە ( کە جگە لە دزی کردن لە نەتەوە ناکرێت هیچی تری پێ بگوترێت)، حەتمەن ئەو سەرسەریە بە ئەو خوو و خدانەوە خۆی و کەسانێکی تری بەرپرسیاری ئەو فەزیحەتەیان سـەختترین سزا دەدان . بەڵام لێرەدا نا، من چەند مانگ دوای دیتنی ئەو فیلمە، هەمان محافزم بە ئەو وەزیفەگشتییەی لە تەلەڤزیۆندا دیت .

چۆن ناموسی ئەو جەماوەرە کوردە ئەوە قەبووڵ دەکات ؟ تۆ لەمەدەگەیت ؟ من تێیناگەم .

ئەگەر پیاوێکی ئاسایی بێ ژنی بەدبەخت لە دهۆك، ئارەزووی جنسی زۆری بۆ بهێنایە، بە هەر قەرزوقۆڵەیەك بوایە، پارەی ئەوەی وێكبخستایە تاقە یەك قەحبەی هەرزانی بۆ یەك شەو بهێنایەتە ماڵی خۆی، پۆلیسی محافز پێیان بزانیایە، چیی بەسەر دەهێنرا ؟ سەریان سیفر دەتاشی و لەکۆمەڵگادا ئابڕوویان دەبردو، حوکمیشیان دەدا ماوەیەك لە زینداندا تێیهەڵدەن . بۆچی ؟ چونکە کەسایەتیی گشتی نیە! . قانوونیکسایەتی لە فەرهەنگیئێمەدا لنگەوقووچە، زۆر شتی کە لە فەرهەنگەکەدا بە " بێ ناموسی" ناودەبرێن بۆ " کەسایەتیی گشتی" ڕەوان و، بۆ مرۆڤی ئاسایی بێ ناموسیین .

ئەمە لە فەرهەنگێکی تورەهاتی زۆرکۆنی دەرەبـەگیی سەدەکانی رابردووە، چەپەڵ و بۆگەنەو دەبێت خۆمانی لێ رزگاربکەین . ئەم فەرهەنگە سیاسیە چینایەتیە چەپەڵەی دەرەبەگایەتیی نوێی بە جۆرەها ناو و دروشمی حوقەبازی و مرۆڤی کورد بە کـەر زانین، قـەت، هـەرگیز، بە هیچ جۆرێك نـاتوانێت رێگا بدات کـورد بکەوێتە جـەغزی مێژووەوە . بەڵێ، چارەنووسی کورد ئا بە ئەم وەزعەوە کە تێدایە راناوەستێت، راوەستان لە مێژوودا نیە، بەڵام رانەوەستانی سەرەولێژە، رۆچوون و رزینی پترو پترە دە زبڵدانی دەرەوەی جەغزی مێژوودا .

هەژار، وەك پێشتر گوتوومە، پێش هەموو شتێك، کۆمیدیاییەکی بلیمەتی جیهان بوو، کە - وادیارە- ئەو قسەیە لەکۆمەڵگای خۆیدا بە تەوهین دادەندرێت. حسرەتی هەژار بەخۆڕایی نەبوو کە دەیگوت" ئەگەر من لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا ژیابام". بەمن، یەکجار زۆر سەیر بوو کە تەنانەت تاقە یەك هونەرمەندی تیاتر نەبوو، ئەو قسەیەم بیبزوێنێت و، هەوڵ بدات بۆ خەڵکی روون بکاتەوە کە - بەنموونە- چارلی چاپلن هونەرمەندێکی گەورەبووە، نەك ئەوەی ئەوان دە سەری خۆیاندا پێی‌دەڵێن" لۆتی‌باشی"، یان کەسێکی مێژووناس دەنگی دیار نەبوو هەوڵ بدات بەم بۆنەیەوە شتێك دەربارەی مێژووی کۆمیدیا هەر لە سەردەمانی زێڕینی کۆنی یۆنانەوە بۆ خەڵك باس بکات. کەسێك نەبوو داوای وەدووکەوتنی پێی مێژووی خەییامی مهابادی بکات، شوێنی تیاتری بدۆزێتەوە، داوای دروستکردنی پەیکەرێکی لە نیزیکی ئەو شوێنە بۆ بکات، شتێك دەربارەی قالقالی بڵێت ... ئیدی. کەسێك نەبوو هێندێك لە چیرۆکانی مەلاجەمیل و تاهیر تەوفیق و ئەو هەمووە کسایەتیە زۆرانەی من باسم‌کردوون بخاتە سەر سامانی ئەو تابلۆیەی من کێشاومە، ئەو پانۆرامایەی من، کە بە گرتنی ئەو هەمووە وێنانە تۆمارو نەمرم کردوون و بە نەسلانی داهاتووم سپاردوون. من، ئەوە بە دواکەوتوویەکی یەکجار زۆر سامناك، پشتکردنە ژیاری و رووکردنە دواوە، گەڕانەوە بەرەو قۆناغانی تاریکتری مێژوو دادەنێم.

بازیگەری مەزنی ئەمریکایی فیلم مارلۆن براندۆ، جارێك لە بەرنامەیەکی سی‌ئێن‌ئێن، باسی چارلی چاپلنی کرد. گوتی بۆ بازی‌کردن دە فیلمێکی دەرهێنانیدا چوومە ئەورووپا، کەکوڕەکەشی تێدا بازیگەر بوو. چاپلن لەسەرەتادا زۆر بێ‌ئەدەب و بێ ئوسووڵ و رەفتاری لەگەڵ مندا تابڵێیت خراپ بوو. یەخەم گرت و، گوتم جا گوێت لێ بێت، ئەگەر دەستبەجێ دەست لەم بێ‌ئەدەبی و بێ ئەخلاقیەت هەڵنەگریت و، رەفتارت نەگۆڕیت، من هەر ئێستا دەچمەوە ئەمریکا. ئەوە هیچ ئەو ملیۆن دۆلارەی پەیمانی‌نێوانمان بۆ من شتێك نیە، ئەو ملیۆنم هەبێت یا نەبێت بۆ من زۆر فەرق ناکات، بەڵام من رێزی خۆم بە هەموو سامانی دنیاش ناگۆڕمەوە، چاوت بکەرەوەو خۆت ئەحمەق مەکە. ئیدی چاپلن ئەو چاپلنە بێ‌حەیایە نەما، لەو لەحزەیەوە زۆر ئاسایی و وەك هەر پیاوێکی بەئەدەب رەفتاری لەگەڵدا دەکردم. بەڵام، لەگەڵ کوڕەکەیدا تابڵێیت دڕندەو بێ‌ئەدەب و هیچوپووچ بوو. من چەندجار بە کوڕەکەم گوت لێی قەبووڵ مەکە، باوکت کەسێکە دەبێت سنووری بۆ دابنرێت ئەینا لە بەرەڵڵایی ناگیرێتەوە.

ئێستا بەبیرمدادێت نامەیەك بۆ کوڕەکەی چاپلن بنووسم، حسرەتی هەژاری بۆ باس بکەم و، بڵێم من کارم بە ئەزموونی تایبەتی هیچ کامنان لەگەڵ باوك نەداوە، هەر دەمەوێت جیاوازیی ئێستای نەتەوەی خۆت و نەتەوەی من

بزانیت، بەڵکو ئەوە سەبووریەکت بداتێ . من کە دەڵێم هەژار کۆمیدیاییەکی گەورەی دنیا بووە، کورد دەڵێن ئەوە گەورەترین تەوهینە بە هەژار، لەکاتێکدا کە تۆ بەلای پەیکەرێکی باوکتدا دەڕۆیت و ئینگلیس یا ئەمریکایی دەتبینن و دەتناسنەوە، دەڵێن ئەوە کوڕی ئەو قارەمانەی جێی شانازیی ئێمەیە کە ئەمە پەیکەرەکەیەتی . دە خۆشی لەخۆت کوڕی چاپلن .

هەژار،دوای بلیمەتیی کۆمیدیا،توانایەکی بلیمەتانەی لە لەبەرکردن و لەبیرنەچوونەوەدا هەبوو. ئەوەش پێوەندیی بە توانایەکی بلیمەتانەی تەرکیز هەبوو . هەژار، زۆر جار لە ژووری دانیشتنیماڵی لە بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشتووە،کە فیلمی زۆر بە دەنگە-دەنگی کارتۆنی منداڵانی پیشان داوە، منداڵانێکی زۆر لە ژوورەکەدا قاوو-قیژیان بووەو، میوانانێك قیژە-قیژو هەرا-هەرایان بووە، کەچی هەژار ئا لە ناوەڕاستی ئەو حەشرەدا دانیشتووە کاغەزو قەڵەمێك بەدەستەوە شیعری داناوە ( کوردستان ...باغ و بێستان... بارزانی و شەهیدان و... کەریم قاسم ونازانمچی) . من لام وایە ئەگەر لەوکاتەدا ئاگر دە ماڵ بەربوایەو لایەکی دیوار برووخایە،هەژار ئاگای لێنەدەبوو، چونکە ئەو ئاگرو رووخانە نەیاندەتوانی تەرکیزی ئەو لەحزەیەی لەسەر تاقە یەك شتی کە مەبەستی بوو( شیعر دانان : کوردستان ...باغ و بێستان... بارزانی و لێنین و... کەریم قاسم و...) لێ وەلابخەن و بەلای خۆدا بهێنن .

بلیمەتییەکی سێیەمی هەژار، دەرس پێگوتن بوو . زۆری نەدەزانی، بەڵام ئەوەندەی کە دەیزانی دەیتوانی بیخاتە مێشکی بەردیشەوە . مامۆستایەکی زگماکی دەرەجە یەك بوو لە ئاستی جیهاندا . هەژار دەیتوانی هەر منداڵێکی تەمەن ٤-٥ ساڵ بە چەند مانگێك فێری نووسین و خوێندن بکات .

هەژار، ئەوەندەعارەبییەی کە دەیزانی، بە کەمتر لە ساڵێك زۆری لێ فێرکردم و بەوە بناغەیەکی باشی ئەو زمانەم هەبوو . دوو موعەللەقەو نیوی پێ لەبەرکردم و مانای هەموو، هەر هەموو وشەکانی لەبەربوو، قەت تاقە یەك جاریش سەیری قاموسی نەکرد . لەو دەرسانەدا دەبوو رۆژێ هەشت بەیت لەبەربکەم، ئەو خۆی ئەگەر بیویستا لەوانەبوو بیتوانیبا رۆژێ سەدبەیتیش لەبەربکات، بەڵام من لەوە پترم پێ نەدەکرا ،کەچی چونکە مامۆستای زۆر چاك بوو، دەیزانی کە نابێت ورەم بشکێنێت و پێمبڵێت بۆچی وا تەپۆیت . تەنیا ساڵانێکی دواتر کە دەیدیت زانیاریی من لە عارەبی لەوەی ئەو پتر دەبوو، ئەوسا ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو و، پێی قەبووڵ نەدەکرا .

من ئەو بناغەیەی کە بۆ سەرەتاکانی زمانی عارەبی لەوەم وەدەستهێناوە، بە دووری دەبینم هیچ منداڵێکی تری

کورد لەوەدا ئەو بەختە باشەی هەبوویێت . هێندێك شتی هەر بۆ دەکردم بە نەزم، وەك "أسماء الإشارە" :

ذا ذي ذِهِ ذَينِ ذانِ تا تِي تِهِ تَينِ تانِ

هؤلاء ما لە دوایی لەبەریان کە بەئازایی

کە دیارە هەر بەوەندە هێشتنەوە کەمایەسیی هەیە، بەڵام مەبەستم شێوەی دەرس گوتنیەتی .

بەهەمان شێوە، " مضاف - مضاف إليە "ی بۆ روونکردمەوە، گوتی ئەو شتانەن کە " ی"ی کوردییان دەکەوێتە نێوان، " بیتنا"- بەنموونە- بەکوردی دەبێتە" ماڵی ئێمە"(ماڵ-ی-ئێمە) کەواتا بیت مضافە بۆ نا ی مضاف إليە . هەرچەندە من خۆم دواتر ئەوەم دیت کە قسەکە ورد نەبوو، چونکە پێوەندیی" صفە - موصوف"یش هەر دەکرێت " ی"یان بکەوێتە نێوان( بەنموونە: کتێبی سەوز، کتێب - ی - سەوز) ، بەڵام دیسا ئەو قسەیەی هەژار ئەوسا زۆری یارمەتی دام . من بەو دەرسانەی هەژار، بەو وشانەی موعەللەقات، وام لێ هاتبوو عارەبیەکم دەنووسی کە هیچ عارەبێکم نەدەدۆزیەوە لیی تێبگات . تەنانەت مامۆستایەکی زۆر چاکی زمانی عارەبی لە خوێندگە جارێك پێی گوتم " ئەوەی بەو زمانەت نووسیوە کە من نایزانم، بۆم تەرجومەی عارەبی بکە تابزانم دەتەوێت بڵێیت چی!". مامۆستایەکی زۆر چاك بوو و فێری کردم کە ئەو وشانەی پێش هەزارو پێنجسەد ساڵ بەکەڵکی ئەم سەردەمە نەدەهاتن، ئەوانە بۆ کۆنەوارناسیی زمان باش بوون،نەك پێ نووسین . یادی بەخێر، مامۆستای وا لەبیرناچێتەوە . من ئەوەندە لە نووسینی عارەبی و ئەدەبیاتیدا قاڵ بووم کە حەقەن بەرەو ئەوە دەچووم ببم بە نووسەرێکی بە زمانی عارەبی . هەر لەبەرئەوەش وازم لێ هێناو ساڵانێکی زۆر خۆم لەو زمانە دوورخستەوە، چونکە ئەگەر هەلومەرجی خەباتی نەتەوەیی رێی بدامایە ببم بە نووسەر، ئەوا دەمویست ببم بە نووسەرێکی کوردی، نەك هەر زمانێکی تر . هەرچەندە ئێستاش حەقەن نووسینی عارەبییم زۆر لەکوردییەکەم بەهێزترە، بەڵام بەهەرحاڵ توانیم نەهێڵم تەرزی بیرکردنەوەو دارشتنی عارەبی بەسەر نووسینی کوردییمدا زاڵ بێت، شتێکی کە لە نووسینی کوردی بەغدا و هەرێمی باشووری کوردستانیشدا زۆر دەدیتراو ئێستاش هەر زۆرە ( وەك ئەم زمانە تایبەتیەی ئێستای زۆربەی ماڵپەرە کوردیەکان کە بەتایبەتی پەشێوی شاعیر یەکجار زۆری پێ تووڕەیە) .

هەژار، هەرچەندە، ئەوەندەی من بزانم، یەك جار لە تربەسپی بەبۆنەیەکی گشتییەوە ( یەکی ئایار... شتێکی وەها) گوتارێکی بە عارەبی بۆ کەسانێك نووسی، بەڵام حەقەن دەبێت شتێکی پەرپووت بووبێت، چونکە نووسینی عارەبیی لە تواناد‌ا نەبوو . ئەگەر نامەیەکی ئاساییشی بە عارەبی بنووسیایە، زۆر بێ مستەواو پەرپووتی دەنووسی .

لـەو دەوروبـەرەی هەژار : مەسعوود محەمەد ، مەلاجەمیل، مەلاشکور و، دکتۆر جەمال نەبەز عـارەبیزانی گـەورە بوون . مەلاشکور بۆی گێڕامەوە گوتی :

" یـەکەم ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریمان، بە نامەیەکەوە کە مەسعوود محەمەد نووسیبووی، بە دیاری بۆ سەرکۆمار بۆ قەسری‌جمهوری نارد. چەند حەفتەیك رۆیشتن و هیچمان نەبیستەوە . تەلیفۆنمان بۆ کردن بزانین ئایا گەیشتووە یان نـا . گوتیان بـەڵێ ئەرێ وەڵڵا گەیشتووە و زۆر سوپاستان دەکەین، بـەڵام ئەو نامەیەی لەگەڵیدا بوو، بە عارەبیەکی ئـەوەندە قـورس و بـەرز نـووسراوە، ئێمە لێرە کەسی وامان دەست نـەکـەوت بتوانێت بە عارەبیەکی شایانی ئەوە وەڵام بداتـەوە، داوای یـارمەتیمان لە زانـکۆی بـەغدا کردووە، جارێ پێکنـەهاتووە، ئا لە بەرئـەوە وەڵامـەکەمان دواکەوت، دەبێت حەقمەن لەم چەند رۆژەی داهاتوودا لە زانکۆوە وەڵامـێکمان بۆ بنووسن تا بۆتانی بنێرین".

هەژار ،لە" فارسی"یشدا دوو بابی لە" گلستان"ی سەعدی پێ‌گوتم . داخەکەم کەڵکی ئەوەم لێ وەرنەگرت ئەوەندە فارسیەشی کە دەیزانی لێ فێربم . بە ئەو بەڵگەیە کە خەڵك دەڵێن فارسی باش دەزانی، دەبێت باشی نەزانیبێت!، بەڵام دیارە بەهەرحاڵ ئەوە بەشی ئەوە ناکات ببێتە هیچ بەڵگەیەکی جیددی .

هەژار، دەیتوانی لە قسەکردندا بە تورکی خۆی بپەڕێنێتەوە، تەنانەت وەك لە چێشتی مجێوریشدا(ل٢٠٦) باسی دەکات لە شوێنێك بە تورکومانانێکی گوتووە من تورکومانم و باوەڕیان پێ‌کردووە . بۆ وەرگێڕانـی نووسـراوی تورکی، هانای دەبردە بەر مەلاجەمیل . هەژار گێڕایەوە :

" جـارێـکیـان، ژمارەیەکی رۆژنامەی " میللیەت" ی تورکییان دامێ، کە مەقالەیەکی بکەمە کوردی . بردمە لای مەلاجەمیل . مەلاجەمیل کوتی من تورکیی بە نووسینی عوسمانی(عارەبی) دەزانم، ئـەم خـەتە حیزەی لاتینی ئەتاتورك نازانم، بیخوێنەوە بزانم دەڵێ چی . منیش لەسەرەخۆ مەقالەکەم بۆ خوێندەوە . کە تەواو بووم، کوتی : ئێ ؟، کوتم : ئێ‌ئێ تەواو،کوتی : دە منیش تـەواو ها بگرە بیبە . من لە کاتی خوێندنـەوەدا، تەواوی بیرم لای خوێندنـەوەکـەی خۆم بوو، دەمزانی قـەڵەمێك و کـاغەزێکیشی لە بەردەستدا بوون، بـەڵام خودا دەزانێ ئـاگام لە هیچ نووسێنێکی نـەبوو، تۆمەز ئـەو لەگەڵ خوێندنەوەکەی مندا راسـتەوخۆ تـەرجومەی کردووە .

تەرجومەیەکی زۆر چاك و رەوان و رێکوپێك . "

من پێشتر باسی هەنبانەبۆرینە و شەرەفنامەکەیم کرد ، وەرگێڕانەکەی قورئانم نەدیتووە، تەنیا لە " گووگل"دا لاپەڕەی یەکەم ( سورة الفاتحە)ی ئەو وەرگێڕانەیم دیت کە وەرگێڕانی هەڵە بوو! ." رب العالمین"ی کردووە بە " راهێنەری جیهان"، لەکاتێکدا کە نە" رب" واتا" راهێنەر" و نە" العالمین" واتا جیهان . رب و رڤ و رابای و ربیم لە زمانە سامیەکاندا رەنگە هاوئەسڵ بن، لەم عارەبیەی ئێرەدا واتا" خاوەن"." العالمین"یش واتا" جیهانان" نەك " جیهان" . بەگوێرەی قورئان، پتر لە یەك جیهان هەیە، ناکرێت لێرەدا وەکو "عبدالله بن سعد بن ابی سرح" بڵێیت دە یاڵڵا فەرقی چیە! . بەڵام وا ئەوە بۆ هەژار لواوە، تەنانەت ئەگەر بیکردایە بە " راهێنەری کوردو کوردستان"یش کەس نەدەبوو بڵێت لەل . مەسەلە" نورالإیمان"ـە بەهەژار، دە دڵی هەم خوێنەران و هەم ئەوکاربەدەستانەی ئێرانی کە پارەیان بەو وەرگێڕانە داوە . دیارە رێنووسەکەش لێرەدا هی تاقە یەك کەسە لەجیهاندا کە ئەویش هەژار خۆیەتی، نەفەرێکی دووەم لە جیهاندا نیە ئەو رێنووسە کوردییە بەکاربهێنێت . ئیتر " نورالإیمان" لە سەرووی واتای وشەو رێنووس و ئەو شتانەیە و، هەژاریش ئەوەی باش دەزانی، ئیتر بۆخۆی زۆر بە ئارامی و بێ هیچ ترسێك تێدەکەوت . ئەوە قسەیەکی هەژارم وەبیردەهێنێتەوە :

" فلانەکەس ( ئەو ناوەکەی دەگوت) لە خانەقا، لە قسەکردنی لە بەرامبەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا زۆر بە جورئەت بوو، هیچ لەو شێوان و شەرم و ترسەی ئێمەمانانی نەبوو . زۆرمان حەسوودی پێدەبردو، حەزمان دەکرد ئێمەش وەکو ئەو بووینایە . رۆژێك لێم پرسی

- ئەرێ مامەسەید، ئەتۆ چۆنە وا بێ پەروا، دەکەویتە قسەوە، چ لەبەرچاوی ئەو هەمووە خەڵکە قسەبکەیت و چ لەگەڵ فەقێیەکی وەکو مندا، وەکو یەك ئاوا بە هاسانی و بێ ترس و شەرم و شێوان باس دەکەیتەوەو درێژەی دەدەیتێ ؟

- هەی لەمنت نەکەوی، ئەوە زۆر هاسانە

- چۆن ؟

- ئەتۆ دەبینی کە من لەو قسەکردنانەمدا هەمیشە هەردووچاوم دەگرم، وایە ؟

- بەڵێ

- پێت وایە بۆچی وادەکەم ؟

ـ چووزانم، هەڵبەتە عادەتت وایە

ـ نـەوەڵڵا نـە عادەت و نـە هیچ، ئەمن هەردووچاوم دەگرم و وای دەهێنمە بـەرچاوم کە لە نێو بزناندام، ئەو خەڵکە بزنن، ئیدی پیاو لەنێو بزناندا بەکەیفیٚ خۆی تێدەکەوێ و ئەهـ، شەرمی چی لە بزن بکا ؟ ".

هەژاریش، بە رێکەوت، زۆر جار لە قسەکردنداو حەقەن لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا هەر دوو چـاوی وەکو مامە سـەید دەنـووقاند، بەڵام ئەوە یەکێك لە تەکنیکەکانی تەرکیزکردنی بوو، نەك ئەوە کە پێویستی بەوە هەبووبێت کە ئەو خەڵکە بە بزن دابنێت، چـونکە سیاسەت ئەو کارەی بۆ کردبوو، مێشکی ئەو خەڵکەی وەکو هی بزن بۆ شۆڕیبوو، ئیتر ئەو خۆی بۆ ئەوە پێویستی پێ نەبوو. ئەوەتا قورئانی بە هەڵە وەرگێڕاوەو زۆرچاکیش بۆی چووەتە سەر و، وای بە حاڵی ئەو خائینەی کوردوکوردستان و ئیران و تووران کە بڵێت هەژار قورئانی باش وەرنەگێڕاوە . بێ قەزابیت هەژار، بۆچی " رب العالمین " ـت نـەکرد بە راهێنـەری کـوردو کـوردستان و باغ و بێستان یان لێنین و ستالین و بارزانی وکەریم قاسم ؟ زۆر چاك بۆت دەچووە سەر و خەڵکێکی زۆریش زۆریان پێ خۆش دەبوو و، ئـەگەر کەسێکیش بیگوتایە ئەم وەرگێڕانە باش نیە، حـەقەن دەکرا بە خائین بە کـوردوکوردستان و، بە دەسـتی دوژمنان و، سپڵە لە ئاست قـارەمانی رزگـاریدەری نـەتـەوە و نیشتمان و زۆر شتی تریش .

شاخەوان و دارەوان و نازانم چیی‌تری وانی برایان، دەگەڵ باوكیان لە شۆڕشدا بوون . زۆر دۆستی " شێخ عەزیزی شێخ رەزا"یەك بوون، كە ئەوسا( كۆتایی شێستەكان و نیوەی یەكەمی حەفتاكان) نوێنەری سەرۆك بارزانی بوو لە لوبنان، زوو- زوو سەری لە كوردستان دەدایەوە و زۆر وادەبوو دەگەڵ ئەو برایانی وانەی زۆر دۆستیدا بۆ گاڵتەو پێكەنین دەچوونە لای هەژار( تا لەدواییدا، لە هەرەسی ١٩٧٥، شێخ عەزیز خوشكێكی ئەو وانانەی هێنا و چووە یۆنان ) . ئەو شێخ عەزیزە، بە عەقڵ و هۆشی سیاسی لە بەتاڵ بەتاڵتر بوو، خەڵك وایان پێدەگوت و ئەویش بەپێكەنینەوە قەبووڵی دەكردو دەیگوت " چی‌بكەم، سەرۆك بڕوای پێم هەیە ". سەرۆك بارزانی بۆچی ئەوەی چووبووە دڵەوە ؟ نازانم . هەژار گێڕایەوە :

" جارێك، شاخەوان و شێخ رەزام دیتن شەڕو هەرایان بوو. وەكو ئەوە بوو بیانەوێ پەلاماری یەكتر بدەن و لێكبدەن . ئەمن ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو، چونكە ئەوانە بەڕاستی زۆر دۆستی یەكتر بوون . ئیدی كەوتمە نێوانیانەوە: كوڕە چیتانە؟ عەیب ناكەن؟ ئێوە ئەوەندە هەڤاڵ و خۆشەویستی یەكترن، بۆچی شەڕ دەكەن ؟

دەركەوت شەڕەكەیان لەسەر ئەوەبوو كە هەر شێخ رەزا بە شاخەوانی دەگوت" بابی من لە بابی تۆ و هەموو بابێكی تری جیهان كەرترە! "، شاخەوان دەیگوت " نا، باوكی من لە باوكی تۆ و هەموو باوكێكی تری جیهان كەرترە" . بەو شێوەیە لە سەر مەركەزی یەكەمینیی كەریەتیی باوكیان شەڕیان بوو و، هیچ كامیان ئامادە نەبوو بۆ خاتری هەڤاڵەكەی تەنازول لەو مەركەزەی باوكی بۆ باوكی هەڤاڵەكەی بكات ."

شاخەوان ماوەیەك بەرپرسیاری دەستگایەكی شۆڕش بوو كە هەر پێیاندەگوت" كۆمەڵایەتی". یەكێك لەكارەكانی كۆمەڵایەتی ئەوەبوو كە ئاودەستان بۆ دێهاتییان دروست بكەن و فێری چوونە ئاودەستیان بكەن . دوای ئەوە كە ئاودەستیان لە شوێنێك دروست دەكرد، ئیتر هەر دێهاتییەكی ئەو شوێنە لەلایەن كۆمەڵایەتییەوە بدیترایە كە هەروا لەو دەشت ودەرە دەڕی، سزا دەدرا . رۆژێكیان، شاخەوان بە هەڵپەوە دێتە لای هەژار، كە ئەمڕۆ شتێكی زۆر سەیر روویدا :

" دێهاتییەكم بەسەر تاوانەوە گرت، وتم ئادەی بێنە پێنج دینار بدە، تۆ لە قانوون لاتداوە، دوای ئەوە كە ئێمە ئاودەستمان بۆ دروست كردوون و فەرمانی شۆڕشمان پێ راگەیاندوون، ئەوجا تۆ ئەچیت و

فەرمان ئەشکێنیت . هەرچەند هاواری کرد کە نیمەو نازانمچی، تێمگەیاند کە پێنج دینارەکە بدات زۆر لەو حەپسە باشترئەبێت کە لەجیاتی ئەوە چاوەڕوانی ئەکات، تێگەیشت کە چاری نیە . ناچار، لە پەڕۆ و پڕیسکەی ماڵەوەی پارەی دەرهێناو دایمێ و بە بۆڵەبۆڵەوە وتی :

ـ وەڵڵا خۆ باب و باپیریشن هەر ئەوهایان کردیە!

ـ بەڵێ ئەزانم، بەڵام ئیتر لەمەودوا ئەبێت دەست لەو نەریتە نەتەوایەتیەی باب و باپیرانت هەڵگریت! ئەگەر جارێکی تر وا بە سەر ئەم نەریتەی باب و باپیرانتەوە بتگرم، سزاکەت ئەبێت بە دە دینار، جاری سێهەم ئەبێتە حەپس ( زیندان)، ئیتر یان ئەبێت ئەم چەوسانەوە نەتەوایەتیە قەبووڵ بکەیت یان چارەنووست بەدەست منەوە ئەوە ئەبێت . ئاخر مردووتان نەمرێت، ئێمە خوێنمان بوو بە ئاو هێندەتان بۆ شەرح بکەین کە چوونە ئاودەست بۆ تەندروستیی خۆتان و خەڵکی تری دێیەکەتان چەندە پێویستە، ئەوجا باسی باب و باپیریشن بۆ ئەکەیت کە ئەوهایان کردیە . "

من،دواتر، زۆر دووری ئەوێ، لە قامیشلی، پرسیاری ئەو کارەی شاخەوانیان لێ دەکردم : ئەرێ راستە دەڵێن ئێوە لە شۆڕشدا شاخەوانێکتان هەبووە بەیانیانە زوو بە مەفرەزە دەرچووە خەڵك بە سەر تاوانەوە بگرێت ؟ " و، جۆرەها چیرۆکی کۆمیدیایان لێ سازدابوو، جێگای هەژار لەوکاتەدا لەوێ خاڵی .

ئەو کێشەیە، دیارە لە کوردستان باوە، رەنگە ئێستاش لە زۆربەی دێهات هەر وەها مابێت . بەڵام وەك هەر شوێنێکی تر، لە کوردستانیش، ئەخلاق و نەریت و ئاکاری تری وەهاش هەن کە ناوچەیین، هەر لە ناوچەیەکی گەورە یا بچووکدا باون . هەژار گێڕایەوە :

" لە دێیەك( لە موکریان) شاییان بوو، خەڵکێکی زۆر دەعوەت کرابوون، ئەمنیش تێدابووم، چێشت و نان و خوانێکی چەور سازکرابوو . دوای ئەوە کە ویستمان دەستمان بشۆین، کوتیان نابێ دەستتان بشۆن، دابی ئێمە لە شاییدا وایە، دەبێ سەرتان رووت بکەن و دەستتان بە مووی سەرتان بسڕنەوە ."

نموونەیەکی تری دەوروبەری زاخۆ :

من لە بەغدا هەڤاڵی زۆرم لە خەڵکی زۆر لە مەڵبەندەکانی تەواوی کوردستانی گەورە هەبوون . هاوینی ١٩٦٤، چووم مانگێك لای چەندهەڤاڵێکم لە دێیەکی دەوروبەری زاخۆ( بێتاس) مامەوە . هەرچەندە شوێنی مانەوەم لەوێ

لای ئەوان بوو، بەڵام زۆر بە دەوروبەردا دەگەڕاین و وادەبوو دوو ڕۆژێکیش لای دۆست و خزمان لە شاری زاخۆ دەماینەوە. هەڤاڵی کە لەو دێیە لە ماڵی دەمامەوە ( عەبدوڵڵا ئەمین، لەم ساڵانەی دوایی لە سوێد کۆچی دوایی کرد ) زۆر شتی دێهاتی ئەو ناوەی بۆ باسدەکردم، یەکێك لەوانە ئەمەبوو(بە شێوازی بادینانی دەدواین، من لێرەدا بەم شێوازەی دەگێڕمەوە)، گوتی :

- دێیەك لەم دەوروبەرە هەیە هەر پێی‌دەڵێن " گوندێ ماکەرا"( گوندی ماکەران)، چونکە جارێك کەسێکی گوندەکە ماکەرێکی هەبووە .
- یانی چی ؟ مەگەر ئەو خەڵکەی تریش و، لە گوندەکەی ئێوەش ماکەریان نین ؟
- ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ نەخێر، تەبیعی نەخێر ،هەبوونی ماکەر لەم مەڵبەندەی ئێمە عەیب وعارێکی گەورەیە، حای - حای، وەڵڵا هەر ئەوە ماوە نێرەکەر بە بەرچاوی ژن و منداڵانمانەوە بپەڕێتە سەر ماکەر!

دوای ئەو قسەیەی، ئیتر تا کەرێکم بدیتایە سەرنجم دەدا، ڕاستیەکەش هەر ئەوەبوو کە ئەوگوتبووی، لە دێیەکەی ئەوان و ئەو دێهاتەی تریش لەنێوان ئەوێ و شاری زاخۆدا، قەت ماکەرێکم نەدیت، هەموو نێرەکەر بوون .
حەتمەن ئەو ئەخلاق و ئاکارە داهێنانی ئەو نەسلە نەبوو ،نەریتێك بوو کە" باب و باپیریشیان هەرئەوهایان کردیە".
نازانم ئـەگەر" کۆمەڵایەتی" لێرە دابمەزرایە، شـاخەوان هیچی بۆ یەکسانیی نێرەکـەرو مـاکەر بۆ دەکرا یان نا، ڕەنگە بۆی نەکرایە . دیارە هەر وا بە ڕێکەت نەبوو کە ئەوسا هیچ جۆرە شتێکی وەکو" کۆمەڵایەتی " ڕووی لەم مەڵبەندە نەکردبوو، خەڵکی ئەم مەڵبەندە خۆیان بە" کوردێن عەسڵ" دادەناو جارێ ئەم جۆرە بیدعەتانەی شاخەوانیان پێ قەبووڵ نەدەکرا و، زۆر بە قیرسیچمەیی چنگیان لە نەریتی " باب و باپیریشن هەر ئەوهایان کردیە"یە گیرکردبوو .

## ٦٥- مەبەستی ئەم خانمە لە" گەووادی" چیە ؟

سەردەمێك، لە ئیدارەی شارەوانی و وەزارەتی ناوخۆی زۆر لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێك بۆ کۆنترۆڵی پێوانەی کێشی تەرازووی دووکانداران هەبوو . کارمەندانێك کاریان ئەوەبوو بە دووکاندارانێکدا دەگەڕان و کیلۆ و حوقە و نازانمچییان لە بەشەکانی ئەوانە کۆنترۆڵ دەکرد بزانن تەواون یان نا . پێوانەی حوکمی مرۆڤ بۆ هەڵوێستی لە پێوانە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگاش، هیچ نە لە پێوانەی کێشانی ترۆزی و شێلم کەمتر گرنگە و نە لەوەی زێڕی زێڕینگەرو نە تەنانەت لەوەی کێشانی دەرمانی دەرمانسازیش . هەروەك کارمەندی شارەوانی، بۆ کۆنترۆڵی پێوانەی کیلۆی دووکانێك، کێشێکی تری غەیری ئەوەی دووکانەکە بەکاردەهێنێت، ئەینا خۆ ئەگەر هەر هەمان کیلۆیەکی ئەو دووکانە خۆی بە پێوانە دابنێت ئەوا تەواوی مەنتیقی کۆنترۆڵ و پێداهاتنەوەکەی دەبێت بە قسەیەکی قۆڕ وگاڵتەجاڕی؛ بەهەمان شێوە، حوکم دانی ڕۆشنبیر لە سەر پێوانە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگاش ناکرێت بە ئەو پێوانەیەی کۆمەڵگا لە کاتی کۆنترۆڵی ڕۆشنبیردا هەیەتی بکرێت .

خۆ ئەگەر کیلۆ پتر لە دووسەد ساڵ بێت کە وا سەقامگیر بووبێت، ئەوا پێوانەکانی مێشکی مرۆڤ وەکو ئاوی ڕووباری خوڕی بەهاریێ دەڕۆن و ناوەستن . پێوانە دەکرێت لە چاوترووکانێکدا بگۆڕێت، زانیاریەکی نوێ لە پڕێکدا زۆر یاهەموو سیستمێکی پێوانی پێش خۆی پووچ بکاتەوە . لەبەرئەوە،هەمیشە پێداهاتنەوەی پێوانەو ڕاستکردنەوەی،کارێکی مەرکەزی و سەرەکیی ڕۆشنبیرە .

مرۆڤێکی ئاسایی دەڵێت " ئەمە نەریتی قەومەکەمە"، بەڵام ڕۆشنبیر بە پێوانەی غەیری ئەو نەریتە لەو نەریتە دەکۆڵێتەوە بزانێت ئایا ئەو نەریتەی قەومەکەی شتێکی باشە، یان خراپە و دەبێت خەبات بۆ گۆڕینی بکرێت، یا هەر حوکمێکی تری دەربارە بدرێت . ئەگەر ڕۆشنبیریش ڕەگەڵ پێوانەی قەومەکەی بکەوێت، دیسان، وەکو ئەوەیە کارمەندی شارەوانیی بەرپرسی کۆنترۆڵی کیلۆی دووکانەکان، کیلۆی دووکانێك بە هەمان کیلۆیەکی ئەو دووکانە خۆی بپێوێت و بڵێت تەواوە . لێرەدا ،هەر کۆنترۆڵکردن، هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیەك ئیتر هیچ مانایەکی نامێنێت . ڕۆشنبیریش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ، بەوەی کە بە نەریتی خۆیان پێی ڕاهاتوون، لەگەڵیاندا دەڕوات و وەکو ئەوان دەڵێت" خۆ وەڵڵا باب و باپیریشن هەر ئەوهایان کردیە"، کە ئیترهیچ مانایەکی ڕۆشنبیری لەئارادا نامێنێت .

دەرنەچوون لە ڕکەی تەسکی پێوانەی کات و شوێن( سانسۆری ناڕۆشبیری)، لە سامانێکی زۆری فەرهەنگی

مێژووی مرۆڤایەتیی بێبەش کردووین . چونکە کێشەیەکی گەورەی سانسۆر، چ هی خۆ و چ هی دەسەڵاتی دەرەوە بێت، ئەوەیە کە- تەبیعی- بەگوێرەی پێوانەی کۆمەڵایەتی/ سیاسی/ ئەخلاقیی سەردەمی خۆیەتی . ئەوەیە خەڵکی کە دواتر دێنە سەر شانۆی ژیان، بۆ تێگەیشتنی زۆر شتی سەردەمانی پێش خۆیان، دەبێت کون وکەلەبەران بۆ نووسراوانی قاچاغی پێش سەردەمی خۆیان بگەرێن . چونکە زۆر شتی جێمەبەستیان، کە بەپێوانەی سەردەمی ژیانیان ئیتر دەکرێت باس بکرێن، بە پێوانەی سەردەمی پێش ئەوە نەکراوە . دەتوانین دەیان و تەنانەت رەنگە سەدان نموونەی زۆر جێی داخی مرۆڤی ئێستا ریزبکەین، کە هەمووی حسرەتا سەد ئاخ و داخە بۆ سانسۆری لەعنەتیی سەردەمانی پێشتر .

یەك نموونە لە سانسۆرێکی سەرەتاکانی سەدەی حەوتەم، دەربارەی ژنان لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام : " تفسیر الجلالین" دەڵێت...( فلان و فلان و فلان) لە ژنێکی بە ناوی" أم عمارة الأنصاري "یان گێڕاوەتەوە کە بە پێغەمبەری گوتووە :

" ئەوەچیە خودا رووی قسەی هەر لە پیاوانە ؟ ئەدی ئێمە ژنان ؟ خودا هەر دەڵێت المسلمون، المؤمنون ... ئیدی، کە هەمووی رووی قسەیە لە پیاوان، ناڵێت المسلمات، المؤمنات...ئیدی".

ئیتر ئەوەدەبێت کە جبریل بە پەلەپەل وهەڵەهەل فریای پێغەمبەر دەکەوێت و، لە یەك تاقە ئایەتدا - وەك بڵێیت بە تفەنگی ریز -، لەجیاتی یەك جار، دە جار ئەو داخوازیەی ژن بەجێدەهێنێت :

" ان المسلمین و المسلمات و المؤمنین و المؤمنات و القانتین و القانتات و الصادقین و الصادقات و الصابرین و الصابرات و الخاشعین و الخاشعات و المتصدقین والمتصدقات و الصائمین والصائمات و الحافظین فروجهم و الحافظات و الذاکرین الله کثیرا والذاکرات اعد الله لهم مغفرة و اجرا عظیما"

( سورةالأحزاب ئایەتی ٣٥) .

ئێمە لێرەدا هەر پریشکێك دەبینین، کە ژنان داوایان لە خودا کردووە مەنتیقی خۆی روون بکاتەوە . ئەگەر سانسۆری پیاوان یا سانسۆری خودی ژنان بەگوێرەی فەرهەنگی ئەو قۆناغە رێگای بدایە، حەقەن ئێستا زۆر شتی پترمان لەو کێشانەی سەردەمانی پێشتر دەزانی .

بەڵام" سەردەم" یانی چی ؟ مەگەر هیچ سەردەمێك کۆتایی هاتووە ؟ یا هەموو سەردەمەکانی مێژوو وێکڕا لەسەر هەمان ئەستێرەی زەوی دەژین و، ناو بەناو ئادرەسیان دەگۆڕن ؟ سەردەمێکی" پێشتر"ی ئەوروپا ئێستاش وەکو خۆی ماوەتەوەو ئادرەسەکەی بووە بە : پاکستان، کوردستان، عارەبستان ...ئیدی . ئادرەسی سەردەمی پێش

داهێنانی پارەی زۆر وڵات ئێستا گۆڕاوە، سەردەمی بازرگانیی بەندەگەریی کۆن ئادرەسی لە ئینگلستان و ئەمریکاوە - بڵێین- بووە بە مۆریتانیاو... جۆرەها سەردەمی تر ئادرەسیان گۆڕیوە . دیارە ئادرەس گۆڕان دەکرێت هێندێك گۆڕانی وردەکارییشی وێڕا بێت، بەڵام لە جەوهەردا هەر هەمان ماڵی مرۆڤایەتی گواستوویەتەوە و ئادرەسی گۆڕیوە .

توانای پێوەندیی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا دروست بووە، ڕێگای بۆ زۆر مرۆڤ کردووەتەوە، بە چەند سەعاتێکی سەفەر بازێکی چەندسەدساڵی دەدەن و- بڵێین - لە ئەورووپای " پێشتر"ی وڵاتەکەی خۆیانەوە، لە ئەورووپای دوای ئەوەندە سەدساڵدا دەنیشنەوە . وەکو فیلمی خەیاڵی عیلمی بە مێژوودا سەفەردەکەن . مرۆڤی تریش هەن، هەر لە ڕێگای ئینتەرنێت یا تەلەفزیۆنەوە ئاگادارییەکیان لە موحیتی ترو فەرهەنگی تر هەیە .

من بەشی ئەوەندە لە فەرهەنگی ئەفغانستان دەزانم، کە بتوانم بەدڵنیایی بڵێم ناکرێت حەوزێکی مەلەی گشتی بۆ ژنان و پیاوان وێکڕا لەوێ قەبووڵ بێت . ( ئەگەر هەوڵ بدەم کەمێك وەکو ئەفغانیەکان بدوێم) دەتوانم بڵێم " ڕێزگرتن لە نەریتی نەتەوایەتی، لە ناموس و ئەخلاق و شەرافەتی دایك و خوشك و کیژو خانمانی تری وەتەن لە ئەفغانستان لەگەڵ ئەوەدا ڕێك نایەتەوە خانمێك بە مایۆیەکی باریکەوە کە بکرێت تەواوی مووی بەری نەشارێتەوە، لەگەڵ پیاواندا بچێتە حەوزی مەلەوە" . خۆ ئەگەر ژنێکی ئەفغانی ئارەزووی وەهای بەبیردا بێت و داوای بکات، دەکرێت تووشی کێشەی زۆر گەورە بێت، تەنانەت ژیانیشی لە خەتەردا بێت . بەڵام ئەوە لەهەمان لەحزەدا لە هۆڵەندا زۆر ئاساییە، تەنانەت لە هێندێك حەوزی مەلەدا ڕۆژێکی حەفتە بۆ ئەوە تەرخانکراوە بە بێ ئەو کوتە مایۆیەشەوە، نێرو مێ هەروا ڕووت و قووت مەلەبکەن . جۆرەها "ساونا"ش بەهەمان شێوە هەن . جۆرەها شوێن لە هۆڵەندا و وڵاتانێکی تری ڕۆژئاوا هەن، بە سەدان کەس، ژن و مێردو ئەولاد چەند ڕۆژ تێدا بە ڕووتوقووتی بەسەر- دەبەن و ئەوە بەگوێرەی نەریتیخۆیان زۆر ئاساییە، ئەو هۆڵەندیانەی تریشی کە وا ناکەن،ئەوەیان لەوانە قەبووڵە و بە نیشانەی هەتككرانی" ناموس و ئەخلاق و شەرافەتی دایك و خوشك و کیژو خانمانیتری وەتەن"ی دانانێن .

خۆ ئەگەرکەسێك بە پێوانەی فەرهەنگیئێستای ئەفغانستانەوە بێتە هۆڵەنداو هەوڵ بدات ئەو"بێ ناموسی"یەی هۆڵەندیەکان بۆ هۆڵەندیەکان شی بکاتەوە، بیەوێت بیانهێنێتە سەر ڕێگای ناموس و ئەخلاق و شەرافەتی دایك وخوشك وکیژو خانمانی تری وەتەنیئەفغانستان،ئەوا کارێکی زۆر چاك بۆ ئەوانە بەئەنجام دەدات، چونکە ئەوانە ئیتر بۆخۆیان ئەوەندە بەوقسانەی پێدەکەنن کە دەبێت ئاگایان لەخۆیان بێت لەپێکەنینان بەخۆدا نەمیزن .

توانای بەجێهێنانی ئەوە کە مرۆڤ لە واقیعیهەمان شوێنی جوغرافیدا گەشتیخەیاڵیعیلمی لە چەندین سەدەی

مێژوودا بکات، دەبێت مێشکی مرۆڤ هێندێك لە مەحدوودیەتی ئەو نوختە مێژووییەی تێدا دەژیت بەرینتر بکات. دەبێت چاوەڕوانییش لێرەدا وەهابێت کە ئەو کارە لە "ڕۆشنبیر"ەوە دەست پێبکات. خۆ ئەگەر لێرەدا کەسێك بێت و بڵێت "چونکە پێوانەی گەلی ئێمە وەهایە، قارەمانی ڕزگاریدەر بەم شێوەیە دەبینێت، ناموس بەم شێوەیە دەبینێت، ئەمەو ئەوە بەم شێوەیە دەبینێت"، ئەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستی وکارایی ئەو پێوانەیە نیە. هۆڵەندی بەڵگەی خۆی بۆ ئەوە هەیە کە ئەو مەلەکردن و یا ڕووت بوونەوەیە شتی زۆر باشە، ئەفغانییش بەڵگەی خۆی بۆ فەرهەنگی خۆی هەیە. ڕۆشنبیر دەبێت بتوانێت بیر لە پێوانەی هەردوولا بکاتەوە، حوکمێك بدات کە بکرێت غەیری ئەوەی ئەو دوولایەنەش بێت.

ئایا پێوانەی ڕێز لێ گیران و بە قارەمان و ڕزگاریدەر دانانی کە لە دەورانی جیاوازی مێژوودا لای مرۆڤ هەبوون ڕاست بوون؟ کاك ئەحمەدی شێخ بەهۆی ئەوە کە گوایا لە سلێمانییەوە کڵاشێکی دە کەسێکی لە هیندستان گرتووەو، ئەوە یەکێك لە موعجیزەکانی بووەو، لای بەشێکی تری گەلیش، بۆ ئەوە ڕێزی لێ دەگیرێت کە بە ئەسڵ لە عەشیرەتی قورەیش بووە. کاك ئەحمەد ئێستاش هەر بەرێزەو لە سلێمانی سوێندبە خۆی و گۆڕەکەی دەخورێت. ئایا پێوەندیی دەسەڵاتی سیاسی و ناوداربوونی ئێستاش شتێکە لەو موعجیزانەو، چەندە دەتوانین لە ئەو کڵاش تێگرتنەی کاك ئەحمەدی شێخ لە کەسێك لە هیندستان بگەین هەرئەوەندەش دەتوانین لەو پێوەندییە بگەین؟

چەند ساڵێکە، هۆڵەندی شتێکیان بەناوی "شەوی مێژوو" هەیە. چەند شەوێك دەخایەنێت، حەفتەیەك و یا تەنانەت پتریش و لە پتر لەشوێنێك هەڵدەسوورێت. تێدا باسی مێژوو دەکرێت، هەوڵ دەدەن سەرلەنوێ بە جۆرەها پێناسەدا بچنەوە، پێوانەکانیان کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەتایبەتی لە شێوەی دەرس گوتنەوەی مێژوو لە خوێندگەکاندا بکۆڵنەوەو، دەشکرێت بۆ جاری یەکەم یا چەندەم لە کەسانێك و شتانێکی تریش بکۆڵنەوە. خانمێکی هۆڵەندی، نۆوردەرفلیت خانم( Nelleke Noordervliet 1945- )، نووسەرێکی گەورەی هۆڵەندا و شارەزایەکی گەورەی مێژووە، چەندین ڕۆمانی مێژوویی لە بەرهەمیدا هەن. شەوی ٢٤/١٠/٢٠٠٧، لە شەوێکی وەهای مێژوو لە هوتێلێکی ئەمستەردام بەشداربوو. دە باسەکەیدا، مەنتیقی سیاسەتی بۆ شیکرنەوەی مێژوو هەڵسەنگاندو، بۆ ئەوە ژنی وەلیعەهدی وڵاتی کردە تەوەرەی باسەکەی. ژنی وەلیعەهد خەڵکی ئەرجەنتینەو، لەوەتا بووەتە ژنی وەلیعەهد ئیتر ناوی کەوتووەتە لیستی ئەوانەی کە دەکرێت ڕۆژێك ببن بە مەلیکەی هۆڵەندا و، ئەوە لەسەرەتادا

جۆرەها باسی ئـەهلی سـیاسەتی لێ پەیدابیوو . نۆوردەرفلیت خانم باسی ئەوەی کرد کە چـۆن ئەوانەی دنیای سیاسەت دەیانویسـت باسەکانیان - گوایا - بە مەنتیقی فکرێکی ئەخلاقی بە خەڵك بفرۆشـن . باسەکەی، سادە نەبوو، دەتوانم بڵێم ئەوەندەی کورت بوو ئەوەندەش ئاڵۆز بوو، بەڵام گرنگترین دێڕی ئەوەبوو کە کۆتایی پێهێنا:

Geschiedenis is een hoer. Wij zijn allen haar pooiers.

" مێژوو قەحبەیەکە . ئێمە هەمووومان گەووادەکانیین" .

مەگەر ئەوە مێژوونووسـان نەبوون کە کیژی حەقیقەتیان خستووەتە کۆشی دەسـەڵاتەوە تا هەقی گـەووادییەکەی خۆیان، چ مـاددی و چ مـەعنەوی پێ ببڕێت ؟ لە یـەکەم دەقـەکانی نـووسراوانی سـەرقوڕی کە لە کتێبخانـەی ئاشـووریدا وەدەستهاتن، بەهۆی ئەوە کە سـەربازانی ماد هێرشیان بۆبردو، بە ئـانقەست یا بێ قەست ئـاگریان تێبەردرا و بەوە پارێزران، تا ئـەم لەحزەیەی ئێستا، تۆماری مێژوو، چەندی راستەو چەندی کیژی هەتککراوی مێژوونووسـینە ؟ ئـەو هـەمـووە کتێبە، گـۆڤارە، رۆژنامەیە و، لەم رۆژانـەدا ئـەو هـەمووە هـۆیانەی تریش لە راگەیاندندا ،لەسەدا چەندی کیژی حەقیقەت دەخەنە باوەشی ئەو منداڵان و مێردمنداڵانەی خوێندگەکان و،دوای ئەوە لە زانکۆکان و،لە ئەنسیکلۆپێدیەکان و،هۆیەکانی راگەیاندنی گشتیدا، مرۆڤ بۆ دەسەڵاتداران دەخەسێنن؟ یا بە میسالەکەی ئەو خانمە " بەگانی دەدەن" ؟ چەند هەزار فەتوا غیرەتی خەڵکیان بۆ جیهاد بزواندووە ؟ چەندە شیعری وەکو ئەوەی فیردەوسی خۆشەویستیی شـاهانی جینایەتکاریان دە دڵی گەلانیاندا چاندووە ؟ چەندە خـەلیفە و چەندەو چەندە خەڵکی تر لە رێگای مێژوونووسان و شاعیرانەوە مرۆڤایەتییان هـەتككردووە ؟ چـەندە شیعری نـەژادپـەرسـتی،" قـارەمانیی رزگاریـدەر" ی هیتلەریان خستە خوێنی کیژان و لاوانی ئەڵمان و غـەیری ئەڵمانەوە ؟

کە هەژار بە دەمی خۆی هـاواردەکات و بە دەستی خۆی بە خەتی درشت دەنووسێت کە ئەو بە بێ بارزانی هیچ نـەبووەو، هـەر مەرکەزو رێزێکی کە وەدەستی هێناوە لە سایەی بـارزانییەوە بووە، نـابێت ئەو قسەیەی سەرنج رابکێشێت و لێکۆڵینەوە هەڵبگرێت ؟

بە هـەمان شێوە،کـاتێك کەسێك دێت و دەڵێت کە مەرکەزی ئـەدەبیی شێرکۆ بێکەس و خـەڵاتی کە لە ئـەوروپا وەریـگرتووە، رێك وەکو ئەو سـەروەت و سـامانەی لە سلێمانی هـەیـەتی، فڕیان بە سەر هیچ شتێکی غـەیری

سیاسەت و ویستی جەلال تاڵەبانییەوە نیە، لە کاتێکدا کە کەسانی تر هەن شاعیری بەتوانان و کێشەیان لەگەڵ سیاسەتی رۆژدا وادەکات مەرکەزیان، چ ماددی و چ مەعنەوی، لەوەی شێرکۆ بێکەس جیاواز بێت، ئەو پێوەندییەی نێوان سیاسەت و مەرکەزو ئیمتیاز نابێت لێبکۆڵینەوە ؟

دەوڵەتی فەرەنسا شتێکی بەناوی" ئەنستیتوی کورد" لە پاریس داناوە، ئەمە گۆڤارێکی بە ناوی" هیوا، هێڤی" هەیە . لەدیوی ناوەوەی بەرگی گۆڤارەکە نووسراوە :

" هیمدارێن (دامەزرێنەرانی) ئەنستیتویا کورد :

جەگەرخوین، ئۆردیخانێ جەلیل، هەجییێ جندی، یلماز گونەی، هەژار، کەندال، قەناتێ کوردۆ، رەمزی، ئۆسمان سەبری، عیسمەت شەریف ڤانلی، تەوفیق وەهبی، نوورەدین زازا "

خودی" کەندال" ی لێ دەرچێت، ئەوانەی تر بە هیچ جۆرێك فریان بە سەر دامەزراندنی ئەو دەستگایەی بە ناوی "ئەنستیتویا کورد"ەوە نەبووە . زۆر وێدەچێت هەر پێشیان نەگوتبن کە ناوتان لێرە وا دەنووسین و، دوور نیە هێندێك لەوانە هەر قەت لە ژیانیاندا پێشیان نەزانیبێت . سەرتاسەر حوقەبازی و کەڵەکچێتیی سیاسەت رازاندوویەتەوە، ئەوانەی لێرەدا بە ناوی سەرتۆپی ناودارانی کوردی سەردەمی خۆیان لە مەیدانی ئەدەب و هونەردا پێشکەش کردوون و کردوونی بە دامەزرێنەرانی خۆی . ئەدی بۆچی ناوی " هێمن"ی تێدا نیە ؟ چونکە دکتۆر قاسملو نەیویستووە ناوی هێمنی تێدا بێت و،کەنداڵ و دکتۆر قاسملو لەو دووکانەیاندا بۆ فەرەنسا شەریك بوون . تەنانەت لەکاتێکدا کە کەنداڵ لە سەردەمی رژێمی سەددام حوسێندا هاتوچۆی بەغداشی دەکردو یەکجار زۆر دوژمنی ماڵی بارزانی بوو، دیساهەر لەسەر داوای دکتۆر قاسملو ناوی هەژاری نووسیوە . هەژاریش لەبەرامبەردا درێغی نەکردووەو،لەسەر عادەتی خۆی، بە بێ ئەوە کە دەست لە بارزانی بەربدات، تێر- تێر بەو دوو دوژمنەی بارزانییشی ( دکتۆرقاسملو و کەنداڵ) ی هەڵگوتوون .

کەواتە، لێرەدا سیاسەتە بڕیار دەدات ئایا هێمنیش شاعیرێکی کوردە یان نا، ئەوەتا لێرەدا هیچ حیسابێکی بۆ هەبوونی نەکردووەو، هەر جەگەرخوین و هەژارو ئۆسمان سەبریی بە شاعیر قەبووڵ بوون . نە هێمن و نە کەسانێکی تری کە لە ئەوروپاش ژیاون ( وەك " پەشێو"، " رەفیق سابیر"...) ی شایانی ئەوە دیتوون ناویان بنووسێت .

کەسێك بتوانێت لە رێی دەسەڵاتی دوامیری مەزنی کورد بارزانییەوە یا تاڵەبانییەوە یا هەر دیوەخانانێکی تری دەسەڵاتی سیاسەتەوە شوێنی خۆی بکاتەوەو، بخرێتە ئەو هەمان تەلیسەوە کە خانی تێدایەو سەری تەلیس دیسان

بگیرێت و کردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەوانەی تێیدان قەدەغە بکرێت، چونکە ئەهلی دەسەڵاتی سیاسی بڕیاردەدەن کێ شـاعیرە و کێ زماننـاسە و کێ وەرگێڕەو کێ جاش و لەتەپیاوەو نابێت ناوی لەلای ناوی هەژارەوە بنووسرێت و، کێ تاکەی چیە و کەی چیی ترە... و بابایەکی وەکو من نـابێت لەو شتانە بکۆڵێتەوە، چـونکە ئـەوانە شـتـە پیرۆزەکانی نـەتـەوەن و نـابێت بەلایاندا بچین. ئـەو هـەڵوێستە لەوانە، لێرەدا لە هـەژار، بەو بـەڵگەیەی دنیای سیاسەت چیە ؟

ئەوە ڕێك ئەو مەبەستەی ئەو خانمەیە کە لە باسی ژنی وەلی عەهدی هۆڵەندادا هێنایە ئاراوە .

## ٦٦- باسێکی هەژار و نەبەز و سەفەرێکی من

هەژار دەیگوت وەستا بەشیرمشیر خەیاتێکی باش و تابڵیی وەزعی باش بووە، تا جەمال نەبەزو چەند رەفیقێکی خەڵکی سولەیمانیی چوونە بن کلێشەیەوە : مامۆستا، چۆن دەکرێ گەورەپیاوێکی جیهانی وەکو تۆ خەیات بێ ؟ نابێ . ئێدی دەستیان پێ لە کاری خەیاتی(بەرگدرووی) بەرداوە و ئەم دووکانەیان پێ کردووەتەوە . دووکان لە شەقامی رەشید لەگەڕەکی حەیدەرخانەی بەغدا، زۆرتر هەر بۆ فرۆشتنی چاپەمەنیی‌کوردی بوو و، بە زوویی ببوو بە مەکۆی پیاوانی سیاسەت و ئەدەبیاتی‌کوردی کە لەبەغدا دەژیان یان بەسەفەر سەریان لێ دەدا: رەفیق حیلمی، جەمال نەبەز، کامیل ژیر، برایم ئەحمەد( دەیانگوت کە وەستا بەشیر زۆری ناخۆش ویستووەو پێی‌گوتووە " ئەحمەد ئیبراهیم" )، جەلال تاڵەبانی، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، محمد تەوفیق وردی ( وەستا بەشیر هەر پێی‌دەگوت " وەردی"! )، حەبیب میرانی، هەژار، زەبیحی، قزڵجی، مارف خەزنەدار، عیزەدین مستەفا،گیوی موکریانی، محەممەدعەلی‌کوردی، تەوفیق وەهبی، جگەرخوێن، عەلادین سەجادی و حەقەن زۆرکەسی تریش . گاڵتە و پێکەنین، گێرانەوەی سەربەوردو مێژووی زۆری نەنووسراو و شیعرو ئەدەبیات بەگشتی و - بۆ هێندێکیشیان - شەڕەجنێو و کێ کێی گاوە یان نەگاوەو... بەشی هەرە زۆری لایەنە هەم گشتی و هەم تایبەتیەکانی کەسایەتیی ئەوانە لە شانۆی ئەو دووکانەدا خۆی دەنواند.

نازانم هەژارو جەمال نەبەز( کە هێشتا نەببوو بە دکتۆرو پرۆفیسۆرو نازانمچی) هەر لەهاونشینیی کۆڕی دووکانی وەستا بەشیرەوە یەکتریان ناسیوە یان پێشتریش پێوەندییەکیان هەبووە . ئەو دووانە سەردەمێك نێوانیان باش بوو، یان بەهەرحاڵ وایان پیشان دەدا، بەڵام دوای ئەوە کە جەمال نەبەز بە یەکجاری لە دارو دیار رۆیشت و لە ئەڵمانیا سەقامگیر بوو، نێوانیان نەما و، تادەهات خراپتر دە بوو . بەوە کە هەرتکیان زمانیان زۆر شڕو دڕ بوو (دکتۆر نەبەز تەنانەت ناوی‌کتێبێکیشی هەر بە جنێو داڕشتووە :" ترم پرم پف")، ئەگەرکەسێك بیتوانیبا هەرچی ئەو دووانە بەیەکتریان گوتووە کۆبکاتەوەو چاپ بکات، ئەوا بە خەڵوار بوختان و درۆ ودەلەسەو هونەری جنێوی زۆر سەیرو سەمەرەی پێ دەکەوتە کتێبخانەی کوردەوە . حەسەنی قزڵجی لای خۆیەوە جەمال نەبەزی ناونابوو "جەمال نەدووگ"! . هەژاریش دەیگوت" جەمال نەدووگ، ئەو هەتیوە دەعبایەکی سەیرە، فاشیستە و قەڵەمبڕ-ێکی دە گیرفاندا نیە!، ئێمە لەو شاخ و داخانە شەڕی دەوڵەتێك دەکەین و ئەو بە سەجەعی عەرەبیی الماحقه و الساحقه و المرصاد! لە بەرلینەوە دەوڵەتان وێران دەکا و دەوڵەتان دروست دەکا " و... زۆری دی، ئیتر تا ناوی جەمال نەبەز بهاتایە، ئەو دەکەوتە جنێوپێدانی و هەڵڕشتنی هێندێك لەو قسە سەیرانەی . تەبیعی، خۆ جەمال

نەبەزیش ئەو شەرمنە بەحەیایە نـەبووە خۆی گران بکات و ئاوڕی لێ نـەداتەوە، شەندە لە مەندە کەمتر نیە .

ئازاد مستەفا ماوەیەك نێوانی لەگەڵ دکتۆر نەبەزدا هەبوو، لە هەمان کاتدا نێوانی لەگەڵ منیشدا هەر مـابوو و، دەیگوت " نێوانم لەگەڵ جەمال نەبەزدا تاکتیکێکی کاتییە بۆ ریسواکردنی" . هەرچەندە دکتۆر نەبەز بۆ ئەوە کە - بە خەیاڵی خۆی- ئازاد مستەفای پاسۆك (پارتی سۆسیالیستی کورد) بخاتە گیرفانی خۆیەوە، شتێکی بە ناوی " سۆسیالیزمی کوردی" بۆ دروست کرد ، بـەڵام بەزوویی دیسان لێك دوورکەوتنەوەو کەوتنەوە جنێودان بەیەکتر ، ئیتر دکتۆر نەبەزیش کە وای دیت، سۆسیالیزمە کوردییەکەی - بەشیر مشیرگوتەنی - " جـەواب دا"، دەڵێن کـە ئیتر ئازاد مستەفا (محەممەد مستەفا) ی لەوساوە لای خۆیەوە ناوناوە " حەمەی ئەشکەوت"! .
ئازاد مستەفا دەیگوت لای جەمال نەبەز باسی کوردیزانینی مامۆستاهـەژارم کرد ، جەمال نەبەز گوتی " بـەڵێ، مێجەرسۆنیش کوردیی باش ئەزانی"! .

دکتۆر جەمال نەبەز ، لە نووسینێکی ئەم دواییەیدا ، کە من هیچ چـاوەڕوانیی وەهـام لێ نـەدەکرد ، ئـاوڕێکی لە هەژار و من و ئەم کتێبەشم داوەتەوە، کە دەڵێت نەیدیتووە بەڵام هەر بیستوویە کە ... وەهاو وەهایە .
کوردێك کە لە هۆڵەندا دەژی و من ماوەیەك بە دۆستێکی خۆم دادەنا(هاوڕێ باخەوان) بە ئیمەیڵ زۆر پرسیاری دەربارەی مێژووی کاژێك لێ کردم و، یەکێك لەوانە دەربارەی کێشەی نێوانی من و دکتۆر جەمال نەبەز بوو . من نیزیکەی هـەموو پرسیارەکانیم بەهەمان شێوە بە ئیمەیڵ وەڵام دانەوە، بەڵام بۆ ئەمەیان پێمگوت کە وەڵامەکەی بە ئیمەیڵ ناگونجێت، بۆت لەسەر کاغەز تایپ دەکەم و بە بەرید( پۆستی ئاسایی) بۆت دەنێرم . نووسیم و ناردم، وێنەیەکی نەخشەیەکیشم، نەخشەی کوردستانی بـەو جـۆرەی کە دکتۆر نەبەز کێشـاویەتی و لە نووسینەکەدا ئاماژەم پێکردووە، رەگەڵ خست(کە دکتۆر تێدا دەرسیم و چەندین شوێنی تریکوردستانی داوە بە ئەرمەنستان) .
دەقی ئەو نووسینەم و وێنەی نەخشەکە بەدوویدا :

## سەفەرێکی مێژوویی من بۆ لای فەیلەسووفێك

جەمال نەبەز(پێش بوونە دکتۆر) کاتێك لە خوێندگەیەکی بەغدا مامۆستا بوو و منیش لەو خوێندگەیدا دەمخوێند ، زۆر بۆ من باش بوو و وەکو باوکێکی دڵسۆز بوو . دەرسی بە من نـەدەگوت بەڵام زۆر دۆستی مامۆستایەکم بوو

( شێخ عەبدوززەهرە کە ئاخوندێکی شیعەی زۆر دژی کۆمونیستان بوو) . ساڵ هاتن و چوون و ئەو لە ئەڵمانیا بوو، من پێوەندیم بە کامیل ژیر و عەبدوڵڵا ئاگرینەوە پەیداکرد . ئادرەسیم لە ئاگرین دەستکەوتبوو و ناوبەناوە ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبم بۆ دەنارد .

ساڵی ١٩٧٣ چوومەلای لە بەرلین . پەساپۆرتی عیراقیی من ڤیزای بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات نەدەویست، چوومە بەرلینی ڕۆژهەڵات، پاسێك لە فڕۆکەخانە وەستابوو دەچووە بەرلینی ڕۆژئاوا، چوومە ناوی و پیتاقەم بڕی و پاس چوو لە کۆنترۆڵی یەکەم دیوار وەستا، پۆلیسی ڕۆژئاوا داوای پەساپۆرتیان کرد، سەیریان کرد، گوتیان تۆ ڤیزات نیەو گێڕایانەوە .

لە فڕۆکەخانە ( وادەزانم ناوی فڕۆکەخانەی " شونەفیلد "بوو، کە لەوێوە ڕێگایەکی هاتوچۆی بەرلینی ڕۆژئاواش هەبوو، خەڵك بۆ چوونە بەرلینی ڕۆژئاواش هەر کەڵکیان لەو فڕۆکەخانەیەو ڕێگایە وەردەگرت) و لە ئیدارەی پۆست، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا پتر لە ١٠ بروسکەم بۆ دکتۆر نەبەز لێدا کە وا من لێرەم و بەتایبەتی بۆ دیتنی تۆ هاتووم، چۆن بتبینم . سەد جارێك هەوڵی تەلیفۆنم دا، تا لەدواییدا هەڵیگرت و گوتی من هیچم بۆت لە دەست نایەت، بەداخەوە ناتوانم ڤیزات بۆ وەربگرم، خۆشم ناتوانم بێمە بەشی ڕۆژهەڵات، ئەگەر بێم لەوێ ئەمگرن و تەسلیمی عیراقم ئەکەنەوە .

دوای ئەوە کە شەوێکم لەسەر کورسییەکی فڕۆکەخانە بەسەربردبوو، گوتم با جارێ بچمە کارەکەی دووەمم و دوای ئەوە دیسان هەوڵی دکتۆر نەبەز بدەمەوە، بەڵکو ئەوە خوا کردی و ئەمەیان یارمەتیی ئەوەیشی دام . کارەکەی دووەمم دیتنی " جەمال عەلەمدار" بوو، کە لە ستۆکهۆڵم دەژیا، نوێنەری شۆڕشی کورد(بارزانی) بوو لەوێ . من بە شەخسی نەمدەناسی، بەڵام هەڤاڵێکی زۆر هەڤاڵم ( فەرەیدون عەلی ئەمین) ئادرەس و ژمارەی تەلیفۆنی دابوومێ، تەزکیەی کردبوو کە هەڤاڵێکی نەتەوەیی زۆر باشی ئەوەو، هەر کارێکم لە ئەوروپا هەبێت، بەتایبەتی کە پێوەندیی بە خەباتی نەتەوەییەوە هەبێت، پێوەندیی پێوەبکەم . چەند سەعات هەوڵم دا بە تەلیفۆن وەدەستی-بهێنم، بێ فایدە بوو . بڕیارم دا ڕوو لە سوید بکەم . بە قەتار چووم، لە سنوور( وائەزانم " ترێلی بورە"بوو) گوتیان تۆ ڤیزات نیەو ناتوانین ڕێگات بدەین . من تکام کرد کە ڕێگام بدەن لەوێوە هەوڵی تەلیفۆن بدەم، زۆر بە ئەدەب گوتیان فەرموو، دیسان تەلیفۆن وەڵامی نەبوو . گوتم دەکرێ تەلگراف بۆ ئەم ئادرەسە لێبدەم ؟، گوتیان بەڵێ، پۆلیسێك لەگەڵم هاتە ئیدارەیەکی نزیکی پۆست و گوتی فەرموو، تەلگرافێکم بۆ لێدا کە زۆر پێویستە بتبینم، من وا لەسەر سنوور ڕایانگرتووم و ناهێڵن بێم و تەلیفۆنت هەڵناگیرێت و نازانم چیبکەم . لەگەڵ پۆلیس گەڕامەوە

نوختەی کۆنترۆڵ . گوتیان دوای چەند سەعاتێك قەتارێك لێرەوە دەچێتە بەرلین، تۆ دەبێت لێرە دەرچیت .

لە چاوەڕێ‌کردنی قەتاردا ، ناوبەناو هەوڵی تەلیفۆنم دەدا ، تـا گـرتی، گـوتی من جەمال عەلەمدارم، تەلگرافی تۆم پێ نـەگەیشتووە، بەداخەوە کە ئەو ماوەیەش لە ماڵ نەبووم، بەڵام من ناتوانم هیچت بۆ بکەم، مەگەر بچیتەوە لە بەغداوە داوای ڤیزا بکەیت . زۆر سڵاو لە کاك فەرەیدون بکە و سەفەرێکی خۆشت بۆ دەخوازم .

درەنگانی شەوگەیشتمەوە بەرلین، چووم شەوەکە لە هوتێلێك بووم . سەرلەبەیانی دیسان چوومەوە هەمان فرۆکە- خانە و هەمان پاسی بەرلینی رۆژئاوا و هەمان کۆنترۆڵ . گوتیان مەگەر تۆ پێشتر نەهاتیت، چیمان پێ گوتیت ؟، دیسان گێڕایانمەوە . کۆنتڕۆڵی رۆژهەڵاتیش نـاسیانمەوە، هەمان شتی کە بە کۆنترۆڵی رۆژئاوام گوتبوو لێرەشدا دەستم پێ کردەوە : هەر دەبێت بچمە بەرلینی رۆژئاوا چونکە خزمێکم لەوێ زۆر نەخۆشەو خەریکە دەمرێت و لەو قسانە . گوتیان جا کێ دەستی گرتوویت ؟ بە پاس قەدەغەیە، بەڵام قەتاری ژێرزەوی هەیە، کۆنترۆڵی رۆژئاوا- ییەکانی لەسەر نیە . یەکێکیان گوتی من ئێستا دەچمە ئەو وێستگەیە، وەرە لەگەڵ خۆمدا بە ئۆتومبیلەکەم بتبەم . ئیتر بردمی، رێك وابوو، کۆنتڕۆڵێکی زۆر سەختی رۆژهەڵات هەبوو، بەڵام دیوی رۆژئاوا کراوەو چۆڵ و هۆڵ . راست بۆ ئەودیو و ئادرەسی دکتۆر نەبەز .

دکتۆر لە ماڵ بوو، بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم . گوتی من بە شەخسی تۆ ئەناسم ئەینا نـەمئەدیتیت، باوکم ئـەم هەمووە تەلگرافە یەك لەسەر یەکە چیە ؟ تەلگراف بەدووی تەلگراف ؟

منیش پێم‌گوت : چارم نـەبوو، رێگایەکی ترم لەبەردەم نـەبوو، من بە کارێکی شـەخسی نـەهاتووم، هـاوبیرانێك نـاردوویانم و بەم پـەیامە، ئیتر کەوتمە جـەرگەی باس : دەمانەوێت رێکخراو هەبێت بە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ و سـەرکردایەتی و بـەرنامەو چالاکی و خەبات، کە لە کۆنگرەیەکدا بڕیار بدرێت . دەمانەوێت هـەموو کەسێك خۆی ساغ بکاتەوە و ئەوەی کاربکات بەو ئوسووڵانە بیکات و ئەوەش کە نایکات با بزانین، ئێمە لێرەدا هەڵوێست و دەوری تۆمان زۆر مەبەستە... .

( تا ئێرە باش گوێی لێ گرتم، ئەوجا گوتی )

- ئەی کامیل ژیر ؟

- ئەو تەواو بووە، تەنانەت دەڵێن دۆستی تاها جەزراوییە، عەبدوڵڵا ئاگرین دەڵێ کە بە ئەوی گوتووە ئامادەیە بچێتە سەر تەلەڤزیۆن و باسی هەبوونی کاژیك وەدرۆبخاتەوەو پاکانەی لێ بکات و...

- ئەو کێرچلێسە!، بە شەرەفم لە ژوورێکدا بێت و کونی تیا نـەبێت، دیوار کون ئـەکات تا کێری تێ‌بخات!،

هاتە ئێرە لای من، بە شەرەفم هەژار دووکانی پێ کردووم، ئەمە بۆ بازرگانی هاتبوو، خۆ نەهاتبووە لای من، ئەی توخوا شێخ عەبدوززەهرە چۆنە ؟

- دکتۆر تکادەکەم لەپێشدا باسەکانی خۆمان چارەبکەین، دوای ئەوە باسی زۆر شتی تریش دەکەین، بە سەرچاو.

- ئەتوانیت گۆڕەکەی بەشیر مشیرم بۆ بەریتەوە سلێمانی ؟

- دەتوانم، بسەرچاو، بەڵام جارێ با باسەکانی خۆمان بکەین .

( ئیتر - هەژار گوتەنی- بوو بە بەیتی مێشوولە، هەر من باسی کار دەکەم و هەر ئەو شتی تر دەڵێت، لەپێشدا بە بیرمداهات کە تۆ بڵێیت بیەوێت بە ئەو شێوەیە تەوهین و گاڵتەم پێ بکات ؟، لە جیاتی ئەوە کە بڵێت قسەت لەگەڵ ناکەم، ئا بە ئەو جۆرە سووکایەتیم پێ بکات ؟ تا هەر وا لەخۆیەوە بەبێ ئەوە کە باسی سەرۆك بارزانی هاتبێت گوتی )

- مەلا مستەفا ؟ من کردوومە بە مەلا مستەفا ، ئەمەش خێرەکەی، گوو بە خێرەکەی !

( ئەوجا کەوتە کۆکەکۆکێکی سەیر، بە پەلەپرووزێ پری دا شووشەیەکی حەب، حەبێکی دەرهێنا و بە چۆڕێك ئاو قووتی دا و کەوتە بۆڵە بۆڵ )

- باوکم من لە ئەم غەریبییە تەنیام، ئەگەر خۆم نەتوانم کەسێك نیە حەبێکم بداتێ . ئەم هەتیوەش من پێم‌گوت لای ئەو پەنچەرچیە! کارمەکە،ئەوە ساختەچیە، بە قسەی نەکردم، کێ بەقسەم ئەکات، بەخوا کەس بەقسەم ناکات! .
با شوێنێکی خەوت بۆ پەیداکەم، لای من ناتوانیت بمێنیتەوە، من هاوسێیەکم هەیە شێتە، پەلامارت ئەدات!، سبەی قسە ئەکەین .

( تەلیفۆنی کرد بۆ حەمەڕەش ڕەشۆ ( خەڵکی باکوور) گوتی ئەوە کوڕی هەژار لێرەیە بەڵکو لە دووکانی براکەت بخەوێت . ئیتر چووینە لای حەمەڕەش و شەو لە دووکانی براکەی خەوتم، دووکانێکی مەکتەبی هاتوچۆ بوو و ژوور- ێکی زۆر بچووکی لەدواوە هەبوو کە بە تەختێکی بچووکی نوستن پڕبۆوە ) .

ڕۆژی دووەم چوومە ئادرەسی کارەکەی دکتۆر( بەشێکی زانکۆ، لەگەڵ دەستەیەکی فارسدا بوو، دوایی بیستم کە پان ئێرانیست بوون . گوتی )

- دەچم محازەرەم هەیە وەرە دانیشە گوێ بگرە .

- بە کوردی ؟

- نا بە ئەڵمانی .

- من ئەڵمانی نازانم، لێرە چاوەڕێ دەکەم .

- باشە ها سەیری ئەم کتێبەم بکە

( کتێبی دامێ و ڕۆیشت، کتێبیش بە ئەڵمانیە، سەیرێکم کرد نەخشەیەکی کوردستانی تێدابوو، بەشێکی باشی کوردستانی لێ داپاچیبوو، بنگۆل و دەرسیم و مەرەش و چەندین شوێنی تری تێدا خستبووە دەرەوەی کوردستا-نەوە،هەر ناوی‌کوردستانیشی لەسەر نەبوو،لەجیاتی ئەوە شتێك بوو ئێستا دەزانم کە دەکرێ حکومەتی تورکیاش بۆی بەکاربهێنێت، مەڵبەندی کوردنشین، ناوچەی نیشتەجێبوونی کوردان، شتێکی وەها...)،کە هاتەوە پێم‌گوت

- دکتۆر ئەم نەخشەیەی کوردستان زۆر نوقسانە، زۆری کوردستانی نەگرتووەتەوە ؟

- نەخشە چیە باوکم ؟ جارێك هیتلەر شتێکی نووسیبوو هەڤاڵەکانی وتیان ئەمە چیە ؟ وتی ئەمە بە مەرەکەب نووسراوە، پەنجەی بە زمانی تەڕکردو پێیدا هێنا هەمووی شێوا، وتی فەرموون! تەواو . ئێمە ئەبێت دۆست پەیدا بکەین و ئەرمەنیەکان لە خۆمان نەڕەنجێنین، بە شەرەفم ئەو ڕۆژە ئەرمەنیەك ٣٠٠ مارکی بە قەرز دامێ، نەك کورد، بۆچی کورد پرسیاری من ئەکات ؟ ئەوە مەلا مستەفا خۆی، ئەوە خێرەکەی، گوو بە خێرەکەی . ئێوە بە بەعسیەکان بڵێن بێن لێرە قسەم لەگەڵابکەن، منعالمم، حەوت زمان ئەزانم، زمانیان قلف ئەکەم، بەس بڵێن هیچ پێوەندیی بە براکەیەوە نیە لە کەرکووك!

( ئیتر ئێستاش نەمزانی، بە ئانقەست ئەم شانۆگەرییەی سازدەدا و- ڕۆژبەیانی گوتەنی - منی بە کەر دەزانی، یان بە ڕاستی خەرەفاو بوو، یان شتێك لەم و شتێك لەو) .

لە دوای سەعات ٤ی ئێوارەی ڕۆژی دووەمەوە پێوەندیی تەواو بوو، کە تەلیفۆنم دەکرد، کچەکەی دۆستی هەڵیدەگرت و - بە ئینگلیسی - دەیگوت لێرە نیە، نایەتەوە،..ئیدی، وادەبوو گوێم لە دەنگی دکتۆر خۆی دەبوو کە بە ئەڵمانی شتێکی بە کچەکە دەگوت .

- وا ئەزانم- ڕۆژی چوارەم بوو کە بڕیارم دا بگەڕێمەوە، تەلیفۆنم بۆ کرد ،کچەکەی دۆستی هەڵیگرت و گوتی لێرە نیە، - بە ئینگلیسی- پێم‌گوت کە بێزەحمەت پێی‌بڵێ من سبەی بەیانی زوو دەچمەوە .

ئێوارە، دکتۆر پەیدا بوو،هاتە دووکانەکەی کە لێیدەخەوتم، دوو پاکەت شەربەت و دووسەدمارك بۆ ڕێگا بۆخۆم ( گوتی بۆم قەرزکردوویت، بەڵام ناوی ئەرمەنیی نەهێنا) و هێندێك چا و سەعاتی دەست و چی بۆ ماڵی دایکی .

دەوری چارەگە سەعاتێك باسی پاکەتە شەربەتەکانی بۆ کردووم کە ئەوانە لە چی پێکهاتوون و چۆن دەکرێنەوە و چۆن دەخورێنەوە! و ئەوجا گوتی

ـ برۆ خۆت تەسلیمی پۆلیس بکە، بڵێ ڤیزام نیە، بە قاچاغ لێرەم و پارەشم نیە بڕۆمەوە، ئەوان ئەتگرن و لەسەر حیسابی خۆیان ئەتنێرنەوە . دوا ئامۆژگاریشی بۆخۆم و هاوبیرەکانم بریتی بوو لەمە :

" ژن مەهێنن، هەر یەکێك بۆ گانەکە پەیدابکەن و ئیتر تەواو، ژن مەهێنن " . ئیتر ئەمە دوا ئامۆژگاریی بیریارو فەیلەسووفی ناسیۆنالیستی کورد بوو کە لەو سەفەرە مێژووییەدا پێشکەش بە شاگردانی بیری نەتەوەیی کورد کرا، هەر یەکێك بۆ گانەکە پەیدابکەین و ژن نەهێنین . من کە زۆر بەپارێزەوە بووم هیچ کێشەیەك نەنێمەوە کە بەرنامەکانی کارم بشێوێنێت، شەربەت و پارەو دیاریەکانی ماڵەوەیم لێ وەرگرت و سوپاسم کرد و خواحافیز- خواحافیز .

کە هاتمەوە، زۆر بە وردی راپۆرتی خۆم دا بە حەمەسەعید (ناوی حیزبی) و خالید ( فەرهاد کە ئێستا لە سویدە) و بە هێندێك سانسۆرەوە بۆ ئاگرینیشم باس کرد ( دیارییەکانی بۆ ماڵی دایکیشیم هەر دان بەو بیانگەیەنێت، ئەو دەیناسین وهاتوچۆی دەکردن) . ئاگرین گوتی تۆ بڵێی ئەویش وەکو هەردیی لێ بەسەرهاتبێ ؟ (گێژو وێژو دەردی زۆری تەندروستی و تەنانەت قسەی ئەوەش هەبوو کە هەردی هەمان رەوشتی تریاككێشیی باوکی هەبووبێت) یا هەر بەتەواوی خەرەفابێت ؟ بەخوا منیش ئەبێ بچم خۆم ببینم .

چوو و هاتەوە، بەزمێکی لێ دیتبوو لەوەی من کەمتر سەیر نەبوو( وەك شەڕەجنێوی دکتۆر لەگەڵ ئەندامێکی کۆڕی زانیاری کورد کە ئەوسا بە سەفەر لەوێ بووە و زۆری تر )، ماوەیەکی باشی دوای ئەوە پێکەنینی من و ئاگرین بریتی بوو لە باسی بیرەوەرییەکانمان لەگەڵ دکتۆرنەبەزدا . دیارە داخوازییەکانی ئاگرین زۆر جیاواز بوون، ئاگرین دژی ئەو داخوازییانەی من بوو، زۆرم هەوڵ لەگەڵ دابووکە قەبووڵیان بکات بێ فایدە بوو ،ئەو بە دکتۆری گوتبوو کە بێتەوە کوردستان (من شتی وام لێ داوا نەکرد ) و چەند پێشمەرگەو بنکەیەکی تایبەتی و چی و چی دە خزمەتیدا دەبن .

چەند ساڵێك دواتر حەمەسەعید و خالید چووبوونە لای دکتۆر نەبەز لە بەرلین، پێی گوتبوون من پارەم داوە بە شێرکۆی هەژار چاپخانەی بۆ حیزب پێ بکڕێت! . ئەوانیش بە زۆر پێکەنینەکەی خۆیان راگرتووە تا هاتوونەتە دەرەوەو جا وەرە پێ بکەنە . چەند ساڵی دواتریش دوای ئەوە، دیسان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە پاسۆکیەکان هەمان شتی گوتبۆوە، ئیتر دڵسۆزترین لایەنگری ئەوسای ( دکتۆر کوردۆ عەلی) بەرپەرچی دابۆوە کە قسەی وەها هەر عەیبە بکرێت، مەگەر تۆ بۆ رێگا لە سەد یا دووسەد مارکت پتر داوەتێ ؟ ئیتر بێدەنگ ببوو ( من سەفەرەکەم بە پارەی خۆم و حەمەسەعید و خالید کردبوو و وا ئەم دووسەد مارکەشی لەدواییدا چووەسەر) .

پیاو نابێت میوانداری و نان بدەییش لەبیربکات . دکتۆر جگە لە ئەو دوو پاکەت شەربەت و دووسەدمارکە، دوو جاریش نانی داومێ . جاری یەکەم کە ڕێگای دام دوو سەعاتێك لە ماڵەکەی بم، مریشکێکی دە ئاودا کوڵاندبوو، پارچەیەکی لەو مریشکەو هێندێك نانی دامێ . جاری دووەم لە زانکۆ بوو، کە بردمیە رستورانی زانکۆ، بە دەنگ و رەنگێکی زۆر جیددی پێی‌گـوتم " دوامکەوە، من هـەرچیم کرد تۆش وا بکە". دەستی دا سینییەك و کـەوتە ریزەوە، منیش بە دوایدا، قاپێك شۆربا و باسترمەیەکی گۆشتی بـەراز و هێلکەیەکی کوڵاو و سێ قاش تەماتە و خەیار و پارچەیەکی یـەك پارووی نانی خستنە سەر سینییەکەی، منیش هـەمان شتم کرد . پارەکەی دا و چووین دانیشتین . من کەوچکێکم لە شۆرباکە تام کردو وازم لێ هێنا، دەستم بۆ گۆشتی بەرازو هێلکەکەش نەبرد . هەر پارووە نانەکەم بە ئەوەندە تەماتەو خەیارە خواردو تەواو . دکتۆر گوتی بۆچی ناخۆیت ؟ گوتم تەواو، تێرم خوارد، سوپاس . گوتی تێئەگەم ئەم گۆشت و شۆربایەت لا ناخۆشە بەڵام ئەی ئەو هێلکەیە بۆ ناخۆیت ؟ گوتم تەواو تێرم خوارد، سوپاس . گوتی باوکم ئەمە هەمووی پارەمان پێ داوە، ئەو هێلکە جوانە چۆن هەر وا بەێنێتەوە ؟ نا . ئەوجا جانتاکەی( کە پڕ بوو لە کتێب و کاغەزو ئەو شـتانە)ی کردەوەو دەستی برد و هەردوو هێلکە ( ئەوەکەی بەردەمی خۆی و ئەوەی منیش)ی هەڵگرتن و خستنیە جانتاکەیەوە، هەروا بۆ ناو ئەو کتێب و شتانە .

زۆر سـاڵانی دواتر، جارێکیان ئەم چیرۆکەم بۆ دۆستێکم لە سوید گێڕایەوە، گوتی دکتۆر نەبەز نێوانێکی زۆر تایبەتی لەگەڵ هێلکەی کوڵاودا هەیە . گوتم چۆن ؟ لە وەڵامدا ئەمەی گێڕایەوە گوتی :

" ئێمە دەستەیەکی پـاسۆك بووین، بۆ کۆبوونەوەیەك چووبووینە لای لە بەرلین . ئێوارەی ڕۆژی گـەڕانەوەمان بە قەتار، دکتۆر نەبەز هاتە وێستگەی قەتار بۆ خواحافیزیمان، بەڵام سەیرمان کرد یەك تەبەقی گەورەی هێلکەی لەسەر هەردوو دەستی هەڵگرتبوو . " دکتۆر ئەمە چییە ؟"، " ئەمە هێلکەی کوڵاوە، بۆ ڕێگا، با برسیتان نەبێت". جا وەرە پێبکەنە و تەعلیق بدە، یەکێك ئەیگوت جا وەڵڵا بمزانیایە چوار تەبەقم هێلکە ئەکوڵاند ،یەکی تر ئەیگوت جا ئەوە ئێمە هێلکەی کوڵاو ئەخۆین ئەو خەڵکە بەدبەختەی تری دەوروبەرمان لە قەتارا چ گوناهێکیان کردووە ؟ ... ئیتر لەوبابەتە، تا چەند ڕۆژ بۆخۆمان هەر پێکەنیوین ".

دکتۆر نەبەز چاکەیەکی تریشی دەگەڵ مندا کرد، کە ئەم جارەیان کچەکەی دۆستیشی تێدا بەشداربوو :

دوای نان خواردنە مێژووییەکەی رستورانی زانکۆ، دوورو درێژ بۆی باس کردم کە چۆن و بە چ پاسێك و نازانم چی بچمەوە دووکانەکەی شوێنی خەوم . ئیتر کە لەلای ئەو دەرچووم، بۆخۆم هەر وا بە پێ ملی ڕێگام گرت . دوای دەوری بیست دەقیقەیەك، سەیردەکەم لە ئۆتومبیلێکەوە هۆرنم بۆ لێدەدەن، کە باش سەیرمکرد، خانمێکەو دکتۆر

نەبەزی لەلا دانیشتووە . دکتۆر نەبەز بانگی‌کردم" وەرە سوار بە، تۆ ئاخر ئەم هەمووە ڕێگایە چۆن بە پێ ئەبڕیت ؟ من چەندم بۆ شەرح کردیت چۆن بچیمەوە، باوکم، تۆ بۆ وا ئەکەیت ؟". خانمەکەشی بە ئەڵمانی یەك پرسیاری لێ - کردم و وەڵامم دایەوە ( ئەو بە ئەڵمانی و دکتۆر نەبەز تەرجومانیی دەکرد)، پرسیارەکە بریتی بوو لەمە : "کیژۆڵەی‌کورد پێیان خۆشە سەعاتی سووریان هەبێت؟"، وەڵامی من :" بەڵێ ئەرێ وەڵڵا ئەگەر شتی وا دەست - بکەوێت دەبێت زۆریان پێ خۆش بێت". تا بەردەمی دووکانەکەیان هێنامەوە، ئیتر خانمەکەشی ئەو چاکەیەی دەگەڵداکردم و دیارە سوپاسی دەکەم .

شێرکۆ هەژار ٢٨/ ٩/ ٢٠٠٩


TABRIZ
MAHABAD
URMIA
RAWANDIZ
SULAIMANIA
SANANDAJ
KERMANSCHAH
KHANAQIN
BAGDAD
HAWLER
(ARBIL)
KERKUK
HAMRIN
Gebirge
YERIVAN
WAN
ZACHO
DUHOK
MOSUL
QAMICHLIY
HASSAKA
MARDIN
DIYARBAKIR
ERZURUM
KALAN
SIVEREK
MALATYA
AFRIN
Kabur
I R A N

# پێرستی بەشێك لە ناوانی ئەم بەرگی سێیەمە

« ئـ » ئازاد مستەفا ٣٥٤،٤٠٢؛ ئازەربایجان ٣٤٩؛ ئاگرین(د.عەبدوڵڵا) ٤٠٣-٤٠٤،٤٠٧؛ ئامان ٣٥٨؛ ئاناتۆل فرانس ٣٦٣؛ ئاندرسن ٣٦٧؛ ئۆردیخانێ جەلیل ٣٩٩؛ ئۆسمان سەبری ٣٩٩؛ ئەتروشی( عەبدولوەهاب ) ٣٥٣؛ ئەحمەد(کاک-ی شێخ) ٣٩٧؛ ئەحمەدی بارامی ٣٥٨؛ ئەدمۆندز ٣٧٤؛ ئەرمەنی ٤٠٦؛ ئەریستۆ ٣٦٨؛ ئەفغانستان ٣٩٦؛ ئەکەدی ٣٧٧؛ ئەلجەزائیر( سەفارەتی لە بەغدا) ٣٥٦؛ ئەمیری قازی ٣٥٢-٣٥٦،٣٥٨؛ ئەمین زەکی( محەمەد ) ٣٧٣؛ ئەنستیتویا کورد ٣٩٩؛ ئەنفال ٣٣٩،٣٤١؛ ئەییوبی( د.) ٣٥٣؛ ئیبراهیم (حەزرەتی) ٣٦٥؛ ئیرازموس ٣٥٩؛ ئیسرائیل ٣٤٢، ٣٤٤؛

« ا » الاخوان المسلمين ٣٧٣؛ أم عمارة الأنصاري ٣٩٥؛

« بـ » بابەکری سەلیماغا٣٣٤؛

بارزانی( سەرۆك مستەفا) ٣٣٥-٣٣٦،٣٤٢-٣٤٣،٣٤٦-٣٥٠،٣٥٢-٣٥٣،٣٥٦،٣٦١،٣٧١،٣٨٢-٣٨٣،٣٨٦، ٣٩١،٣٩٨،٤٠٣،٤٠٥-٤٠٦؛ بارزانی : ماڵی ٣٩٩،ئیدریس ٣٤٣، سیامەند ٣٤٨، شێخ محەمەد سادق ٣٤٦، مەلاحەسەن ٣٤٨،مەلکۆ٣٤٨؛ بارزانیەکان ٣٦١؛

باقرۆف ٣٣٣(باغرۆف)-٣٣٤؛ بجەننس ٣٥٢؛ برایم ئەحمەد ٣٤٨،٤٠١؛ بزن ٣٨٥، ٣٩٠؛ بنگۆل ٤٠٦؛ بەختیار (شاپور) ٣٧٧؛ بەدەوی(د. عبدالرحمن البدوی) ٣٦٣؛ بەدیع باباجان ٣٤٧؛ بەشیرمشیر ٤٠١-٤٠٢،٤٠٥؛

بەعس/ بەعسی ٣٣٧،٣٣٩،٣٤١،٣٤٤،٣٤٨،٣٥١،٣٥٦،٤٠٦؛ بەهجەت ئاکرەیی ٣٤٨؛ بێتاس (گوندی) ٣٩٢؛ بێجانی شکاك و برایمی خزمی ٣٤٨؛

« پـ » پاراستن(دەستگای) ٣٤٢-٣٤٣؛ پاسۆك ٤٠٢،٤٠٧-٤٠٨ ؛ پان ئێرانیست ٤٠٥؛ پۆل پۆت ٣٦٦؛ پەشێو(عەبدووڵڵا) ٣٨٧،٣٩٩؛ پینۆشێ ٣٧٨؛ پێشەوا ٣٣١-٣٤٠، ٣٥٣-٣٥٤؛ پێغەمبەر(ی ئیسلام) ٣٩٥؛ پێ‌کاکا ٣٥٥؛

« تـ » تاڵەبانی(جەلال) ٣٤٨،٣٩٩،٤٠١، ( شێخ رەزا)٣٦٠؛ تاها جەزراوی ٤٠٤؛ تاهیر تەوفیق ٢٥٣،٣٨٥؛ تودە ٣٣٩؛ تۆماس مۆر٣٥٨؛ تەوفیق وەهبی ٣٧٣-٣٧٤،٣٩٩،٤٠١؛

« جـ » جاسووس/ جاسووسی ٣٣٧،٣٤١-٣٤٢،٣٥٣،٣٥٥،( و بڕ- داودبەگ و... عەلی قازی و رەحیم قازی) ؛ جبریل ٣٩٥؛ جڕجاڵ ٣٧٨؛ جزیری ٣٧٣، ٣٧٥-٣٧٦؛ جگەرخوین ٣٩٩(جەگەرخوین)،٤٠١؛ جەمال حەیدەری ٣٥٠؛ جەمال عەبدونناسر ٣٤٤؛

« چـ » چارلی چاپلن و کوڕی ٣٨٥-٣٨٦؛

« حـ » حاجی بابەشێخ ٣٣٦؛ ح د ك٣٣٦،٣٣٩-٣٤٠، ٣٥٠-٣٥١،٣٥٥،٣٨٣؛ حوزنی (سەید حوسێن) ٣٥٣؛ حەسەن(مام) ٣٥٨؛ حەسەنی (عبدالرزاق) ٣٥٣؛ حەمەڕەش ڕەشۆ ٣٦١، ٤٠٥؛ حەمەدی مەولوودە چرچە ٣٣٦،٣٤٩؛ حەمەسەعید ( ناوی حیزبی ) ٤٠٧؛ حیسامی (دکتۆر حەسەن برای هێدی) ٣٦١؛

« خـ » خانی و مەم و زین ٣٧٣-٣٧٦،٣٩٩؛ خەزنەدار(مارف) ٤٠١ ؛ خەییامی مهابادی ٣٨٥؛ خالید(فەرهاد)٤٠٧؛

« د » دارا عەبدول قادر ٣٦٩؛ دارەوان ٣٩١؛ داودبەگی جاف و ئەولادو بووکان ٣٣٧-٣٤٠-٣٤١،٣٤٣-٣٤٤،٣٥٢؛

دلارام خانم ٣٤٩؛ دۆنکیشۆت و نووسەری ٣٦٣-٣٦٦،٣٦٨؛ دەرسیم ٤٠٦؛ دهۆك(محافزی) ٣٨٤؛ دیلان( محەمەد ساڵح) ٣٧٠؛

« ر » ڕۆژبەیانی (مەلاجمیل) ٣٥٣،٣٨٥،٣٨٨،٤٠١،٤٠٦؛ ڕۆسۆ (ژان ژاك رووسۆ) ٣٧٥؛ ڕەحمان( مەلا ڕەحمانی چاپخانەی شۆڕش) ٣٥٧،٣٦١؛ ڕەحیم قازی(د.) ٣٤٦-٣٥٠،٣٥٤؛ ڕەسووڵ(سەید) ٣٥٦؛ ڕەسووڵ گەردی ٣٥٣؛ ڕەفیق حیلمی ٤٠١؛ ڕەفیق سابیر ٣٩٩؛ ڕەمزی ٣٩٩؛ ڕێیڤە(خیرارد)٣٥٨-٣٥٩؛

« ز » زاپاتا ٣٣٦ ؛ زاخۆ ٣٩٢-٣٩٣؛ زەبیحی ٣٣٤-٣٣٥،٣٥٣،٤٠١؛ زیادئاغا(کاکە) ٣٤٧؛

« ژ » ژیر( کامیل) ٤٠١،٤٠٣-٤٠٤؛ ژێکاف ( ژ ك/ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ٣٣١-٣٣٥،٣٣٩،٣٥٤؛

« س » سارتر ٣٦٣؛ سالاری حەیدەری ٣٥٨؛ ساواك ٣٣٧،٣٤١،٣٥٦؛ ستالین ٣٧١،٣٧٨،٣٨٢؛ سمکۆ ٣٧٣؛ سوارە ٣٧٣؛ سولەیمانی موعینی ٣٧٦؛ سویفت ٣٧٩؛ سۆسلۆف ٣٥٠؛ سۆڤیەت ٣٣٥،٣٤٨،٣٥١؛ سۆمەری ٣٧٧؛ سەجادی(عەلادین) ٣٧٦،٤٠١؛ سەددام حوسێن ٣٧٨،٣٩٩؛ سەدر ٣٣٤،٣٣٦-٣٣٧؛ سەعدی شیرازی وگولستانی ٣٨٨؛ سەعید قەزاز ٣٤٧ ؛ سەعیدی حەمەقالە ٣٦٠؛ سەید(مامە) ٣٨٩؛ سەیف ٣٣٤،٣٣٦-٣٣٧،٣٤٨؛ سەیفولقوزات ٣٣٩؛ سیا ٣٣٩؛ سیدقطب ٣٧٣-٣٧٤؛ سیراجی(محەمەد ئەمین)٣٥٦؛

« ش » شا(ی ئێران) ٣٣٧،٣٤١،٣٥٨؛ شاخەوان ٣٩١-٣٩٣؛ شکسپیر٣٦٧؛ شکور(مەلا) ٣٥٣؛ شوکری فەزلی ٣٤٧؛ شەرەفکەندی(د. سادق) ٣٥٠؛ شەریعەتی ٣٧٣،٣٧٥؛ شەکیب ئاکرەیی ٣٤٣؛ شێرکۆ بێکەس ٣٩٨-٣٩٩؛

« ع » عارەب ٣٤٢؛ عەزیز( شێخ-ی شێخ ڕەزا) ٣٩١؛ عەزیز(مام) ٣٥٨؛ عەلەمدار(جەمال) ٤٠٣-٤٠٤؛ عەلیاغای ئیلخانی ٣٣٤؛ عەلی قازی ٣٣٧،٣٣٨(تاقە کوڕ)، ٣٤٠(جاسووسی چوار دەوڵەت) ؛ عەلی گەلاوێژو ژنی ٣٤٩؛ عیزەدین مستەفا(د.) ٣٥٣،٤٠١؛ عیسای مەسیح ٣٥٨-٣٥٩؛ عیسمەت شەریف ٣٩٩؛

« غ » غولام یەحیا ٣٤٩؛ غەوسی گەیلانی ٣٥٧؛

« ف » فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ٣٣٩؛ فروهێر ٣٣١-٣٣٣، ٣٣٥-٣٣٦،٣٥١؛ فەرهاد بڕ- خالید؛ فەرەیدون عەلی ئەمین ٤٠٣-٤٠٤؛ فیردەوسی ٣٩٧؛ فینکنئۆوخ ٣٥٨؛ فینیقی ٣٦٣؛

« ڤ » ڤۆلتێر ٣٧٥-٣٧٦؛ ڤیرگیل گیۆرگیو٣٦٣؛

« ق » قاسم(کەریم) ٣٤٦،٣٨٦؛ قاسملو(د. ڕەحمانی ئەنوەری) ٣٣٦،٣٣٩، ٣٥٠-٣٥١،٣٥٣-٣٥٤،٣٩٩؛ قالقالی( شێخ سەعید) ٣٨٥؛ قامیشلی ٣٩٢؛ قزڵجی(حەسەن) ٣٣٥،٣٧٣،٤٠١؛ قۆریاتی کەرکووك ٣٥٧؛ قەرەنی ئاغا ٣٣٤؛ قەناتێ کوردۆ ٣٩٩؛

« ك » کارل چاپك ٣٦٣؛ کاژێك ٤٠٢ ، ٤٠٤؛ کا گێ بێ ٣٥٠؛ کاوانی(مەحموود) ٣٧١،٣٨٢؛ کوردۆ عەلی(د.)٤٠٧؛ کۆڕی زانیاری کورد ٣٨٨،٤٠٧؛ کۆماری کوردستان ٣٣٥-٣٣٧،٣٣٩-٣٤٠؛ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ٣٦١؛ کەریمی (عەلی) ٣٣٥؛ کەمالی ٣٧٤ و بڕ مستەفاکەمال؛ کەنداڵ ٣٩٩؛

« گ » گاباری (برایم) ٣٤٢-٣٤٣؛ گیڤارا ٣٣٦؛ گیو ٣٥٣،٤٠١؛

« ل » لوبنان ٣٩١؛ لێنین ٣٧١،٣٨٢؛

« مـ » مائۆتسی‌تونگ ٣٣٢؛ مارکس ٣٥٣؛ مارلۆن براندۆ ٣٨٥؛ ماوەت ٣٤٨؛ محەمەدعەلی کوردی ٤٠١؛ مستەفا کەمال (مستەفا عەلی رزا، ئەتاتورک) ٣٧٠،٣٧٧-٣٧٨؛ و بڕ کەمالی؛ مودەرریسی ٣٥٦؛ موشێ دایان ٣٤٤؛ موعەللەقات ٣٨٦-٣٨٧؛ مۆسکۆ ٣٣٩،٣٦٩؛ مەحموودئاغای گردێم ٣٥٧؛ مەحوی ٣٧٣،٣٧٦؛ مەرەش ٤٠٦؛ مەسعوود محەمەد ٣٨٨؛ مەم(محەمەد مەولوود) ٣٥٣،٣٦٣؛ مەهدیە ٣٥٨؛میاندواو ٣٣٦؛ میرابۆ ٣٧٥؛ میرانی (حەبیب) ٤٠١؛ میللیەت(رۆژنامەی تورکی) ٣٨٨؛ میناخانم ٣٣٨-٣٣٩،٣٥٣؛ مێجەر سۆن ٤٠٢؛

« نـ » نازی ٣٦٦،٣٧٧-٣٧٨؛ نالی ٣٧١،٣٧٣،٣٧٦؛ نوورەدین زازا(د.) ٣٩٩؛ نۆوردەرفلیت خانم٣٩٧-٣٩٨؛ نەبەز(د.جەمال) ٣٨٨،٤٠١-٤٠٩؛ نەسرین فەخری (د.) ٣٥٣؛ نەغەدە ٣٦١؛ نیشتمان(گۆڤاری) ٣٣٤؛

« و » وردی (محەمەد تەوفیق) ٣٣٤،٤٠١؛ وەتەمیشی(سوڵتان) ٣٥٠؛

« هـ » هادی محەمەدی ٣٥٢-٣٥٣؛ هاوڕێ باخەوان ٤٠٢؛ هومایونی (سەرتیپ) ٣٣٦؛ هەجیبێ جندی ٣٩٩؛ هەردی(ئەحمەد) ٤٠٧؛ هەمزە عەبدوڵلا ٣٥٠؛ هیتلەر ٣٧٨،٣٩٨،٤٠٦؛ هێدی( خالیدئاغای شێخلەری، خالید حیسامی) ٣٥٧-٣٦١؛ هێمن ٣٥٣،٣٥٥،٣٦٠،٣٧٣،٣٩٩؛

« یـ » یلماز گونەی ٣٩٩؛

# قسەکانی من و ساتۆری قەسابخانەی ماڵی لڤین

گۆڤاری لڤین بە سێ جار ٢٢ پرسیاری لە من کرد، وەڵامم دانەوەو، بە تایپکراوی بە وێنەی پێ‌دێ ئێف بۆم - ناردن. لڤین بەشێك لەو پرسیارو وەڵامانەی بە دارشتنەوەی کوردیی‌خۆی و، بە رێنووسی خۆی و، بە جۆرێك بۆ خزمەتی مەبەستی تایبەتیی خۆی( دوژمنایەتیی لەگەڵ بارزانیەکان)، بە ساتۆری قەسابیی خۆی، لەتوپەت کردبوو و ئەوجا ئەو لاشە بەدبەختەی وا بەسەرهێنراوی بە شێوەی ١٩پرسیارو وەڵام بڵاوکردەوە.

من کە چەند رۆژێك دوای بڵاوبوونەوەی دیتم، دیارە ئەوە بۆ من وەکو ئەوەبوو کە لە زستاندا سەتڵێك ئاوی ساردم بەسەردا بکەن، چونکە چاوەڕوانیی ئەوەم لێ نەبوو. بەڵێ، پێم وابوو دەکرا بیەوێت هێندێك شتی لێ بڵاو نەکاتەوە، بەڵام ئەوە کە بە بێ هیچ پرسێك بە من، هەر وا لە خۆیەوە ئەو پەت پەتیەی پێ بکات و ئاوا بڵاوی بکاتەوە... نەخێر، پێم وانەبوو کاری وا دەکات. دوای ئەو قەسابکارییە، ئەوجا زانیم کە پێشتر هەمان دەردیان بە سەر قسەکانی "پەشێو"یش هێنابوو. پەشێو دوای ئەوە خۆی ناچار دیتبوو کە لاشەی تەواوی قسەکانی خۆی بە نامیلکەیەك بە چاپ بگەیەنێت و بڵاوبکاتەوە. کە ئەوانە بوێرن پەت-پەتی بە قسەکانی پەشێو بکەن، من - ئاینیەکان گوتەنی- دەبێت شوکری حەننانی مەننان بکەم کە هەر بەوەندە لەو قەسابخانەیە رزگارم بووە.

هەرچۆنێك بێت، منیش، لێرەدا "پەشێو" ئاسایی، زۆر بە پێویستی دەزانم هەمان کاربکەم و تەواوی لەشی ساغی قسەکانی خۆم لێرەدا بڵاوبکەمەوە.

من زۆرتر وایە هەر نووسینێکی‌خۆم پێش چاپکرانی، چەند جار بخوێنمەوە ئەوەندە جارە دەستکاری دەکەم. بەهەمان شێوە حەزم‌دەکرد دەقی وەڵامەکانی ئێرەشم دیسان دەستکارییەك بکردایە، بەڵام نا، دیارە لێرەدا ئەو کارە ناکەم. من لێرەدا بە دەستپاکی دەقی ئەو پرسیارانەی قەسابخانەی لڤین لێی کردووم و ئەو وەڵامانەی داومنەتەوە، بڵاودەکەمەوە و، لێرەدا هێندێك پەراوێز وە داوێنی لاپەڕەکان دەخەم.

بەڵام، پێش ئەوە، باسێکی سەردێڕو پێشەکیی ئەو قەسابخانەیەش بە پێویست دەزانم:

قەسابخانەی لڤین، لە یەکەم لاپەڕەی بڵاوکردنەوەی ئەو پرسیارو وەڵامانەدا، لەتێکی لە قسەیەکی من دەربارەی قۆناغێکی ژیانی هەژار ( قۆناغی ژیانی کەرەجی دوای کۆچی دوایی سەرۆك مستەفا بارزانی ) لە تەواوی رستەکە کردووەتەوەو، کردوویە بە سەردێڕی درشت، لە سیاقی خۆی دەرخستووە، ئاینیەکان گوتەنی "لا إله"ی بە بێ " إلاالله " کردووە بە سەردێڕ.

قــسابخانه هەر لەو پێشەکیەیدا نووسیویە کە شێرکۆ گوتوویە " من وێنە یان فەحسی dna ی خۆمتان بۆ دەنێرم ئەگەر کار لەسەر ئەوەبێت گومان دروستبکرێت کە من کوڕیم"(کوڕی هەژار) . ئەمە قسەیەکی یەکجار زۆر سەیرە، تەبیعی من شتی وام نەگوتووە . کارەکە بەم جۆرەبوو :

لڤین داوای وێنە و کورتەیەکی چیرۆکی ژیانی خۆمی کرد. من لە وەڵامی ئەوەدا داوای لێبوردنم کرد . لڤین ئـەم کاردانەوەیەی هەبوو :

" ١- نازانم بۆچی رازی نەبوون کە کورتەیەك لە ژیانی خۆتمان بۆ بنوسن .

٢- وێنەکان ئەگەر لەو کاتانەش زووتر بن کە جەنابتان ئاماژەتان پێداوە گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە بۆ ئێمەو خوێنەریش یەکلا ببێتەوە کە بەرێزتان فعلا کوڕی مامۆستاهەژارن!! ئیتر نازانم بۆ دڵنیا-کردنەوەی خوێنەرمان ئێمە چ رێگەیەك بگرین؟

مەمنوون دەبم ئەگەر لوبارەوە شتێکتان لەدەست بێت... خۆت چی بە باش دەزانیت ."

منیش وەڵامم دایەوە :

" من بە هیچ جۆرێك نەمویستووە هیچ سەرنجێك بۆخۆم رابکێشم، لێرەدا تەنیا بابەتەکانی ئەم کتێبە بۆ من جێ باسن، کە - بە بیری من- لە هەموو بارێکدا وەکو خۆیان دەمێننەوە . خۆ کە باس بێتە سەر ئەوە ئایا من فیعلەن کوڕی هەژارم یان نا ، ئەوا نە هیچ وێنەیەك و نە تەنانەت DNAی یەك لایەنەی خۆشم دەتوانێت شتی وەها بسەلمێنێت، ئێوە - بڵێین- چووزانن ئەم وێنانە یا کارتی DNAی کە دەینێرم هی خۆمن ؟ (..)"

چەندی بەچەندی ؟!

ئـەم قسانەی من، کە نـامـەنتیقی بوونی پرسیارەکەیان دەردەخات لەکوێ و ئـەوەی قسابخانەی لڤین لەکـوێ ؟ من وێنەیەکی کۆنی خۆم و" دەروێش"ی هەڤاڵم (کادیرێکی پاسۆك) یشم بۆ ناردبوون، بڵاویان نـەکردبۆوە .

دەمەوێت لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشم کە من قەت وشەی " مەلا موستەفا" (وەك کە لڤین تەئلیفی کردووە) بە سەر زمانمدا نـایەت و نـاینووسم، دەڵێم بـارزانی، سـەرۆك مستەفا بـارزانی یا دوامیری مـەزنی کـورد . ئەوە گـوتمان ئێمە هەڵوێستی لڤین لە بـارزانیەکان دەزانین، بەڵام پرسیاری " پرۆژەی ترتان چیە و ئێستە بە چییەوە سەرقاڵن ؟ " و وەڵامەکەی من بۆچی فرێدراون ؟ من لەمەیان نـاگەم، خۆ ئەوە هیچ پێهەڵگوتنێکی سـەرۆك مستەفـا بـارزانی و مێژووی عەشیرەتی بارزانی تێدا نیـە، ئیتر بۆچی لایدەدەن ؟

یا ، بەهەمان شێوە، کە تێدا سەرنجی خوێندکارانی کۆلیجی سیاسەت بۆ کتێبی ئاغاو شێخ و دەوڵەت رادەکێشم، کە ئەویش هیچ پێهەڵگوتنێکی ماڵی بارزانیی تێدا نیە و تەنانەت تێدا بوختان بە سەرۆك بارزانی کراوە ( کە لە " فوئاد حوسێن" و" چیا"ی هەڤاڵییەوە تێیکەوتووە، کە فوئاد حوسێن ئەوسا یەکجار زۆر دوژمنی ماڵی بارزانی بووە)، ئەوە بۆچی سانسۆرکراوە ؟ ... باسی شەرەفنامە بۆچی لادراوە ؟ ... ئەوجا :

## دەقی پرسیارەکانی لڤین و وەڵامەکانی من

بەشی یەکەمی دەقی پرسیارەکان ( بە هەمان رێنووسەکەی لڤین خۆی و بە سەهوی تایپ کردنیشەوە) و وەڵامەکانیان :

١- لڤین : ئێوە لە پێشەکی کتێبی یەکەمدا بەسەرهاتێکتان گێڕاوەتەوە کە گوایە مامۆستا هەژار کتێبێکی بە هەدیە داوەتە کەسێکی دیاریکراو و لەسەر رووپەڕی کتێبەکە نوسیویەتی( شاعیر و شاعیرپەروەر، کورد و کورد-پەروەر*....هتد) کاتێکیش لێتان پرسیوەتەوە کەی ئەوکەسە شیعری نوسیوە ؟ * ئەویش لە وەڵامدا گوتویەتی .... ئایا دەتانەوێت ئەو بابەتە بکەنە دەستپێك بۆ ئەوەی بێژن : هەژارهەرچی بە مەلا موستەفای بارزانیش هەڵگوتووە هەمان حوکمی هەیە و مەبەستێکی دیاریکراوی هەبووە نەك حەقیقەتێکی مەحز ؟

شێرکۆ : نا، من لام وایە، هەژار هەرچیی بۆ سەرۆك بارزانیی نووسیوە، لە قووڵایی دڵییەوە نووسیویە . تەنانەت رەنگە ئەگەر لەوەدا بەتەواوی دڵی خۆی بکردایەتەوە، پتریشی بگوتایە، وەك ئەوە کە - بەنموونە- بیگوتا " پادشام، من خزمەتکارتم... ئیدی" . بەڵام دیسان، نێوانی دڵ و رەفتار لای کەسێکی کە بیەوێت خۆشەویستی زۆرترین کەسان و لایەنانی گەلی خۆی بێت، کە هەژار وابوو، شتێکی ئاڵۆزە . هەژار نێوانی زۆر گەرمی لەگەڵ ناحەزانێکی سەرۆك مستەفا بارزانییشدا هەر پاراست و، رێگای نەدا کە " دڵ " هەمیشە دەست دە کاروباری " دنیایی "ی وەردات .

٢- لڤین : مامۆستا هەژار کەسایەتیەکی گەورەی ئەدەبی و سیاسی سەردەمێکی دیاریکراوە، لێدان لەو کەسایە-تییە دەبێت لەهەنگاوی یەکەمدا بنەماڵەکەی بێنە جواب، پرسیارەکە ئەوەیە : چی وای لە شێرکۆ کردووە کە ئەو

---

* تەبیعی ئەو قسانە ورد نین، دەقی ئەوە نین کە من گوتوومن .

نهێنیانەی کەس نـایزانێت لەدوای مەرگی باوکی بە کتێب بخاتە ڕوو ؟ دەکرێت بپرسین چ مەرامێك لە پشتی ئەو کتێبانەوە خۆیان مەڵاس نەداوە ؟

شێرکۆ : بـەرپرسیاریی مێژوویی ڕۆشنبیری نـاچاری کردووم ئەو کارە نـاخۆشە بکەم . ئـەگەر من ئەو کارەم نەکردایە، ئەو زانیارییانە بۆ هەتا- هەتا دەنێژران و، ئەوە - بە بیری من - زیانێکی زۆری دەبوو و، دەبووە خیانەت بە گەیاندنی ئەمانەتێك بە نەسلانی داهاتوو .

٣- لڤین : وەك ئێوە باسی دەکەن نرخی کتێبەکانی مامۆستا هەژار مامرێك یان کیلۆیەك گۆشتی لەسەر نوسراوە، لەکاتێکدا بە دەیان لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاشـەکانیان لە سەر شـەقام و کۆڵانەکان فڕێ دەدران، دەتانەوێت لەپشتی ئەم ڕستەیەوە چ پەیامێك بدەنە خوێنەر : ئایا مامۆستا هەژار کەوتبووە داوی ئێرانیەکان، یان لە ڕێگادا پـەکی کـەوت و گـەڕایـەوە بۆ ئەو ئیشەی کە یـەکەمجار دەیتی دایە کە کتێب وەرگێڕان و دونیای نوسین بوو ؟

شێرکۆ : وشەی " کـەوتنەداو" ڕەنگە هێندێك بـەڵگەی پتری لەوەی من هەمن پێ بوێت . بـەڵام، من لام وایە، هەژار لە دواساڵانی تەمەنیدا لە کەرەج بەتایبەتی کە تاقە ئومێدێکی بۆ کورد- کە سەرۆك مستەفا بارزانی بوو - ئیتر نـەمـابوو، دەیویست لە هـەمورلایەکەوە فریای خۆی بکـەوێت، نێوانی لەگەڵ " وەلی نیعمەت" و میزاجی خەڵك و، ئیتر هەرچی هەبوو و نەبوودا باش بێت . پێوەندیی ڕووحیی تەنیا بە تاقە یەك شتەوە بەند بوو :" ئـەز" ( ئێگۆ) و تـەواو . نووسین و وەرگێڕان وکتێب دانان لای ئەو ئیتر هەر بۆ پارەو پێوەندیی بەکەڵك و مەرکەز بوو، نەك بۆ هیچ پێوەندییەکی هزری و دەروونی لەگەڵ خودی ئەو کارانەدا .

٤- لڤین : ئەوەندەی لە ئەدەبیاتی پارتیدیموکراتیکوردستاندا ناو و ناوبانگی هەژار هەیە ئەوەندە لە جێگەکانی تر نییە، بەتایبەتی لای حیزبە کوردییە ڕۆژهەڵاتیەکان، بەڕای تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

شێرکۆ : نێوانی سەرۆك مستەفا بارزانی و هەژار هۆی ئەو هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستانە . حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش زۆر ڕێزیان بۆ هەژار هەیە، چـونکە نێوانی هەژار لەگەڵ دکتۆر قاسملو و ئەحمەد تەوفیق و دکتۆر شەرەفکەندیی برای خۆیدا خۆش بوو .

٥- لڤین : زۆر جەخت لەسـەر ئەوە دەکەیتەوە کەسایەتی هەژار زیـاد لە یـەك ڕووی هەیە، ئـایا فیعلا وایە یان ئەوەی کە گەشتووە بە خوێنەر تەنها ڕووە دیارەکەیەتی و ئەوەش کە لەلای ئێوەیە دیوە ڕاستەقینەکەیەتی ؟

شێرکۆ : بەگشتی، دیارە هـەموو مرۆڤێك زۆر لایەنی هـەیە . جیاوازیی ئەو وێنەیەی کە هەژار لە دنیای سیا-

سەتدا بۆی دروست ببوو و ئەوەی کە خۆی لە دنیای دەرەوەی ئەوەدا هەیبوو، بەبیری من، زۆر لێك دووربوون .

٦- لڤین : هـەندێك لە ئەندامانی ساواکی پێشوو بە وێنەی - عیسا پەژمان - یاداشتەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و باسی پەرتکردنی شۆڕشی ئەیلوول دەکات و لەم دواییانەشدا- عیرفانی قانیعی فەرد- لەسەر مێژووی هاوچەرخی کوردو شۆڕشی قازی موحەمەد و رۆڵی بارزانی لە تێکدانی ئەو شۆڕشانەدا دەخـەنـە ڕوو.... بەگشتی پێت وایە : نەیارانی کورد سیاسەتەکانیان مەزنە ؟ یان کورد هەمیشە کەوتۆتە نێو تەڵەو تڵکەی ئەوان ؟ یان لەوبارەیەوە رای ئێوە چۆنە ؟

شێرکۆ : من هـەڵوێستی خۆم تا رادەیەك، لە کتێبێکمدا( لە نووسراوانێکی قاچاغی قۆناغی خۆیان) بـاس - کردووە . کێشەی کورد- بە بیری من- دەگەڕێتەوە لاوازیی چینی ناوەندیی‌کورد کە هێشتا نەهاتووەتە سەر شانۆی رابەریی کوردایەتی . ئەو چین و توێژانەی‌کوردی بە رابەریی شێخ سەعیدی پیران، لەگەڵ ئەو چین و توێژانەی کە مستەفا کەمال رابەریی دەکردن دەریانندەکرد . بە هەمان شێوە، راپەڕینی بە رابەریی سمکۆش نەیدەتوانی لەگەڵ رەزاشادا دەرکات . لە ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مهابادیش، تۆژینی پێوەندیی نێوان ئەو لایەنانەی هەژار پێیاندەڵێت " رەش و رووت" و" پـایـەبـەرزان" ( چێشتی مجێور ل٦٩) ئـەزموونێکی زۆر روون و لەبـەرچـاوە . ژێـکـاف لە سـەرەتـادا نوێنەری چینی نـاوەندی بوو، کەچی خۆی نـاچار دیت پێشەوایەتیی کۆمار بداتە دەست کەسێکی دەرەوەی چینەکەی خۆی . کاتێك سەرۆك مستەفا بـارزانی ساڵی ١٩٥٨ لە سۆڤیەت گـەڕایەوە، بیری نـەتەوەیی کورد یـەکجار زۆر کز بوو، هەر تەنیا بەقوونە جەماوەرێکی چینی نـاوەندیی کورد لە شاری سلێمانی هەبوون کە بەگاڵتەپێکردن بەکوردستانیان دەگوت" قلیاسان" . تەنیا ئومێدێکی‌کوردایەتی هەر بنکەی عەشیرە- تی بارزان بوو . کەسانێکی خەڵکی شارستان خۆیان نـاچاردیت رەگەڵ بارزانی بکەون، بەڵام کاتێك نەیانتوانی لەگەڵیدا بگونجێن خۆیان خستەکۆشی عیسا پەژمانەوە . بچووکیی و مەزنی، شتی نیسبیین . هەموو عارەب بۆ ئیسرائیل نە مەزنن و نە هیچ . ئەو کەسانەی کە نەیانتوانی بە بێ عـەشیرەتی بارزان دروشمی کوردایەتی بهێننەوە مەیدان و ،کاتێك نەیانتوانی چیتر لەگەڵ‌عەشیرەتی بارزان و بارزانیدا بگونجێن چوون خۆیان خستە کۆشی عیسا پەژمانەوە، ئەوە بچووکیی ئەو کەسانە پیشان دەدات نەك مەزنیی سیاسەتی پەژمان .

دوژمنانی‌کورد ئەو دێوو درنجانە نین کە دە رۆستیان نەیەین،بەڵام ئێمە خۆمان هێندە لە پەرپووتیش پەرپووتترین، تـەنانەت ئەو دوژمنە کـەچوکرووچانەش دەتوانن ژێردەستمان بهێڵنەوەو بمانچەوسێننەوە . ئێمە لەجیاتی ئەوە کە خـەتای کارەساتی خۆمان بخەینە سەر دوژمن، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە چۆن باری خۆمان وەها لێدەکەین کە لە

ئاستی پێداویستی رزگاریی نەتەوایەتیی خۆماندا بین .

ئـەگـەر رۆشنبیریی کورد بەوە بگات کە شەپۆلێکی خەباتکارانێکی وەهای چینی ناوەندی بخاتە مەیدانەوە، کە بتوانن جڵەوی رابەریی نەتەوەکەیان لە رابەرانی لەمێژینە وەربگرن، ئەوسا تای تەرازووی نێوان کوردو دوژمنانی دەگۆڕێت . سەرۆك مستەفا بارزانی - وەك من لە شوێنی تریشدا گوتوومە - گرێدانەوەی مێژوویی داوی پچڕانی میرانی کورد بوو، کە دوا ئاڵقەی پێش ئەو میر بـەدرخان بوو . بـەڵام ئیتر ئەو دوا میری مـەزنی کورد بوو و، بە کۆچی دوایی ئـەو، قۆناغی میران کـۆتایی هات و ئەو دەرگایە داخرا . ئێستا دەبێت چینی نـاوەندی بێتە سـەر شانۆ . (..) *

٧- لڤین : لە ئێستادا کورد بە هەر چواردەوری خۆیدا خەریکی مامەڵەی سیاسی و ئـابوورییە بە تایبەتی لەگەڵ ئێرانیەکان و ئەمەریکادا مامەڵەی ئاشکراو نهێنییان زۆرە، تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەو پەیوەندییانە ؟ لەکاتێکدا ئێوە لە کلیە سیاسیەکانەوە دوورن چۆن ئەم روداوانە بە رووداوەکانی سەردەمانی پێشووی کورد لێك دەدەنەوە، بە مانایەکی تر ئایا دەکرێت بڵێین کورد لەدووبارەکردنەوەی مێژودا دەستێکی باڵای هەیە ؟

شێرکۆ : کورد، بە بێ رێکخراوی نـەتـەوەیی چینی ناوەندیی، هەرو هەر هەمان مێژووی درێژەپێدەدا . بیری نوێ پێویستە، بیرێك بتوانێت ئەو پێشقەدەم بێت و، بار دروست بکات و، خەڵکی تر ناچاربن سەودای لەگەڵدا بکەن، نـەك چاوەڕێ بکات خەڵکی تر چ بـارێك هـەڵدەخەن و ئەوسـا بزانێت لەوە چیی پێ ببڕێت . ئـەگەر یەك رێکخراوی نەتەوەیی کوردی وەها پێکبێت کە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان ببێتە هێزی یەکەم ، ئەم سنوورە سیاسیانەی کە ئێستا بەلای گەورەن رەنگە ئەوسا بۆ تاکتیکەکانی ئەو یەك هەمان رێکخراوە لە هەر چوار پارچە-کەدا تـەنانەت زۆر بەکەڵك بن . چارەسەری کوردی سلێمانی و هەولێر، پێش ئەوەی لە بـەغدا یا ئـەمەریکا یا هەر شوێنێکی تر بێت، لە مـهابادە، لە دیـاربەکرە، لە قـامیشلیە . ئـەگەر حکومەتی کورد بتوانێت دڵی جەماوەری کورد لە دێهات و شـارستانی هـەموو پـارچەکانی کـوردستان بە خۆی شادبکات و ئەوانە ئەو حکومەتە بە هی

---

* من لەسەرەتادا وەڵامی ئەو پرسیارەم بەم دێڕونیوە کۆتایی هێنابوو :

من - بە رێکەوت - هیچی قانیعی فەردم نەخوێندووەتەوە . لە هەموو بارێکدا، پێوەندیی بە دنیای خەباتی کوردەوە نیە، دەڵێن لە ئیتیلاعاتی ئێرانەو وێدەچێت وابێت .

دواتر بە ئیمێڵێك داوام لە لڤین کرد کە ئەو دێڕونیوەی لێ لابەرێت .

خۆیان بزانن، ئەوە دەیکاتە هێزێك کە هەموو جیهان حیسابی بۆ بکات . لەوەشدا بە هیچ جۆرێك مەبەستم ئەوە نیە دەست بەجێ واز لە دەوری سیاسەتی واقیعی ڕۆژ بهێنێت، نەخێر، ئەوە بۆ نـەخشەی ستراتیجی نـەتـەوەیی درێژخایەن دەڵێم، من لە سیاسەت دەگەم، بـەڵام دەبێت هەمیشە بڕوا و متمانەی نەتەوەی کورد بە بناغەی هێزی خۆی دابنێت نەك هەر شتێکی تر، ئەو بڕواو متمانەیە بۆی دەبێتە گەورەترین پشتوپەنا لە هەر هەڵوێستێکیدا . حکومەتی کورد تەنانەت نەیتوانیوە بڕواو متمانەی خەڵکی هەڵەبجە وەدەست بهێنێت، ئێ دە نەتەوەیەك چۆن ئاوا دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو هەمووە هێزانەی ناوچەکەو جیهان ببێتەوە ؟ تەبیعی ناتوانێت لەگەڵیاندا دەرکات .

٨- لڤین : دەتانەوێت بەو جۆرە نوسینەتان بە ئێمەی خوێنەر بڵێن چی ؟

شێرکۆ : دەمەوێت بڵێم ئێمەی کورد ساڵانی زۆرمان بە وەهم و خەرافات کوشت، با ئیتر" عەقڵ" دەور ببینێت، شتەکان وەك هەن ببینین، نەك وەك حەزدەکەین کە ببوونایە . مرۆڤ ئەگەر بیەوێت هەر نەخشەیەك بۆ چوونە هەر شوێنێك دروست بکات، دەبێت لەپێشدا بزانێت خۆی لەو نەخشەیەدا لەکوێیە، ئەوجا دەیەوێت بەرەوکوێ بچێت و، دوای دیارکردنی ئەو دوو نوختەیە بزانێت ڕێگاکە چۆن دەبێت . دەستپێکردنی کار بە دیارکردنی شوێنی خۆ لە نەخشەدا، نەخشە بە فراوانترین مانای، نەخشەی ژیاری و بزووتنەوەی نـەتەوەکەمان لە مێژوودا . ئێمە زۆر لە دەرەوەی جەغزی مێژوودا ژیاوین، من دەمەوێت بچینە جەغزی مێژووەوە. ڕێگایەکی زۆر دووردرێژمان لەپێشە، بەڵام ئاخر خۆ دەبێت دەست پێبکەین، دە من یەکێکم لەوانەی کە ئێستا ئەوەندەیان لە دەست دێت بە ئەم شێوەیە دەست پێ بکەن .

٩- لڤین : لەنێو نـوسینەکەی ئێوەدا باسی لایەنی ڕەفتارو سروشتی زۆر لە نـوسـەران و مێژوونوسان و کەسانی خوێنەواری سەردەمەکانی پێشوو کراوە و حەقیقەتی هەندێکیان خراوەتە ڕوو، ئایا تۆ مکوڕی لەسەر ئەو ڕاستیا- نەی کە نوسیوتانە، بەتایبەتی تر لەسەر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و فاروقی برای ؟

شێرکۆ : من لە دەرەوەی نووسیندا ، مرۆڤێکی ئاساییم . بەڵام لە میحرابی‌نووسیندا ،لە دۆخێکی ڕەوانیی دوور لە جیهان دەبم، وەك دەروێشێك کە بە تاقی تەنیا لە دۆخی فەنافیللایدا لە دوڕگەیەك تەنیا ئاو بە دەورەوەو ئاسمان بە سەرەوەو تێکەڵیی خۆی و خودای دەبینێت . تەواوی‌گەردوون لە بەرامبەر حەقیقەتدا لای من پووش و پەڵاشیش نیە . ئـەگەر کەلەبەرێك لە نێوان هـەر شتێك و کـەسێك و قـەومێك و هـەرچی هەیەو نیەی گەردووندا لەلایەك و حەقیقەت لەلایەکی تردا هەبێت، دەستی من لە نووسیندا بەغەریزە، بێ‌هیچ بیرکردنەوە،حەقیقەت هەڵدەبژێرێت . من چیرۆکی وردەکاریی ژیانی‌جنسیی دکتۆرعیزەدین مستەفا ڕەسووڵ،بەرلەهەرکەس لە مەلاشکورەوە ئاگادارم،

کە بە چاوی خۆی زۆر شتی دیتووە، کە لە شوێنی خۆیدا، لە شوێنێکدا کە پێوەندیی بە ئەنجامەکانی ئەو ژیانە لە سیاسەت و نێوان لەگەڵ هەژار... ئیدیدا هەبێت باس دەکەم، ئەینا من چ مافی ئەوەم نیە خۆ دە باسی وردەکاریەکانی ژیانی تایبەتیی خەڵکی تر هەڵقورتێنم. فاروقی برایشی، رێك ئەوەبووە کە باسم کردووە.

١٠- لڤین: پرۆژەی ترتان چییە و ئێستە بە چییەوە سەرقاڵن ؟

شێرکۆ: ئێستا خەریکی نووسینی بەرگی سێیەمی " هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیاییەك "م. وام داناوە دوای ئەوە بە بەرگی چوارەمی کۆتایی بێت. بۆ نووسین، پرۆژەی زۆرم دە سەردان، هەمیشە زۆر بیر لە دانانی فەرهەنگێکی زمان دەکەمەوە. رەنگە تەمەنم رێی ئەوەم نەدات فریای فەرهەنگێکی ئەتیمۆلۆجیی کوردی بکەوم. تۆژینی نێوانی زمانە هیندۆ - ئەوروپاییەکان و سامیەکان و دەوری کوردستان لەوەداو، پرۆژەی کۆمەڵێك نووسین و وەرگێڕانی تریش، بەڵام ئیتر نازانم، وەك نالی دەڵێت:

" وەکو نەهاری بەهاری درێژو پایزی کورت

ئەمەل گەلێك و طەویل و عەمەل کەمێك و قەصیر ".

بەڵکو بەشی ئەوەندە بژیم کە ئەو رێکخراوە نەتەوەییەی خەونی پێوەدەبینم پێکبێت، تا لەم دۆزەخی ژیانەی وڵاتانی تر رزگارم بێت و، بکەومەوە باوەشی شانەیەکی خەباتی نهێنی لە نیشتمانی خۆمدا، یا هەر بەشێکی ئەو خەباتەی کە بە من هەڵبسووڕێت، ئەوسا لەجیاتی ئەم نووسین و وەرگێڕانانە، توانای خۆم ئاڕاستەی کاری راستەوخۆتر بکەم.

لڤین لە کۆتایی ئەو پرسیارانەیدا نووسیبووی:

" ئەگەر شتێك هەبوو کە شیاوی باس بێت و من باسم لێوە نەکردبێت و بەرێزتان بە شیاوی بزانن باسی زیاتری لەسەر بکەن مەمنوون دەبین: یا ئەو چەند پرسیارە بێنێت وەك بەشی یەکەم، موقەدەر نەبێت لەدوای وەڵامەکانی ئەو بەشە پرسیاری ترتان بۆ دەنێرم...."

بەشی دووەم:

١- لڤین: بۆچی بەر لە مەرگی هەژار موکریانی ئەو کتێبەت بڵاونەکردەوە، تا خۆی کە لە ژیاندایە بەرگریی لە خۆی بکات ؟

شێرکۆ: چیرۆکی ژیانی هەرکەسێك، مەگەرهەر بە کۆتایی ئەو ژیانە تەواو بێت و، نووسینی چیرۆکێك پێش

تـەواوبوونی ڕەنگە پـەلەکردنێکی هـەڵـە بێت . لە حـاڵەتی هەژاردا، من دەمزانی کە هەژار خـەریکی نـووسینی ژیننامەی خۆی بوو و، زۆر هیوادار بووم بەشی ئەوەندەی تێدا بڵێت کە ئیتر ئەو ئەرکە لەسەر شانی من لابدات . من لام وابوو کە هەژار بە رادەیـەك لە هـەموو ژیـان و مرۆڤ وەڕەز ببوو کە دەکرا چش لە هـەموو دنیا بکات و کـۆمەڵێك ئیعتیرافات بۆ دوای مەرگی خۆی تۆماربکات . بەڕاستی ئەو هیوایەم زۆر هـەبوو . بەڵام، لە هەموو بارێکدا، خۆ ئەگەر ئەم کتێبەی من لە ژیانی هەژاریشدا بڵاوبکرایەتەوە، من لام وانیە هیچی لە هیچ بگۆڕیبا . خۆ هـەر ئـەوەندە دەکرا هەژار هێندێکی قـەبـووڵ بـکردایە یان هـەمووی بە ڕاسـت یان بە درۆ دابنایە، دە زۆر حەقیقەت لە هەر سێ باردا بۆ خوێنەرهەر وەك تەلیسمێك دەمایەوە . چونکە ئەو شـتانەی باس کراون، بەشێکیان هەرلە نێوان ئەو و مندا ڕوویانداوە، ئەوانی تریش کە خەڵکی تریان تێکلاوە، ئەوا ئێمە دەبینین ئەو خەڵکانەی لەوانە کە زیندووشـن متەقیان لێ نـەهاتووە، یان بە چەند قسەیەکی گشتیی زۆر دوور لە جیددی بوون، ڕەگەڵ شەپۆلی عاتیفەی سادەی خەڵك و یا گەمەی سیاسەت کەوتوون .

٢- لڤین : کاتی خۆی کە کتێبی ( چێشتی مجێور)م خوێندەوە ئەو سەرنجەم لا دروستبوو کە هەرچی باسوخواسی گەرم و هەستیار هەن، شاهیدەکانی مامۆستا هەژار مردوون، بـەڵام ئێستا لە کتێبەکەی تۆشدا هەمانشت هەن، تۆ چۆن دەتوانیت متمانە بۆ خوێنەر دروست بکەیت لەکاتێکدا شاهیدی زیندوو، یان بەڵگەی قسەبڕت پێ نییە ؟

شێرکۆ : مرۆڤ، زۆرتر وایە بیرەوەریەکانی لە پیربوونیدا دەنووسێت و بڵاودەکاتەوە، کە باسی هاوسەردەمانی تەمەنی خۆی تێدا دەکات و، ئەو هاوسەردەمانەش، کەمیان یا زۆریان مردوون . من چەندین بیرەوەریی ناودارانم سەیرکردوون،بەدەگمەن تێدا تووشی ناوی زیندوویەکی کاتی نووسینیان بووم . ئەمە ژیننامە خۆی لە خۆیدا زۆرتر هەر وەهایە . بـەڵام هەرچۆنێك بێت، کە قسە بێتە سەر باسی شـاهیدی زیندوو و بـەڵگەی قسەبڕ، ئەوا کێشـەی گەیشتنە حەقیقەت، زۆر بەداخەوە، نە بە شاهیدی زیندوو دەبڕێتەوە، شاهیدێکی کە زۆر چاك دەکرێت درۆ بکات و، نە پێوانەی قسەبڕیی بەڵگەش ئەوەندە بڕاوەتەوە کە بتوانێت هەمیشە فریای گومانی مرۆڤ بکەوێت . ئـاین و ئیدیۆلۆجیا لە حەقیقەت دڵنیان و، دەتوانن مـلیـۆنـان خـەڵك وەدووی خۆیان بدەن، دنیای سیاسەت و خەباتی چەکداریش پێویستیان بەو دڵنیاییە هەیە، بـەڵام حەقیقەت لای ڕۆشنبیر شتێکی ترە . ڕۆشنبیر گومان کردن بە بەڵگەی ژیان دەبینێت، بە داڕشتنی " دێکارت"ی فەیلەسووف " من گومان دەکەم، کەواتا من هەم" . بە هەمان شێوە،گومان وەکو" گسك"ێکە کە دەبێت مرۆڤ دەرك و حەوشی پێش ماڵی مێشکی پێ بماڵێت، تا ڕێگا بۆ لێ -

چوونە ژوورەوەی حەقیقەت هەمواربکات . من ئەم قۆناغەی کۆمەڵگای کورد تێدەگەم، بەڵام هەبوونی" رۆشنبیر-ی"یش دە فەرهەنگی نەتەوەکەمدا بە پێویست دەزانم . ئەرکی سەرشانی رۆشنبیری ناچارمدەکات بە خوێنەر بڵێم : گومان بکە، گومان لە قسەی هەژار بکە، گومان لە قسەی من بکە، گومان لە هەموو قسەیەك بکە، دەزانم ژیانی رۆژانە مرۆڤ ناچاردەکات بریارێك بدات و بەجێیبهێنێت، بەڵام قەت و قەت لە هیچ دڵنیا مەبە، با هەمیشە گومانێك لە سەرتدا بمێنێتەوە . گومان نەمانەوە، دەکرێت کارەساتی زۆر گەورە بنێتەوە و بە درندەیی زۆرمان بگەیەنێت .

٣- لڤین : کاك شێرکۆ تۆ ئەوەت درکاندووە هەژار لە ئەزموونی خۆی لەگەڵ سێ کوردیدا تەنیا ( خانی) بۆخۆی هێشتەوە، لە شوێنانی دیکەی نێو کتێبەکەشت دیسانەوە ئەو ناکۆکییخێزانییە بەدیار دەکەوێت، زۆر کەس وای بۆ دەچن تۆ بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بابت ئەو کتێبەت نووسیوە، وەڵامی ئێوە لەوبارەیەوە چییە ؟

شێرکۆ : هەژارو من، هەژارو زۆرکەس و، زۆرکەس و من، دڵی یەکترمان ئێشاندووە . نێوانی هەر باوکێك و ئەولادی ناکرێت کێشەی تێدا نەبێت، کێشە گەورەن یا بچووکن، خۆ دەردەخەن یا شاردراوە دەمێننەوە . کتێبی من کارێکی فەردی و خێزانی نیە، ئەینا خۆ هەر دە خێزانەکەمدا دەهێشتەوە . من تێناگەم ئەگەر کێشەیەکی خۆم لەگەڵ کەسێکدا هەبێت، بۆچی دەبێت بێم بۆتۆی بنووسم و سەری تۆی پێ بیەشێنم . ئەزموونی تاك لەو چوار-چێوەیەدا کە دەبێتە ئەزموونی گشتی، لە قەفەسی دنیای تاك هەڵدەفرێت و بەسەر سەری گشتدا دەسوورێتەوە . کاتێك من شیکردنەوەی دۆخی رەوانیی هەژاری موکریانی بە پێداویستێکی "گشتی" ببینم، ئەوا بەڵگەی سەلماندنی قسەکانیشم هەر بەشێکن لەو کارە گشتییە . هەژار لە کاتی دەوڵەمەندییدا و لە ڤیللای شاهانەی خۆیەوە کوری هان بدات کەوشەکۆنی بۆ بهێنێتەوە، ئەوە بەڵگەیەکە بۆ ئەو تۆژینە رەوانییەی من دەربارەی هەژار کە ناکرێت خۆمی لێ لابدەم، ئەوە لە جەرگەی باسەکەدایە* . کاتێك هەژار خەڵك هان بدات کە ئەولادیان بنێرنە سەنگەری شەر و، ئەو خۆی خانی لای خۆی و ژنی بپارێزێت و لە هەر پێوەندییەکی بە خەباتی سیاسی و چەکداری دووربخاتەوە، ئەوە شتێکە پێوەندیی بە کۆدەی ئەخلاقیی ئەوکەسایەتیە گشتییەوە هەیە کە من ناتوانم خۆمی لێ لابدەم . کاتێك زۆربەی هەرێمی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر ئاگربارانی ئاخوندەکانی ئیستیعماری

---

* ئەمرۆ نووسینێکم خوێندەوە کە نووسەر تێدا - لای خۆیەوە- بە ئەم پرسیارە مانای ئەو کەوشهێنانەوەیەی لێ پووچ کردووەتەوە : کاك شێرکۆ باسی ئەوە ناکا کە ئایا هەژار کەسی ناچارکرد کەوشەکۆنەکان بکاتە پێ ؟

ئێرلاندایە و، خانی بەشداری مقاوەمەتی نەتەوەکەی نیە، بۆچی ؟ چونکە بە گوێرەی هەژار دەبێت لە ماڵەوە بمێنێتەوە سەری بابەجان بشوات، ئەوە مەسەلەیەکی گشتییە، ئەینا ئەگەر لە هەلومەرجی تردا بوایە و سەری باوکی خۆی نەشۆریبایە، ئەوسا دەبوو بۆ ئەوە ئەوپەڕی رەخنەی لێ بگیرایە. ئێمە کە منداڵ بووین کەسوکارمان سەری ئێمەیان شۆریوەو، کە کەسوکارمان پیربێن، کەمترین ئەرکی ئەخلاقیی سەرشانی ئێمە ئەوەدەبێت کە ئێمەش سەری ئەوان بشۆین. من هیچ شتێکم دەربارەی هەژار و هیچ کەسێك نەنووسیوە کە پێوەندیی زۆرگرنگ و راستەوخۆی بە سیاقی گشتیبوونەوە نەبووبێت. شتێکی پێی بگوترێت تۆڵە، لە قامووسی رۆشنبیردا نیە.

٤- لڤین: باست لە بنەماڵەی گەورەی بەگزادەی جاف کردووەو بە ناپاك وێنات کردوون، بەو تاڵە دەزووە خانە-وادەی گەورەو خاوەنپایەی پێشەوا قازی موحەممەدیش تێوەگلاندووە، لەکاتێکدا بەڵگەگەلێکیشت نەخستووەتە روو، لە وەها دۆخێکدا لە قەڵەمی تیژی جافەکان و بە بڕشتی موکریانییەکان نەترساویت ؟ بەتایبەتی لەو باسەدا پێچەوانەی شەپۆلی کوردان مەلەت کردووە، لە خنکان نەترساویت ؟

شێرکۆ: ئەم پرسیارە دوولایەنییە بە دوو بەش وەڵام دەدەمەوە:

یەکەمیان - من لە هەڵسەنگاندنی مرۆڤدا، باز بە سەر سنووری بنەماڵەو عەشیرەت و خزمایەتی و ئەو شتانەدا دەدەم. ئەوانە بە بەشێك لە فەرهەنگی قۆناغی سەرەتایی عەشیرەتی و دەرەبەگی دادەنێم. هەر مرۆڤەو بەگوێرەی گیان وکرداری خۆی هەڵدەسەنگێنم. حاجی قادر چەند جوانی گوتووە "کە نەفعێکت نەبوو بۆ موڵك و میللەت بەمن چی نەقشبەندیی یانە مانی". بەگزادەی جافیش، وەکو ئەم خەڵکوخوایە، هەموو تەرحێکیان تێدایە. سەربازی قارەمانی نەناسراوی وەکو" عەلی بەگی حوسێن بەگی جاف"یان تێدا هەیە، کە ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی لەپێناوی حاواندنەوەی خەباتکاراندا پێ زۆر نەبووە. من کە هاوینی ١٩٧٤ بە نهێنی بە کاری حیزبی چووەمەوە سلێمانی، لە ماڵی ئەودا ماوەمەوە. هاوینی ١٩٧٩یش کە لەگەڵ دوو هەڤاڵمدا، دەروێش و فەرهاد، بە کاری سیاسی بە چەکەوە چووینەوە سلێمانی، من لە ماڵی عەلی بەگ ماوەمەوە و، بە ئەوپەڕی رووی خۆش و دڵسۆزییەوە ویستوویە هەرچی بۆ خەبات لەدەستی بێت دریغی نەکات. ئەوە هەر من لە باسی ئەزموونی تایبەتی خۆم ئەوەندە لێرەدا باس دەکەم، ئەینا گیانی خۆ و ژن و ئەولاد دە خەتەری مەرگ خستنی ئەو مرۆڤە دە خەباتدا یەکجار زۆر لەوەندە پتر بووە. من پتر لە دە ساڵ لەبەغدا نێوانی ئەوپەڕی رێزو خۆشەویستییم لەگەڵ ماڵی رەزا بەگی جافدا هەبووەو، ئێستاش بە کەسوکاری راستەقینەی خۆمیان دادەنێم،هەزارجار یادیان بەخێر. لە هێندێك

رووەوە، ئەو هەمووە ساڵانەی ژیانم کە ئەو هەمووە کەسەشم تێدا زۆر خۆشویستوون، کەسێك نەبووە بتوانێت جێگای ئەوانم دە دڵدا بۆ بگرێتەوە*. بەڵام کە بێتە سەر سەردارو سالاری جاش و جاسووس، ئەوا دەزانم لێرەدا مافی جنێودانم نیە، ئەینا ئەگەر کتێبی خۆم بوایە دەمگوت ئەو سەگبابانە هەقە چی بە گۆڕەکانیشیان بکرێت .

---

* پێوەندیی من و هێندێك لە بەگزادەکانی جاف، ساڵی ١٩٦٣ لە بەغدا، لە ڕێگای شانەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێکرد . " بهرام بەگی ڕەزابەگی جاف" کە من هەر پێمدەگوت" کاك بارام"، لە شانەیەکی وەهادا خەباتی دەکرد، منیش ڕێکخەری شانەکە بووم . کاك بارام و من هاوگەڕەکیش بووین، لە گەڕەکی "ئیسکان"ی ڕۆژئاوای بەغدا دەژیاین . کاك بارام و برایەکی و سێ خوشك و دایکیان، لە خانوویەکدا دەژیان، کە لە دوو ژووری بچووك و حەوشێکی بچووك پێکهاتبوو . کاك بارام کارمەندێکی بچووکی ئیدارەیەك بوو و براو خوشکێکی دەیانخوێند، بە داهاتی ماددی دەوڵەمەند نەبوون بەڵام بە ڕەوشتی یەکجار زۆر بەرزیان لە هەرە دەوڵەمەندانی جیهان بوون . خوشکێکی کاك بارام ( ڕەعنا خان) هاوسەری عەلی بەگی حوسێن بەگی جاف بوو لە سلێمانی و، ئیتر ئەوەبوو من لە ڕێگای ماڵی ڕەزابەگەوە بەختم هێنای و عەلی بەگم ناسی . عەلی بەگ لای من : بە ڕەوشتترین، خوێندەوارترین، ڕۆشنبیرترین، ئازاترین و نەتەوەییترین پیاوێکە کە من لە سەرتاسەری ژیانی خۆمدا ناسیومە . من، بۆ دۆستایەتی و هەڤاڵەتی، بەوە کە عەلی بەگ بە هەڤاڵی خۆی قەبووڵ کردووم، خۆم بە بەختەوەرترین مرۆڤی سەرزەوی دەزانم .

کاك بارام ساڵی ١٩٦٤ وازی لە حیزبایەتی و سیاسەت هێنا ، منیش وازم لە پارتی هێنا . دوای ئەوە من زۆرتر لەگەڵ قادربەگی برایدا نێوانم هەبوو و زۆر پێکەوە دەبووین . قادربەگ( من پێمدەگوت " کاك قادر") خوێندنی جیۆلۆجیی تەواوکردو لە شیرکەتی نەوتی کەرکووك دامەزرا و، ئیتر ئەوسا توانیان خانوویەکی گەورەتر بگرن .

کاك قادر قەت نەچووە هیچ ڕێکخراوێك و سیاسەتێکەوە، بەڵام بێ لەوە هەتا بڵێیت دڵسۆز بوو . هیوادارم کاك قادر بمبوورێت کە من لێرەدا باسێکی تایبەتی نێوان خۆی و خزمانی ئاشکرا دەکەم ، چونکە ئەوە - بە بیری من - پێوەندیی بە جەغزێکی بەرینترەوە هەیە : کاك قادر کاتێك لە شیرکەتی نەوتی کەرکووك دامەزرا، سەرداربەگی جاشی ساواك لە ئێرانەوە داوای لێ کرد کە هێندێك زانیاریی تایبەتیی ئەو شیرکەتەی بۆ بنێرێت، کە تەبیعی پاداشی ماددیی باشیشی لە دوو دەبوو!. کاك قادر تەنیا بە چوار وشە وەڵامی دایەوە :" جاسووسی کاری من نیە" و هیچی تر .

من بەڵگەی تەواوی جاشی و جاسووسیی ئەوانەم خستووەتە روو و، هیواداربووم ئێوە هێندێك لە وێنەکانی سەرداربەگی جاشی جاف لەناو چەکدارەکانیدا لەکاتی بەشداربوونیان لە ئەنفالدا لێرەدا بڵاوبکەنەوە، من خۆم وێنەیەکم لەوانە لە ماڵپەرێکدا دیتووەو لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەمدا پێتری لێ دەدوێم .

ماڵی قازییەکان، تا پێشەوا و سەیف و سەدریان هەبووە، من رێزم لە خزمەتیاندا هەیە . ئەندامانی ماڵی قازیی دوای ئەوە، هێندێکیان کە دەزانم جاش و جاسووس بوون و هەن، هەمان شتیان پێ دەڵێم کە بە هەر جاش و جاسووسێکی تری هاوپیشەیانی دەڵێم . هەر کەسانێکی تریشیان بەو شێوەیەی کە دەناسم باس دەکەم . من، وەك گوتم، سەیری گیان و کرداری مرۆڤی تاك خۆی دەکەم . هیچ حیسابێك بۆ بنەماڵەو منەماڵەو شتی وا ناکەم . من لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەمدا ( هەژاری مرۆڤ و...) زۆر لە سەر دوو باس دەڕۆم ، یەکەمیان پێوەندیی هۆشیاریی نەتەوایەتی و چینایەتی، کە تێگەیشتنی هەرکامیان بە بێ تێگەیشتنی ئەوەکەی تریان بێهوودەیەو، نموونەی زۆریشم بۆ روون کردنەوەی ئەو باسە هەر ماڵی قازییەکان و خزمە جاشە جافەکانیانن، ئەوی تریشیان باسی کێشەی نێوانی وەهم و حەقیقەت .

دووەم - من کە لە کەس و هیچ بترسم نانووسم . نووسین و ترسان لای من وەکو مەحوی دەڵێت " قضیّه مانع الجمع "ـە . منێکی کە لە ئەورووپا دەژیم، لەم تەمەنەمدا ، ئەگەر قەڵەمم ترسنۆك بێت، خۆ وا چاکترە ئەو قەڵەمە بدەمە مشکێك تا جەمی خۆراکێکی بۆ دابین بێت، باشتر نیە ؟ چەندین رۆشنبیر لەسەر گوتنی حەقیقەت بەردەباران کراون یا سووتێنراون، منێك ئا لەم ئازادییەی ئەورووپادا نەوێرم حەقیقەتێك بخەمە سەرکاغەز، نازانم بۆچی مافی ژیانم هەبێت . خۆ با کۆتایی پێ بهێنم و وەسیەتەکەم لەشم بدەن بە ئاموزگەی خوێندکارانیبژیشکی . هەر نەبێت کەڵکێکی بۆ ئەوان دەبێت . من هەڤاڵانی سەردەمی خەباتی بەغداوکەرکووك و هەڵەبجەو پێنجوێنم،کە ئێستاش خۆشبەختانە نیوەیان ماون، ئەوانەشیان کە ئێستا نێوانم لەگەڵیاندا نیە یا تەنانەت خراپیشە،ئایا یەکێکیان تێدا هەیە بڵێت کە من لە خەباتدا باکم بە هیچ هێزێکی بێگانە یان کورد هەبووە ؟ من سەرەتای ١٩٧٥ لە پێنجوێن فەرمانی گرتنم لەلایەن پاراستنەوە بۆ دەرچووە، خۆ لێرە لە هۆڵەندا نە پاراستنم بە دووەوەیەو،نە تفەنگداری ماڵی سەرداربەگ و نە عەلی بەگی قازی و نە هیچ، ئیتر نازانم ئەگەر بشمەوێت بترسم لە چی بترسم .

بۆ زماندرێژی و جنێو و جۆرەها بوختان و درۆودەلەسەش، شالاوێکی بەربڵاویان بۆ هێناوم و، ئەوەش هەمووی بووە بە خێروبێرو بەسەر خۆم و کتێبەکەمدا رژاوە . هەژار دەیگوت : " دوژمنێکی کەر لە سەد دۆستی عاقڵیش بەکەڵکترە" . خۆشبەختانە، جاش و عەقڵ کۆنابنەوە .

٥- لڤین : لە لاپەڕە(١٨٢)ی بەرگی دووەمدا نووسیوتە: ( وریا قانیع ٣٥٪ی دیوانی پاشمەرگەی باوکی لاداوە" تەنانەت نووسیویشتە " هێندێکیشی بۆ تەئلیف کردووە". ئەمکارە خیانەتێکی گەورەیە ئەگەر کرابێت، تۆ چۆن دەتوانیت بە سەرکاك وریایدا بسەپێنیت، بەتایبەتی کە کەسی دیکە ئەم قسەیەی بەرپێزتانی نەکردووە، ئایا دەتوانیت ئەم شتانەمان بۆ روون بکەیتەوە کە کاك وریا بە قسەی ئێوە بەناوی باوکییەوە ( قانیع) نووسیویەتی ؟

شێرکۆ : وادیارە ئەو قسەیەی نووسیومە دەبوو روونترم داڕشتایە . من مەبەستم ئەوەبووە کە خانی - وەك لە پێشەکیی کتێبەکەمدا گوتوومە بەگوێرەی قسەی خەڵك - ٣٥ ٪ی کتێبەکەی باوکی ئامادەکردووە( لێ فڕێداوە) . وا وریا قانیعیش نەك هەر شتانێکی لە کتێبی قانیع لاداوە، بگرە لەلای خۆشیەوە شتی تری وێخستووە . ئەگەر سەیری " پاشمەرگە وە گوڵاڵەی مەریوان" ی قانیعی چاپی ١٩٧٠ی وریا قانیع بکەن، بەراوردی شیعری لاپەڕە ٧١ی بە ئەو شیعرە بکەن کە دە لاپەڕە ١٨٠ی کتێبەکەمدا(هەژاری مرۆڤ و...) بڵاوم کردووەتەوە، دەبینن کە وریا شیعرەکەی بە" ئەم بە بەردەس کەریم ئەلەکە" کۆتایی هێناوە، لەکاتێکدا کە من دوو دێڕی وەڵامی خودام بە دووی ئەوەدا نووسیوە . من ئەوەم کاتی خۆی لە چاپی قانیع خۆیدا دیتووەو هەر لەبیرم ماوە . وادەزانم وەڵامە- کەی خودا درێژتریش بوو، بەڵام ئیتر من هەر ئەو دوو دێڕەم لێ لەبیر ماوە . شتێکی کە قانیع خۆی زۆر پێش ١٩٧٠ وێرابێتی بڵاوی بکاتەوە، ئێستا دە چاپی ١٩٧٠دا نەبێت، بۆ من بەڵگەی خیانەت بە ئەمانەتە . ئەوجا، چەندێك لەو شیعرانەی دە چاپی وریادا، وەك " قەڵاچۆی دوژمن- یەك گرن رۆڵەی کرێکار یەكگرن " و " شۆڕشی سەرکەوتوو- چەرچل و بەرلین و... نازانمچی"، هەرکەسێك کەمێك لە نیزیکەوە قانیعی ناسیبێت دەزانێت کە ئەوانە لە هیچ روویەکەوە ناکرێت بەرهەمی قانیع بن . خۆ قانیع لە ژیاندا فریای رژێمی کەریم قاسم کەوت و زۆر بەهاسانی دەیتوانی - هەر نەبوایە - یەکێك لەو شیعرانەی پیشانی دۆستێکی وەکو هەژاری بدایە . هەژار کە ئەوانەی دیت، چاوی پەڕیە تەوقی سەری، ئەوە بۆ ئەو رێك وەکو ئەوە بوو کە کتێبێکی باسی ئاتۆمیان پیشان بدایە و پێیان بگوتایە ئەمە قانیع نووسیویەتی . قانیع و پێهەڵگوتنی ستالین ؟ ئەوە هەر نوکتەیەکی بێتام و قسەی قۆڕە .

٦- لڤین : باس لەوە دەکەیت کە هەژار کتێبی (شەرەفنامە) ی بەتەواوی وەرنەگێڕاوەو نیوەناچڵە، ئایا خۆت بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە جارێکی دیکەو بە شێوەیەکی رێکوپێك و تەواو کە خۆت مەبەستە وەری بگێڕیتەوە بۆ سەر زمانی کوردی ؟

شێرکۆ : من زمانی فارسی باش نازانم . هەوڵم نەداوە بۆ تاقیکردنەوە بزانم لاپەڕەیەکیم چۆن بۆ وەردەگێڕدرێت .

زۆر کورد هەن کە فارسی یەکجار زۆر چاك دەزانن و، ئەرکێکی گرنگی سەرشانی دەستگاکانی هەرێمی باشوورە کە ئەوکارە بەجێبهێنن . وەرگێڕانێکی زۆر وردو حەرفی و بە ئەوپەڕیئەمانەتی شەرەفنامە لە ئەسڵە فارسیەکەیەوە ( نەك وەرگێڕدراوی عارەبیی) بۆ سەر زمانی کوردی پێویستە . بەڕاستی عەیبە کە تا ئێستا ئەو کارە نەکراوە .

٧- لڤین : لەم کتێبەی تۆدا چەندین نـووسەرو شاعیرو تێکۆشەری کورد کەسایەتییان شکێنراوەو زۆربەیان بە مندالبازو نێربازو بێنرخ باس کراون، ئەمە مەبەستت چیە ؟

شێرکۆ : من لێرەدا هەمان وەڵامی کە بۆ هـەمان پرسیاری ژمارە ٥٥ی" کۆوار"م داوەتەوە دەڵێمـەوە( کۆوار، گۆڤاری مانگانەی " زاری کرمانجی"ی کە لە سۆران دەردەچێت) : " مرۆڤ حەیوانێکی یـەك لایەن نیـە، چەندین لایەنی هەیە . گەورەترین قارەمانانی مێژوو، تەنانەت خودایان لە فەرهەنگی یۆناندا دەبینین کە زۆر لایەنی نـا- پەسندیشیان هەن". خۆ ئەگەر- بەڤوونە- رۆژبەیانی و حەسەنی، هەزار شەڕەجنێو بکەن یان بە زمانی لە پەڕیگوڵ ناسکتر لەگەڵ یەکتردا بدوێن، بەرهەمەکانیان هەروەکو خۆیان دەمێننەوەو، خەڵك کاریان بە بـەرهەمەکانیان هەیە نـەك بە زمانی قسـەی نێوانیان . من ئەم دووکەسەش هـەر بەڤوونە دەهێنمەوە، بەوهیوایە کە خزمەت بە بەرینتر- کردنی ئاسۆی خوێنەری سادە بکات .

٨- لڤین : هەست دەکرێت لە کتێبەکەتدا بە شێوەیەکی زیرەکانە کار لەسەر شـکاندنی کەسایەتی قازی موحەممەد و بەرزکردنەوەی کەسایەتی مستەفا بـارزانی دەکرێت، ئەمکارە لەدەستت دەرچووە، یان بە مـەبەستەوە ئەنجامت داوە، یاخود هەر شتێکی دیکە کە دەتەوێت لێرەدا بیڵێیت .

شێرکۆ : نەخێر، ئەوهەستـە لەجێی خۆیدا نیە . هیچ دوو مرۆڤێك لەسەر رووی زەوی وەکو یەك نەبوون و نین و، بەراوردی دوو مرۆڤی جیاوازیش یەکجار زۆر زەحمەتە . هەر مرۆڤە کەسایەتییتایبەتی خۆی هەیە . هەر وەك هەژار لە چێشتی مجێوردا روونیدەکاتەوە، ژێکاف پێویستی بە کەسایەتیی قازیمحەممەد هەبوو، چونکە رابەری ژێکاف ( فروهێر) لە رەشـوڕووتانی گەل بوو و، ئەو کۆمەڵگایەی کورد ئەوسـا رەشوڕووتێکی بە پێشەوا قەبووڵ نـەبوو، ئەینا فروهێر خۆی دەبوو بە پێشەوا . قازی محەممەد نەك هەر بناغەدانەری هیچ رێکخراوێك و بزووتنەوەیەك نەبوو، تەنانەت لەسەرەتادا ئەندامێکیشی نـەبوو . ژێکاف لە ناچاریدا بەلای خۆیدا هێنا و کردی بە پێشەوا . چاکیشی کرد . حـەقەن کەسێکی لەو چینەی قازی محەممەد لە کوردستان بۆ سەرکۆماری لە قازی محەممەد بەجێتر نـەبووەو، ئـەگەر ئـەو نـەبوایە، زۆر وێدەچێت کە قەت سـەرکۆمارێك پێکنـەهاتایە . سەرۆك مستەفا بارزانی و براکانی لە سـنفێکی تـری کـۆمەڵگای کـورد بوون، خاوەنی زەویوزار نـەبوون . هـەمیشە تفەنگ لە شان و شـەڕکەر بوون .

عەشیرەتی بارزان تەنانەت لە ئاینیشدا نەزمێکی تایبەتی خۆی لە تەریقەتی نەقشبەندی پەرەپێداوە کە خزمەت بە باری سەربازی و نەهێشتنی کێشەی چینایەتی بکات . جۆرە " سپارتا"یەکی سەدەی ١٩و ٢٠ی خۆی پێکهێناوە . ئەگەر دەستوتفەنگی سەرۆك بارزانی نەبوایە، - بەبیری من - دۆخی کوردایەتی ئێستا لە هەرێمی باشووری کوردستان لەوەی هەرێمەکانی تری کوردستان باشتر نەدەبوو، ئەم باشتربوونەی ئێستا - پێش هەر شتێکی تر - بەرهەمی شەخسی سەرۆك مستەفا بارزانییە .

سەرۆك بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد لە دوو سنفی زۆر جیاواز بوون، بەڵام یەك شت کۆی دەکردنەوە : ژیانی خۆ پێشکەش کردن بە کوردو کوردستان .

٩- لڤین : ئەگەر هەژار هێندە کارەکتەرێکی خراپە کە باسی دەکەیت بۆچی ناوی خۆت نووسیوە شێرکۆ هەژار ؟ بۆ نازناوێکی دیکەت بۆخۆت هەڵنەبژاردووە ؟

شێرکۆ : هەژار، وەکو ئەم هەمووە باوکانەی دنیا ، کارەکتەرێکی زۆر خراپ و زۆر چاکیش بوو . مرۆڤ بوو . چاکی و خراپیی مرۆڤی بە خەستی تێدا کۆببوونەوە . باوکی خۆم بوو . بۆچی ناوی خۆم بگۆڕم ؟ ئەگەر من کوڕی ئەو نەبوومایە، کێ دەڵێت دەبوومە ئەم کوردە نەتەوەییە، کێ دەڵێت دەبوومە نووسەر ، کێ دەڵێت ژیانی من هیچ مانایەکی دەبوو؟ مەگەر من بە هەوڵی تەواوکردنی ناتەواوییەکانی ئەو و، راستکردنەوەی چەوتییەکانی و کاردانەوەی کارەکانی، ئاڵقەیەکی تر لە درێژەپێدانی زنجیرەی ژیانی ئەو کەسایەتییە نیم ؟ زۆر بەداخەوە کە منیش ئەولادم نین ئەم پەیامە درێژەپێبدەن و ناتەواوییەکانی من تەواوبکەن . ئەمە قانوونی ژیان و تەبیعەتە، کە " سپینۆزا"ی فەیلەسووف ناوی ناوە " نەزمی خودا" و، زۆر بە داخەوە کە جووەکانی هاوئایینی پتر لە سێسەد ساڵی کاتیان بۆ تێگەیشتنی پێویست بوو .

١٠- لڤین : عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ - کەناڵ کورد- ٢٠١٠/٨/٢٧ باسی لەوە کرد کە مامۆستا هەژار گوتوویەتی من خۆم بە کوردی کوردستانی رۆژهەڵات نازانم... پێتوایە ئەم قسەیە تاچەند راستە ؟ ئەگەر راستە چۆن و بۆچی ؟ لەکاتێکدا تۆ لە کتێبەکەتدا دەڵێت : من لە هەژارناسیدا یەکەم پسپۆڕی جیهانم ...!!!

شێرکۆ : دەقی قسەی هەژار بەم جۆرە بوو : " ئەمن نامەوێ تێکەڵ بە کاری سیاسیی کوردی ئێران ببم" . ئەینا ئەوەندەی ئەو نێوانی لەگەڵ خەڵکی موکریاندا هەبووە، بە هیچ جۆرێك ١٪ی ئەوەشی لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا نەبووە . دۆست و ئاشناو رۆشنایانی هەژار لە بەغدا زۆرتر هەر موکریانی بوون . تا کوردێکی هەرێمێکی تری کوردستان میوانی هەژار بووە، بیست کوردی هەرێمی رۆژهەڵات لە ماڵی بوون، کە یەکێك لەوانە حەسەنزادە

خۆی بووە . هەژار، سەرۆك مستەفا بارزانیی پێ پادشای هەموو هەرێمێکی کوردستان، هەموو بستێکی خاکی کوردستان و هەمووکوردێکی سەر رووی ئەستێرەی زەوی بوو . ئیتر ئەوەندەی کە دڵیەهژار لەپێوەندیی سیاسیدا ویستبێتی،هەر ئەو پێوەندیە بووە بە سەرۆك مستەفا بارزانییەوەو،ئەوە بۆ ئەو جێی هەموو سیاسەتیگرتووەتەوە .

١١- لڤین : لەو روانگەیەوە کە " مێژوو ئەوەیە کە رویداوە، نەك ئەوەی کە ئێمە ئاواتەخوازین وابوایە" هەندێك لەو کەسانەی کە سەرگەرمی نـوسینەوەی یاداشتی خۆیان یان لاپەڕەکانی مێژوی هـاوچەرخی کوردن نـایانەوێت هـەموو شـتەکان وەك خۆیان بنوسـنەوە، بەڵام تـۆ بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەوە کاردەکەیت و تـەنانەت خاتری نزیکترین کەسی خۆتت نەگرتووە... تۆ سەبارەت بەو کەسانە دەڵێی چی ؟

شێرکۆ : ئەوکـەسانە، زۆرتر وایە کەسانێکی سـادەن و، بە مەبەستی چاك - بەبیری من - کاری خراپ دەکەن . پێیان وایە کە بەوجۆرە گیانی نـەتەوە بە دروستکردنی ئیدیال دەوڵەمەند دەکەن و، نابێت وردەکاریەکانی ژیانی ناوداران بخرێنە ژێر میکرۆسکۆپەوە . ئەو بۆچوونە، لە روانگەی رۆشنبیرییەوە کارەساتێکیگەورەیە . کۆڵەکەی خانوو نـابێت بە وەهم دروست بکرێت . ئەو بۆچوونەیان وادەبێت لە قۆناغێك و لە چوارچێوەیەکدا دەسـتکەوتی کاتی و نیزیکی دەبێت، نەتەوە هەنگاوێك دەباتە پێشەوە، بەڵام لە مەودای دووردا رەوشتێکی شێواو دە نەتەوەدا دەچێنێت و، هەمیشە لە دەرەوەی جەغزی بزووتنەوەی عەقڵیی مێژوو، لە دەرەوەی ژیاریدا قەتیسی دەهێڵێتەوە . وەهم و ئەفسانەو جادوو لەسەر رووی زەوی، کارەساتی گەورەیان بەسەر مرۆڤ هێناوە . ئێمە وەهمەمان زێدە هەیەو، عەقڵیش کـەم، کەواتە وا باشترە هەوڵ بدەین لە سامانی وەهم کەم بکەینەوەو عەودالی وەدەستهێنانی عەقڵی پتر بین . دیارە کەسانێکی تریش هـەن کە مەبەستی تریان لەوکارە هەیە، بۆ دەسەڵات و جۆرەها بەرژەوەندی خۆیان وەهادەکەن، کە ئەمەیان جگە لە خیانەتی بە ئانقەست بە بەرژەوەندی نەتەوە، شتێکی تری پێ ناگوترێت .

بەشی سێیەم :

لڤین : ببورە کاتێك داڕشتنەوەی پرسیارو جوابەکانم کرد*، هەستمکرد نوقسانیەکمان ماوە و دەبێت ئیشارەتی

---

* تەبیعی ئەم وشەی " داڕشـتنەوە"یە ئێستا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشێت کە پێمبڵێت : " ئەی ئەمە هیچی لەو قەسابکارییە بەبیردا نەهێنایت ؟ "

من دەڵێم :" نا بە هیچ - هیچ جۆرێك نا . مەگەر نووسەرێك لە دنیادا هەیە ئەوە قەبووڵ بکات کە رۆژنامەنووس ←

بدەینی..'' ئەویش بەڕێزتان لە کۆتایی کتێبی دووەمدا ئیشارەتتان داوەتێ... سەبارەت بە ڕۆڵی مامۆستا هەژارو هاوریکانی لە خۆشکردنی شەڕی ناوخۆو کوشتنی کوردی بەرامبەر و بەهەدەردانی خوێنی یەکتر... تۆ لەوبارەیەوە دەتەوێت بڵێی چی ؟ بەتایبەتی کە مامۆستا هەژار شایەتی زۆری بەسەرەوەیە کە لە بۆ کوردستان دا شیعرەکانی دێنە وەڵام و چۆن هێرش دەکاتە سەر لایەنێك و چۆن بە کوشتنیان خەنی دەبێت ...

شێرکۆ : هەژار، هەر وەکو خۆی دە ''چێشتی مجێور''دا باس دەکات، ساڵی ١٩٦٤، کاتێك شەڕی چەکداری نێوان سەرۆك بارزانی و دەستەی مەکتەبی سیاسی دەستی پێکرد، گەڕایەوە بەغدا و، نەیدەویست ئیتر بچێتەوە چیا، تا مەترسیی گیرانی لە بەغدا ناچاری کرد ساڵێك دوای ئەوە دیسان بچێتەوە لای بارزانی. هەژار لەوێدا زۆر بە روونی دەڵێت کە من و زەبیحی نێوانی خۆمان تێکنەدا، تەنانەت بۆ ئەو چوونەوەیەشی بۆ لای بارزانی، زەبیحی پێی‌دەڵێت من دەتوانم لە ڕێگای ئێرانەوە بتنێرمەوە، کە ئەوسا مەکتەبی سیاسی لە ئێران و دژی بارزانی بوو. پاراستنی ئەو نێوانەی هەژارو زەبیحی تا کۆتایی ژیانیان درێژەی هەبوو، لەکاتێکیشدا کە هەریەکەیان دەستەی لایەنی خۆی بۆ شەڕی دژی لایەنەکەی تر هان داوە. ئەمانە - بە زاراوەی ئەوروپایی - فاکتن، حەقیقەتا-نێکن کە بە روونی و بێ پەردە دە چێشتی مجێوردا باس کراون. بۆچی ئەوانە ئێمەمانانیان هان دەدا کە یەکتر بکوژین و خۆشیان نێوانی‌خۆیان تێکنەدەدا ؟ ئەوە بەشێك بوو لە تێکڕای فەرهەنگی‌سیاسیی ئەو قۆناغە. ئەوەی بارزانی و تاڵەبانیش دەیانکرد، لە جەوهەردا هەر هەمان شت بوو. ئەگەر بارزانی بیویستایە، کۆتایی پێهێنانی تاڵەبانی بۆ ئەو لە ئاوخواردنەوەش هاسانتر بوو، بەڵام ڕابەرایەتیی هەردوولا ئەو شەڕەی نێوانیان بە قازانجی خۆیان دەدیت و ئەوسا نەیاندەویست بوەستێت. من کە ئەمە دەڵێم، قسەکەم هەر مەزەندەو تیۆری نیە، من زۆر بە وردی ئاگادارم و، ئاگادارییم پێوەندیی بە چالاکیی ڕێکخراوەیی خودی خۆمەوە هەیە، بێ هیچ ئەملاو ئەولا

---

← نووسینەکەی بۆ دابڕێژێتەوە ؟ من ئەو داڕشتنەوەیەم بە کارێکی ڕۆتینیی ڕۆژنامەگەری وەرگرت، کە سێ بەش پرسیار بەجیا و سێ بەش وەڵام بەشێوەیەك تێکهەڵبکێشرێن کە هەر وەڵامە بە دووی پرسیارییەوە بێت و، زنجیرەی بەدووی یەکترداهاتنیان بەگوێرەی مەبەستی ناوەڕۆکیان بەشێوەیەکی پێوەندیداری وەها دابڕێژرێت کە ئەوەندەی بکرێت لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆ بکات، نەك ئەوە کە تاقە یەك دانە ڕستە یا وشە یا پیتی لێ بگۆڕن. من چ ئاگام لە نیازی ئەو ڕەفتارەی هەیە ؟ لڤین بەم شێوەیە - بەداخەوە- خۆی دەخاتە سنفی ڕۆژنامەگەریی لەبابەتی ''میللیەت''ی تورکی و هێندێك چاپەمەنیی تابلۆیدی ناجیددیی لەو ئاستەوە .

ئەم قسەیەم ئیسپات دەکات* .

دەسەڵات، بەگشتی، بۆ شەرعیەتی خۆی، دوژمنی پێویستە، دوژمنی دەرەکی یا ناوخۆ، راستەقینە یا وەهمی . ئەوەش بەگوێرەی کۆمەڵگاو پەرەسەندنی فەرهەنگی و کەواتە چینایەتی جیاواز دەبێت . سەرۆك مستەفا بارزانی، لە ئەزموونی مەدرەسەی لەمێژینەی کێشەی عەشیرەتان و میران و شێخاندا، کە تێدا زۆر بلیمەت بوو، وای دە- دیت کە هەبوونی دوژمنێکی وەك تاڵەبانی بۆ دەسەڵاتی میر زۆر پێویست بوو، ئەگەر نەشبووایە دەبوو دروستی بکات و، دوژمنی لە تاڵەبانیشی بەکەڵکتر وەدەست نەدەکەوت . رۆژگار دەریخست کە ئەو هەڵسەنگاندنەی سەرۆك مستەفا بارزانی چەندە بلیمەتانە بوو و، چۆن تاڵەبانی پێشی دروست بوونی حیزبی چینی ناوەندیی گرت و دەسەڵاتی ماڵی بارزانیی لە کێشەی دروست بوونی رەقیبێکی جیددی پاراست و، لە دواییشدا بووە عونسورێکی سەقامگیریی دەسەڵاتی ئەولادی ئەو ماڵە . گەمەی وەها دە بزووتنەوەی حیزبێکی چینی ناوەندیدا، دیموکرات یان سۆسیالیست یان فاشیست لەتوانادا نەدەبوو، ئەم شێوەیەی پێداویستی دوژمنی ناوخۆی کە لە نێوان دوامیری مەزنی کوردو تاڵەبانیدا هەبوو، نەزمێکی لەمێژینەی کوردی پێش پەیدابوونی ئەو جۆرە حیزبا- نەیە . ئەو دوو لایەنە توانیان بە شەڕی نێوانیان مەیدانی سیاسەت لە هەرێمی باشوور بۆخۆیان ئیحتیکاربکەن و رێگای سەربەرزکردنەوە لە هەر هێزێکی سێیەم ببڕن . " فان بروونەسن"ی هۆڵەندی لە دکتۆرنامەکەیدا ( ئاغا و شێخ و دەوڵەت) کە من کردوومەتە کوردی و چاپم کردووە، ئەو میکانیزمەی دەسەڵاتی لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورددا زۆر چاك شیکردووەتەوە . هیوادارم خوێندکارانی کۆلیجی زانستی سیاسەتی زانکۆیەکانی کوردستان ئەو کتێبە حەتمەن بە وردی بخوێننەوە، بۆ ئەوە رەنگە وەرگێرانەکەی من لە ئەسڵەکەش باشتر بێت و، دەتوانن بە هاسانی لە ئینتەرنێت وەدەستی بهێنن**.

ئەوە، کە لە نێوان خودی بارزانی و تاڵەبانیدا هەبوو، هەلی دەدا بە کەسانێکی تری وەکوهەژارو زەبیحیش کە ئەو

---

* هەر رۆژنامەنووسێك شتی وەها ببینێت، چاوەڕوانیی لێ دەکرێت داوای روون کردنەوەی ئەو قسەیە بکات کوا من چ ئیسپاتێکم لێرەدا بۆ مێژوو هەیە ؟ کەچی لڤین نەیپرسی .

** دواتر بە ئیمێڵێك داوام لە لڤین کرد ئەو وشەیەی "وەدەستی بهێنن " بکرێت بە " بیخوێننەوە"، نەوەکا خوێنەر وابزانێت مەبەست لە فرۆشتنی کتێبەکەیە .

گەمەیە بکەن، خۆیان دۆستایەتیی خۆیان بپارێزن و کاری مەسلەکیشیان هەڵسووڕێنن،کە بریتی بوو لە خۆبردنە پێشەوە لای سەرۆکی خۆ و جنێودان بە لایەنەکەی تر و هاندانی کوشتنی پیاوەکانی .

# چەند وشەیەك دەربارەی چەند ئیمێلێك

ـ لە چەندین ئیمێلی کە لەم چەند مانگەی دواییدا پێمگەیشتن، یەکێکیان نەبێت کە لە نووسینەکەم تووڕە بوو، ئەوانی تر هەموویان کتێبی "هەژاری مرۆڤ و ..."ـەکەیان پێ باش بوو . ئەو یەکەش، هی کەسێك بە ناوی "سەلاح از پیرانشهر" بوو، کە هەرچەندە دیارە یەکجار زۆر هۆگری هەژاریشە بەڵام هەر لە سنووری ئەدەب دەرنەچووبوو و من بۆ ئەوە سوپاسی دەکەم، دەڵێت کە ئەو وێنەیەی هەژارو هێمنی بەرگی دووەمی ئەم کتێبە، ئەوگرتوویەتی . هەمان وێنەو چەند وێنەیەکی تری هەژارو هێمن و کەسێکی تریشیانی وێڕا بۆ ناردووم، دەڵێت ئەو کەسەی تریان من خۆمم و، دەڵێت کە " دەسخەت و نامەی مامۆستا هەژار"م لا هەن . تاریخ و شوێنی گیرانی وێنەکە و ناوەرۆکی دەسخەت و نامەکان باس ناکات .

ـ خوێنەرێك باسێکی ئەوە دەکات کە مەسعوود محەمەد ، بە قسەی محەممەدی کوڕی، لە " گەڕانەوەی هەژار بۆ منداڵبازاڕی و مارکسیەت" ناشاد بووبێت . من پێشتر ئەوەم نەبیستبوو، بەڵام عەقڵ دەیگرێت وایگوتبێت . لە کاتی کێشەی سەردەمێکی نێوان مسعوود محەممەدو رابەرایەتیی پارتیدا، لەسەر باسی مارکسی بوونی کە پارتی لافی لێدەدا، مسعوود محەمەد لە رۆژنامەیەکی ناسیۆنالیستانی عارەبی زۆر دوژمنی کورددا ( الحریە) لە بەغدا، زنجیرە گوتارێکی دژی مارکسیبوونی پارتی بڵاوکردەوە، هەژار دەیگوت " نووسینەکانی بەهێزن بەڵام لە جێیەکی خراپیدا بڵاوکردوونەوە، ریحانەی دە ئاودەستدا چاندووە!".

ـ خوێنەرێك باسی ئەوە دەکات کە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆڕێکدا لە هەولێر باسی کتێبی " چێشتی مجێور" ی هەژار کراوەو، مەسعوود بارزانی و فەرەنسۆ حەریری و مەهدی خۆشناو لەو کۆڕەدا گوتوویانە کە ئەو کتێبە پڕە لە چەواشەکاری و ناڕاستی . ئەوجا دەڵێت کە هێمن شیعرێکی لە وەڵامی " بۆ پێشەوە پێشمانکەوە بارزانی"ی هەژاردا گوتووە، تێدا گوتوویە :

" لە کوردستان ئەومان هەبوو بەس نەبوو
کەس بە قەدەر بارزانی ناکەس نەبوو
من و تۆ شاعیر بووین بەڵام نەتزانی "

و داوای تەواوی شیعرەکەی لێکردووم . من ئاگام لەوە نیە هێمن شیعری وەهای گوتبێت و، ئاستی هونەریی ئەو

بەشە شیعرەشم پێ لەوەی هێمن کەمترە، مەگەر ئەویش هەر بەرهەمی " ئەحمەدی قازی"یەکی تری ساختەچی بێت. بـەڵام بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی ئەو کەسە زۆر لەو قسەیەی خۆی دڵنیایە، دەشکرێت لەوەدا تەنیا نەبێت، تکادەکەم ئـەگەرکەسێك ئـاگادارییەکی لەو رووەوە هەیە ئـاگادارم بکاتەوە تا منیش بۆ خاوەنی ئەو داوایەی بنێرم. ئـەو خوێنەرە لە ئیمێڵێکی ٢٠١٠/٦/١یدا دەڵێت کە ئەوەندەی ئاگادارە کتێبەکە(هەژاری مرۆڤ و...) لە" کوردستانی رۆژهەڵات بە شێوەی کتێب هەیەو دەفرۆشرێ".

هەرچی کتێبی چاپی منە، من خۆم تایپی دەکەم و، بە ژمارەیەکی زۆرکەم بەچاپی دەدەم( ژمارەی پترم بۆ هەڵناسووڕێ) و، ئەوانە بە سەر چەند کتێبخانە و کەسانێکدا دەبەشمەوە. کەواتە:

هیچ کتێبێکی چاپی من لای منەوە بۆ فرۆشتن نیە، بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بیەوێ بۆخۆی چاپ بکاتەوەو بفرۆشێ، دیارە ئەو نرخی چاپکردنەوەی خۆی بۆخۆی لە سەر دادەنێ، ئەوە مافی رەوای خۆیەتی و هیچ کارێکی بە من نەداوە، بەڵام دیارە دەبێ لێرەدا لە جیاتی هەر" نرخ" لە سەری بنووسێ " نرخی چاپ کردنەوە".

شێرکۆ هەژار

sherko2004@chello.nl

*Hejarî Mirov*
*u*
*Dewruberî*

# *Ya Karesatî Komîdyayyek*

*Nûsînî : Şêrko Hejar*

*Bergî Sêyem*

*2011*